# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٩١)- (٢٧)ی تشرینی دووەم ٢٠٢٣



ئایا ئێمە دەوڵەتێکی فیدراڵین،
یان بەغدا حکومەتێکی سەنتراڵییە؟

ڕۆژنامەگەری لە کوردستان زۆر چالاك و کاریگەرە، بە دڵنیاییەوە ڕۆژنامەنووسان مافی ئازادیی ڕادەربڕینیان هەیە، ڕەخنە بگرن. من ئومێدەوارم بەشی هەرە زۆری ڕەخنەکانیان بۆ بونیادنانی کوردستان بێت

گەنجان دەبنە بزوێنەری ڕیفۆرم و وەرچەرخان لە کوردستاندا

## مەسرور بارزانی لە MEPS23:

# دەرهێنان و بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت مافی کوردستانە و دەستبەرداری ئەم مافە دەستوورییەی خۆمان نابین




# هەڵسەنگاندنی بڕیاری ١٥٤٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی

## ٩٢

بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕۆژی ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٤، کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بەڕێوە چوو. لە کۆبوونەوەکەدا بەوردی گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش کرا و لە کۆتاییدا چەندان سەرنج و ڕا لەسەر بڕیارەکە ئامادە کران. هەروەها بە مەبەستی یەکخستنی هەڵوێستەکان، دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی مەکتەبی سیاسیی پارتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بەڕێوە چوو. دوای گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکی بڕیارەکە، یەکێتی هیچ تێبینی و سەرنجیان لەسەر ئەو ڕا و بۆچوونانە نەبوو کە نووسیبوومان. هەر پەیوەست بەم باسەوە بڕیار درا، ڕۆژی ١١ی ٦ی ٢٠٠٤ کۆبوونەوەی پەرلەمان و حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکرێت. لە کۆبوونەوەکەدا بەیاننامەیەک بە ناوی گەلی کوردستان بڵاو کرایەوە، دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆی دەرکەوت کە گەلی کورد لە پاشەکشەکردنەوەی ئەو بەڵێنانەی بە گەلی کورد درابوو، دڵگران و نیگەرانن.

دکتۆر ڕۆژ لە بەغدا گەڕایەوە، بەر لە گەڕانەوەی چاوی بە بریمەر کەوتبوو و لە ڕێگەی دکتۆر ڕۆژەوە ئەم پەیامەی ناردبوو:

(لەسەر پەیامی بارزانی پەیوەندیم بە سەرۆک بووشەوە کورد و لە وتارەکەیدا باس لە فیدراڵی و یاسای بەڕێوەبردنی وڵات کراوە و ئەمەریکا پابەندە بەو بەڵێنانەی بە کورد دراون و، ئەمەریکا کورد بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێت و لەناو کوردیشدا ئێمە مەسعود بارزانی بە هاوپەیمانی پلە یەکمان دەزانین. داوا دەکەم بەر لە گەڕانەوەم بۆ ئەمەریکا خواحافیزیتان لێ بکەم).

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی (وتەکانی سینۆهەی پزیشکی تایبەتی فیرعەون) لە ئامادەکردن و کۆکردنەوەی (سالّح غەفوور مەلازادە) بە (١٠٦) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە. کتێبی سینۆهە لە نووسینی (میکاڤالتاری)ی پزیشکی تایبەتیی فیرعەون، بە باشترین و خوازترین کتێبی جیهان ئەژمار دەکرێت، ئەم کتێبە بۆ چەندین زمانی جۆراوجۆری جیهان وەرگێڕدراوە.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، بۆ یەکەمین جار بەڕێز (سەیدا شێخ زرار) کاری لەسەر کردووە و وەریگێڕاوە بۆسەر زمانی شیرینی کوردی، چەندین جار بە تیراژێکی زۆر لە چاپ دراوە، پاشانیش بەڕێزان (جەبار عەبدولکەریم تەنیا و زاهیر محەمەد ئەحمەد) ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە. لە بەشێکی دیکەدا نووسراوە کە هەر لەو کاتەی مرۆڤ درکی بە پێداویستییەکانی ژیان کردووە، نووسین لای بۆتە خەسڵەت و هۆکارێکی دروست و پێویست بۆ کار و ڕەفتاری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، پەیوەندی و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان.

ئەم کتێبە وتەی پەند و ئامۆژگاری لەخۆ دەگرێت کە بایەخی زۆری پێدراوە، چونکە بە بایەخی هەرە گرنگی پێویستیی ژیانیان زانیوە، هەر وتەیەك هەر وا نەگوتراوە، بەڵکو پاش چەندین ئەزموون و تاقیکردنەوە گوتراوە، ئەم کتێبەی نووسەر (سالّح غەفوور مەلازادە) هەوڵێکی دیار و بەرچاوە، چونکە سوودی لە خوێندنەوەی کتێبەکە وەرگرتووە لە وەرگێڕانی (سەیدا شێخ زار) کە وتەکانی سینۆهە بنووسێتەوە، لە کۆتاییدا نووسەر ئاماژە بە خاڵێك دەکات ئەویش کارکردنی چەند کەسێکە لەسەر ئەم بەرهەمە، واتا کارێك کە کەسانی جیاواز بیکەن تاموچێژێکی جیا لەوی دیکەی دەبێت، ئەو کە ئەم وتانەی نووسیوەتەوە پێی وایە ئەگەر لە هەندێ وتە تێك بکەنەوە کارێکی دووبارەش بێت بەڵام زێدە نییە، چونکە وەرگێڕەکان هەر یەکەیان خەڵکی ناوچەیەکی لێك دوورو جودان، زاراوەشیان تا ڕادەیەك لێك جیاوازە، دەستخۆشی لە نووسەری کتێبی (وتەکانی سینۆهەی پزیشکی تایبەتی فیرعەون) سالّح غەفوور مەلازادە دەکەین ، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**سالّح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی سالّح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار رەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

کەمال محەمەد سالّح :




## گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان گرێبەستی دەستووری و یاساین، چونکە کوردستان هەرێمێکی دەستوورییە و یاسای نەوت و غازی خۆی هەیە

دکتۆر یوسف ئەحمەد سەعید چۆمانی :



## ئیخوان موسلمین و حزبە ئیسلامییەکان باوەڕیان بە نەتەوە نییە، بەڵکو ئەوەی بەیعەتی دا، ئەو دەبێتە برا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات

پرۆفیسۆر جەیمس لیبوڤیچ :



## هێشتا سزا سەپێندراوەکانی سەر ڕووسیا دەرئەنجامی خوازراویان لێ نەکەوتووەتەوە

پرۆفیسۆر فوئاد ئیزەدی:



## عێراق و ئێران خواستی بەردەوامیدان بە پەیوەندییە باشەکانیان هەیە



## ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە کەمکردنەوەی توندوتیژیی خێزانی بەرز دەنرخێندرێت




بەفرین حەسەن :

## لە چێشتخانەکەمدا دەرفەتی کارم بۆ سێ خانمی دیکە ڕەخساندووە

## ئایرفۆنێک تایبەت بە شۆفێران



## ئایا گرێی چەوری مەترسیی هەیە؟





بەهێز ئیسماعیل :

## بۆ یانەی هەولێر یاریم کرد و بووم بە پاڵەوانی عێراقیش تەنانەت دەستخۆشییەکان لێ نەکردم

نارین فەقە :

## خەم و ئازار هۆکاری ئەفراندنن بۆ هونەرمەند





# MEPS23

# کوردستان فاکتەرێکە بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

کۆڕبەندی «ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا» کە ساڵانە زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان میوانداریی دەکات و لە شاری دهۆك بەڕێوە دەچێت، لەو کاتەوەی ئەم کۆڕبەندە لە ساڵی ٢٠١٩ دامەزراوە، پلاتفۆرمێکی گرنگ بووە بۆ دەستپێشخەریی فەرمی و نافەرمی، مشتومڕی فیکری و شرۆڤەی سیاسی لەپێناوی ئەوەی چارەسەر بۆ ئاستەنگە «سیاسی، ئابووری و سۆسیۆ — ئابووری»یەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدۆزێتەوە.

بۆ ئەم لووتکەیە کە ساڵانە گرێ دەدرێت، زانکۆی ئەمریکی هەوڵی داوە، بڕیاردەرانی باڵا لە «هەولێر، بەغدا، تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپا، ئەمریکا و چین» پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆ کۆڕبەندی ئەمساڵیش زیاتر لە ٣٠٠ کەسایەتیی دیاری لە ٨٠ دەوڵەتەوە بانگهێشت کردبوو.

کۆڕبەندی «ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- MEPS» لە زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان، هاوبەشە لەگەڵ چەندین ناوەندی فیکر و لێکۆڵینەوەی جیهانی، لەوانە «سەنتەری ئاشتی لە ئەمریکا USIP، زانکۆی ئۆکسفۆرد، کارنجی کۆرپەرەیشن، گرووپی وەڵامدانەوەی قەیرانەکان، ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست MEI لە ئەمریکا».

ئامانجی ئەم کۆڕبەندە ئەوەیە کە بیروبۆچوونەکان لە یەکتری نزیك بکاتەوە و لێکتێگەیشتنێك دروست بکات، بۆ ئەوەی زەمینەیەك دروست بێت، کە بیرۆکە و دەستپێشخەرییەکان ببنە هاوکار و یارمەتیدەر بۆ گەیشتن بە ئاشتی و سەقامگیریی هەمیشەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

دوای پێنج ساڵ لە دامەزراندنی ئەم کۆڕبەندە گرنگە، دەبینین لە ئێستادا شەڕێکی کاولکەر لە نێوان ئیسرائیل و حەماس بەڕێوە دەچێت و، تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خستووەتە بەردەم ئایندەیەکی نادیار و مەزندەکان بەو ئاراستەیەن، ئەگەر جیهان بە پەلە بیر لە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەم کێشانەی ڕۆژهەڵاتی



ناوەڕاست نەکاتەوە، ئەوا جیا لەوەی مەترسیی ئەوە هەیە، پڕیشکی ئەم شەڕە شوێنی دیکەش بگرێتەوە، لە هەمان کاتدا لەوانەیە ئەم ناوچەیە لەبری ئەوەی بەرەو ئاشتی و سەقامگیرییەکی هەمیشەیی هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا بەرەو شەڕ و کێشەی هەمیشەیی هەنگاو هەڵدەگرێت.

لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئەم کۆڕبەندەدا، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە وتاری کردنەوەی کۆڕبەندەکە زۆر بە خێرایی ئاماژەی بە کاولکارییەکانی ئەم شەڕە کرد و هەروەها ئامادەبووانیشی لە مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا ئاگادار کردەوە، لە یەکەم وتاریشدا کە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرا، جیا لەوەی هەڵوەستەی جددی لەسەر ئەم شەڕە مەترسیدارەی نێوان ئیسرائیل و حەماس کرد، لە هەمان کاتدا لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەڵوەستەی کرد.

لە کۆڕبەندی «MEPS23» کە دوو ڕۆژی خایاند، ئەم دیدار و پەنێڵانە پێشکەش کران:

- وتار و دیمانە لەگەڵ بۆریس جۆنسن سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا.

- ڕاستەرێکردنی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و ئایندەی عێراق.

- ئایا چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو تەنگژەیەکی هەمیشەییە؟

- جوگرافیای سیاسیی وزە و گۆڕانی کەشوهەوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

- بەڕێوەبردنی تەنگژە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە نێو ململانێی هێزە گەورەکاندا.

- حوکمڕانیی بەردەوام و بووژانەوەی ئابووری لە کوردستاندا.

- ئایندەی سیستمی نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ڕۆژئاوا سەرکردایەتی دەکات.

- گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان.

- بونیادنانی ئاشتی و خاوکردنەوەی تەنگژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ڕۆڵی گرووپە چەکدارەکان.



### نێچیرڤان بارزانی

**لە کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:**

# کلیلی سەقامگیریی عێراق چارەسەکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستانە

لە ڕۆژانی ٢٠و٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان، لە شاری دهۆك بەڕێوە چوو. لە ڕێورەسمی کردنەوەی ئەم کۆڕبەندە گرنگەدا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد، کە چەندین تەوەری گرنگی سەبارەت بەو شەڕەی ئێستا لە نێوان ئیسرائیل و حەماس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەچێت، خستە ڕوو، هەروەها تیشکی خستە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و چەندین تەوەری گرنگی دیکە کە لێرەدا پۆختەی وتارەکەی دەخەینە ڕوو.

**● شەڕ بێجگە لە کاولکاری هیچ ئاکامێکی دیکەی نابێت**

زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان ماوەی پێنج ساڵە کۆڕبەندی «ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»ی دامەزراندووە و ساڵانە کۆڕبەندێك لەسەر ئەم پرسە هەستیارە لە شاری دهۆك ئەنجام دەدات، «تەنیا ساڵی ٢٠٢٠ نەبێت، کە بە هۆی پەتای کۆرۆناوە نەیانتوانی ئەنجامی بدەن»، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت، ئەم زانکۆیە بۆیە هەڵوەستەی جددی لەسەر ئەم پرسە گرنگە «ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» کردووە، لەبەر ئەوەی، ئەگەر ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوا ئاشتی و سەقامگیریی جیهانیش دەکەوێتە مەترسییەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم مەترسییەوە وتارەکەی دەست پێ کرد و گوتی: «ئەمساڵ کۆڕبەندەکە هاوکاتە لەگەڵ ئاڵۆزییەکی مەترسیداری دۆخی ناوچەکەدا کە هەڕەشە لە ئارامی و سەقامگیریی ئەم ناوچەیە و جیهانیش دەکات. ئەم دۆخە هەموو جیهانی خستووەتە ئاڵۆزییەکی گەورەوە. ئاسایش و سەقامگیری و ئابووریی جیهان پێکەوە بەستراوە و ڕووداوەکان لە هەر کوێ بن، بە ئاستی خۆیان کاریگەرییان لەسەر دۆخی جیهان هەیە. شەڕی ئیسرائیل و حەماس جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماند، کە ئاسایشی جیهانی، چەمکێکی واتادار و ڕاستەقینەیە.

بەرفراوانبوونی شەڕی ئیسرائیل و حەماس، تێوەگلانی زیاتری هێزەکانی ناوچەکە و جیهان لە کێشەکەدا، دۆخەکە سەختتر و ترسناکتریش دەکات. لێکەوتەکانی لەسەر ناوچەکە و لەسەر جیهانیش بەگشتی، خراپتر و درێژخایەن دەبن.»

لە بەشێکی دیکە وتارەکەیدا، مەترسیەکانی بەردەوامبوونی ئەم شەڕەی ڕاگەیاند و داوای لە تەواوی دەوڵەتانی جیهان کرد، کە هەوڵی جددی بخەنە گەڕ، بۆ ئەوەی ئەم شەڕە ڕابگیرێت و بە چارەسەری ئاشتییانەی دوو دەوڵەت کێشەکە چارەسەر بکەن و لەمبارەیەوە گوتی: «سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە نێوان حەماس و ئیسرائیل، ڕاستییەکی سادەی سەلماند، ئەویش ئەوەیە، کێشەکان بە دواخستن و کپکردن چارەسەر ناکرێن، بەڵکوو گەورەتر دەبن و ڕۆژێك خراپتر دەتەقێتەوە. هێز و شەڕ و توندوتیژی، هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکات. ڕەنگە لە کات و بارودۆخێکدا بۆ ماوەیەك کپ و بێدەنگیان بکات، بەڵام کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە. ڕێگەی ڕاست ئاشتییە، ئازایەتیی ڕاستەقینەش، چارەسەرکردنی کێشەکانە.

شەڕ جگە لە پەرەسەندنی بیری تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی و وێرانکاری، هیچی دیکەی لێ ناکەوێتەوە، ئەو کاتیش هەمووان دەبێت باجی گەورە بدەن، ڕێك وەك ئەوەی ئێستا لە ناوچەکەدا ڕوودەدات و ئەگەر ڕێگری لێ نەکرێت، خراپتر و گەورەتریش دەبێت.

چارەسەری دوو دەوڵەت وەك لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە، کە مافی بوون و ئاشتی بۆ هەردوولا مسۆگەر بکات، تاقە ڕێگەی نەمانی ئاڵۆزییەکان و کۆتاییهێنانە بە کێشەکان. چەندین دەیە لە شەڕ و پێکدادان تێپەڕین، چەندین دەیەی دیکەش لە خوێن و وێرانکاری هیچ ئەنجامێکی نابێت، نە بۆ فەلەستین و نە بۆ ئیسرائیل. چارەسەر، ئازایەتی و ئیرادەی جددییە بۆ ئاشتی.

ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو جیهان هەوڵ بدات، ئەم شەڕە ڕابگیرێت. کوشتن و تێکدانی ژیانی خەڵکی مەدەنی لە غەززە کۆتایی پێ بهێندرێت، دیل و بارمتە مەدەنییەکان ئازاد بکرێن. دوای ئەوەش چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل جێبەجێ بکرێت لەسەر بنچینەی دوو دەوڵەت. ئەگینا دووبارەکردنەوەی مێژوو، هەر هەمان ئەنجامی ئێستای دەبێت و دیسان لە ناکاو بەیانییەك لەگەڵ ئاڵۆزبوونێکی خراپتری دۆخەکەدا، بە ئاگا دێینەوە».

هەر لەم تەوەرەدا سەبارەت بە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان و عێراق، سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیچ لایەك خۆی تێکەڵاوی ئەو شەڕە نەکات و ئاماژەی بەوە کرد «لە دۆخێکی ئاوادا، ئێمە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت لە هەموو کاتێك زیاتر، بەوپەڕی وشیارییەوە مامەڵە بکەین. هەر چۆنێك بێت، بە هیچ پاساوێك نابێت ڕێگە بدەین عێراق بخزێتەناو ئەم شەڕە و کێشە و ئاڵۆزیی

**ئاسایش و سەقامگیری و ئابووریی جیهان پێکەوە بەستراون و ڕووداوەکان لە هەر کوێ بن، بە ئاستی خۆیان کاریگەرییان لەسەر دۆخی جیهان هەیە**

**بەرفراوانبوونی شەڕی ئیسرائیل و حەماس، تێوەگلانی زیاتری هێزەکانی ناوچەکە و جیهان لە کێشەکەدا، دۆخەکە سەختتر و ترسناکتریش دەکات**

**هێز و شەڕ و توندوتیژی، هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات. ڕەنگە لە کات و بارودۆخێکدا بۆ ماوەیەک کپ و بێدەنگیان بکات، بەڵام کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە. ڕێگەی ڕاست ئاشتییە، ئازایەتیی ڕاستەقینەش، چارەسەرکردنی کێشەکانە**

**چەندین دەیە لە شەڕ و پێکدادان تێپەڕین، چەندین دەیەی دیکەش لە خوێن و وێرانکاری هیچ ئەنجامێکی نابێت، نە بۆ فەلەستین و نە بۆ ئیسرائیل. چارەسەر، ئازایەتی و ئیرادەی جددییە بۆ ئاشتی**

زیاترەوە، چونکە زیانێکی زۆری لێ دەدات. عێراق دەبێت سەقامگیر بێت، بۆ ئەوەی پێش بکەوێت. ئێستا کاتی ئەوەیە بیر لەوە بکەینەوە، عێراق بکەینە گۆڕەپانی چارەسەری کێشەکانی خەڵکی عێراق، نەك گۆڕەپانی درێژکردنەوەی شەڕ و ئاڵۆزییەکان لە ناوچەکە.»

### ● هاوبەشی، سازان، هاوسەنگی ڕۆحی نووسینەوەی دەستووری عێراقە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە تەوەرێکی دیکەی وتارەکەیدا هاتە سەر ئەو هۆکارانەی کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردووی دوای پرۆسەی ئازادی، بوونە ئاستەنگ بۆ ئەوەی عێراق ببێتە وڵاتی هەموو پێکهاتەکان، بۆ ئەمەش جەختی لەوە کردەوە، باشترین چارەسەر گەڕانەوەیە بۆ «هاوبەشی، سازان، هاوسەنگی» کە عێراقی نوێ لەسەری دامەزراوە و ڕۆحی نووسینەوەی دەستووری عێراقە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا بە هەمووانی ڕاگەیاند: «لە عێراق، دوای بیست ساڵی ئەزموونی ئازادیی عێراق، دەکرا زۆر باشتر بووایە، ئەگەر دەستوور وەك خۆی جێبەجێ بکرابایە و فیدراڵی کە سیستەمی عێراقە و گەلی عێراق دەنگی بۆ داوە، جێگیر بکرابا. جێبەجێنەکردنی سیستمی فیدراڵی، پابەندنەبوون بە دەستوورەوە، زۆر کێشە و ناکۆکیی سیاسی هێناوەتە ئاراوە و ناسەقامگیریی هەمەلایەنەی لە عێراق دروست کردووە. وای کردووە کە سەقامگیریی عێراق، هەمیشە بە لەرزۆك ببینرێت.

چارەسەر، گەڕانەوەیە بۆ بنەماکانی (هاوبەشی، سازان، هاوسەنگی) کە عێراقی نوێ لەسەری دامەزراوە و ڕۆحی نووسینەوەی دەستووری عێراقە. دەستەبژێری سیاسیی عێراق دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگەیە. زۆر پێویستە لایەنە سیاسییەکانی عێراق هاوکار بن بۆ دانانی ئەو یاسایانەی دەستوور داوایانی کردووە، هەروەها هاوکاریی حکومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت بن، بۆ جێبەجێکردنی دەستوور.

سیستمی فیدراڵی، بنەمای دەستووری عێراقە، فیدراڵی دەتوانێت یەکسانی و هاوبەشییەکی تەواو بۆ هەموو ناوچە و پێکهاتەکانی عێراق دابین بکات. خەڵکی عێراق بەو هاوبەشییە لە ڕووی ئابوورییەوە پێش دەکەوێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە یەکگرتوو دەبێت. هەر ئەمەشە نەخشەڕێگەی دروستی چارەسەرکردنی کێشەکان لە عێراق. ڕەفتارکردن و بیرکردنەوە بە پێوەر و لۆژیکی هێز، هیچ دەردێکی عێراق دەرمان ناکات، بەڵکوو کێشەکان لەم وڵاتە ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر دەکات.

عێراق بۆ ئەوەی سەقامگیر و پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی پێش بکەوێت و شوێنی شایستەی خۆی لە ناوچەکە و لە جیهاندا بگرێت، دەبێت بێ جیاوازی، وڵاتی هەموو پێکهاتەکان بێت، مافی هیچ پێکهاتەیەك زەوت و پێشێل نەکرێت. هیچ پێکهاتەیەك بە هیچ شێوەیەك لە عێراق نابێت پەراوێز بخرێت. عێراق بە پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکانی بەهێز دەبێت، بە جیاکاری و ناکۆکیی نێوان پێکهاتەکانی، لاواز دەبێت و دوا دەکەوێت.

دەبێت هەموو پێکهاتەکان هاوبەش و بەشدار بن لە بڕیاری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا. هیچ پێکهاتە و هاووڵاتییەکی عێراق، لە هەر ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەك بێت، هەست بە ستەملێکردن و جیاکاری و جیاوازی نەکات، بەڵکوو هەست بکەن، هەموویان وەك یەك، خاوەنی ئەم دەوڵەتەن.

ئەگەر دەستەبژێری سیاسیی عێراق، لایەنە سیاسییەکانی عێراق کار بە ڕۆح و نێوەڕۆکی دەستووری عێراق بکەن، چارەسەری کێشەکان ئاسانە. کێشەکان هێندە مەحاڵ نین کە چارەسەر نەکرێن. مەسەلەکە تەنیا بیرکردنەوەیە. ئەگەر بە دروستی بیر بکەینەوە، بیر لە لەیەکتێگەیشتن بۆ هاوبەشی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بکەینەوە، ئەگەر وڵات و بەرژەوەندییەکانی بخەینە سەرووی هەموو پێناسە و شتێکی دیکەوە، ئەوکات دەبینین چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان ئاسان دەبێت.»

### ● کلیلی سەقامگیریی عێراق چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان

نێچیرڤان بارزانی، پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو و لە ساڵی ٢٠٠٢ لە سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن، بە تەواوی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەرپرسانی ئەمریکی و ئەکادیمست و بیرمەندانی

> **ئێستا کاتی ئەوەیە بیر لەوە بکەینەوە، عێراق بکەینە گۆڕەپانی چارەسەری کێشەکانی خەڵکی عێراق، نەك گۆڕەپانی درێژکردنەوەی شەڕ و ئاڵۆزییەکان لە ناوچەکە**

> **جێبەجێنەکردنی سیستمی فیدراڵی، پابەندنەبوون بە دەستوورەوە، زۆر کێشە و ناکۆکیی سیاسی هێناوەتە ئاراوە و ناسەقامگیریی هەمەلایەنەی لە عێراق دروست کردووە**

> **ڕەفتارکردن و بیرکردنەوە بە پێوەر و لۆژیکی هێز، هیچ دەردێکی عێراق دەرمان ناکات، بەڵکوو کێشەکان لەم وڵاتە ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر دەکات**

> **عێراق بۆ ئەوەی سەقامگیر و پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی پێش بکەوێت و شوێنی شایستەی خۆی لە ناوچەکە و لە جیهاندا بگرێت، دەبێت بێ جیاوازی، وڵاتی هەموو پێکهاتەکان بێت**



**ئەگەر وڵات و بەرژەوەندییەکانی بخەینە سەرووی هەموو پێناسە و شتێکی دیکەوە، ئەوکات دەبینین چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان ئاسان دەبێت**

**هەرێمی کوردستان ئامادەیە بەپێی دەستوور و بە لەیەکترتێگەیشتنی هاوبەش، کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات**

ڕاگەیاند «تەنیا چارەسەرکردنی کێشەی کورد، دەبێتە کلیلی سەقامگیریی عێراق»، لەم کۆڕبەندەشدا جارێکی دیکە ئەوەی دووپات کردەوە، کە هەتا کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی چارەسەر نەکرێن، ئەوا عێراق نە دەتوانێت سەقامگیر بێت، نە دەشتوانێت پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام بێت، لەم خاڵەوە بەمجۆرە هەڵوەستەی کرد: «ئێمە پێمانوایە کلیلی سەقامگیریی عێراق، چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی عێراق. دەستووری عێراق نەخشەڕێگەیەکی زۆر ڕوونی بۆ چارەسەری کێشەکان داناوە. تەنیا پێویستیمان بە ئیرادەیەکی سیاسییە بۆ چارەسەری کێشەکان لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە.

هەرێمی کوردستان ئامادەیە بەپێی دەستوور و بە لەیەکترتێگەیشتنی هاوبەش، کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات. چارەسەرێك لە بەرژەوەندیی تەواوی وڵاتدا بێت و مافە دەستوورییەکانی هەمووان مسۆگەر بکات. ڕاستە هێشتا چارەسەر نییە، بەڵام بەردەوامبوونی گفتوگۆکان بۆ چارەسەرکردن لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق، کارێکی زۆر گرنگە.

بێگومان ئەنجامەکانی گفتوگۆ تا ئێستا لە ئاستی خواست و چاوەڕوانییەکانی هەرێمی کوردستاندا نین، بەڵام پێمانوایە بەردەوامبوونی گفتوگۆیەکان تاکە ڕێگەی ڕاستە بۆ بەئەنجامگەیاندنی هەموو ئەو کێشانەی کە هەیە. ئێمە کۆڵ نادەین و بەردەوام دەبین بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان. لەوبارەشەوە بە پێزانینەوە لە هەوڵ و کاری بەڕێز محەممەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵی دەڕوانین. لەلای ئێمەوە بە تەواوەتی پشتیوانی لێ دەکرێت».

**● چارەسەری هەمیشەیی بۆ مووچەخۆرانی کوردستان**

بابەتی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان تەوەرێکی دیکەی ئەم وتارە گرنگە بوو، لەم تەوەرەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەو بارە خراپەی مووچەخۆرانی کوردستان کرد، کە بە هۆی نەناردنی مووچەوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە و گوتی: «فەرمانبەران، خانەنشینان و مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی زۆر خراپدا دەژین. خێراکردنی دانانی چارەسەرێکی بنچینەیی بۆ بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان، ئەرکێکی نیشتمانییە بۆ حکومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت لە عێراقدا. قەیرانی دارایی و گوشار لەسەر ژیانی خەڵك



لە هەرێمی کوردستان، دەتوانرێت بە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زوویی چارەسەر بکرێت. کارێکی زۆر پێویستە کە بە خێرایی ئەوە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم دڵەڕاوکێیەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، کۆتایی پێ بهێندرێت، چونکە کاری کردووەتە سەر ژیان و کار و بازاڕی هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان.

پێویستە پەلە بکرێت لە نەهێشتنی بەربەستەکان بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان. ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، چەندین ملیار دۆلار زیانی بە داهاتی گشتیی عێراق و ئابووریی وڵات گەیاندووە و هیچ سوودێکی بۆ عێراق تێدا نییە کە بەم شێوەیە بەردەوام بێت».

## ● ژیریی دەستکرد گرنگە و دەبێت زانکۆکانی کوردستان بایەخی پێ بدەن

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ژیریی دەستکرد، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بە هەر دوو ئاراستەی « ئەرێنی و نەرێنی» گۆڕانکاریی گەورە بەسەر جیهاندا بهێنێت، بۆیە زۆر گرنگە لەم لایەنەشەوە هەموو نەتەوەکانی جیهان بایەخ بەم پێشکەوتنە تازەیە بدەن، بۆ ئەوەی بتوانرێت لایەنە ئەرێنییەکانی زیاتر پەرەی پێ بدرێت و خۆمان لە زیانی لایەنە نەرێنییەکەی بپارێزین، ئەمەش بەوە دەکرێت، زانکۆکانی کوردستانیش بە هاوشێوەی زانکۆکانی جیهان بایەخ بەم پێشکەوتنە تازەیە بدەن. وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم لایەنە گرنگەشی بەمجۆرە ئاماژەی پێی دا: «بابەتی ژیری دەستکرد کە باسێکی دیکەی کۆڕبەندەکەیە و باسێکی گەرمی ناوەندە زانستی و تەکنەلۆژییەکانی جیهانیشە، بابەتێکی جددی و گرنگە. زۆر کارێکی باشە زانکۆی ئەمریکیی کوردستان و زانکۆکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، گرنگیی تایبەتی بەم بوارە بدەن. لەسەر ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی بوەستن و لەو دەرفەت و مەترسییانە بکۆڵنەوە کە لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنێت و مۆرێکی گەورە لە داهاتووی مرۆڤایەتی دەدات.

زۆر دڵخۆشم کە قوتابیان و لاوانی کوردستان هۆشیارییەکی زۆریان هەیە بەرانبەر گۆڕانی کەشوهەوا هەیە، هەروەها بەپێی دەرفەت تێکەڵاوی باسەکانی ژیریی دەستکردیش بوون. زۆر دڵخۆشم بە ئاست و هۆشیاریی نەوەی تازە لە کوردستان، هیوادارم ژیانێکی باشتر بۆ نەوەکانی داهاتوو دروست بکەن».

**فەرمانبەران، خانەنشینان و مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی زۆر خراپدا دەژین. خێراکردنی دانانی چارەسەرێکی بنچینەیی بۆ بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان، ئەرکێکی نیشتمانییە بۆ حکومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت لە عێراقدا**


**ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، چەندین ملیار دۆلار زیانی بە داهاتی گشتیی عێراق و ئابووریی وڵات گەیاندووە و هیچ سوودێکی بۆ عێراق تێدا نییە کە بەم شێوەیە بەردەوام بێت**

مەسرور بارزانی

لە کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

# دەرهێنان و بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت مافی کوردستانە و دەستبەرداری ئەم مافە دەستوورییەی خۆمان نابین

کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست «MEPS - ٢٠٠٣»، کۆڕبەندێکی گرنگی ئەکادیمی و سیاسییە کە ساڵانە لە زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان لە شاری دهۆك بەڕێوە دەچێت، ئەمساڵ لە ڕۆژانی ٢٠-٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ بەڕێوەچوو، کە ٣٠٠ کەسایەتیی گرنگ لە ٨٠ دەوڵەتەوە بەشدارییان تێدا کردبوو. لە ڕۆژی دووەمی ئەم کۆڕبەندە گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام درا و باسی کۆمەڵێك پرسی گرنگی کرد کە لەم ڕاپۆرتەدا پوختەکەی دەیخەینە ڕوو.





**نەتەوەی ئێمە لەناو چەندین شەڕی جۆراوجۆردا ژیاوە، بۆیە دەزانین شەڕ چەند کاولکارییە، هەر بۆیە ئێمە ئەم شەڕە ڕەت دەکەینەوە**

**نیگەرانین لەوەی کە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیان ساڵە درێژەیان هەیە و بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و پشتگوێ خراون**

**باشترین شت کە عێراق بتوانێت بیکات، ئەوەیە خۆی لەم شەڕە بە دوور ڕابگرێت، عێراق بەشی خۆی کێشەی هەیە، بەڵام ئەگەر ڕێگەیەک هەبێت، بۆ پێشکەشکردن و گەیاندنی هاوکاریی مرۆیی بۆ ئەو خەڵکانەی ئاوارە بوون، ئەوە کارێکی زۆر باشە**

**هەوڵ دەدین لە ڕێگەی ئەو دەزگا خێرخوازییانەی کە هەمانە، هەندێک یارمەتیی مرۆیی بۆ ئەو خەڵکانە بنێرین کە پێویستیانە**

### ● شەڕی ئیسرائیل و حەماس ئەگەر و دەرهاویشتەکانی

لە تەوەری یەکەمی ئەم «گفتوگۆ تایبەتە»دا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو شەڕەی نێوان ئیسرائیل و حەماس کە ئێستا تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی شڵەقاندووە و، چەندین ئەگەری بە کراوەیی هێشتووەتەوە، بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو: «نەتەوەی ئێمە لەناو چەندین شەڕی جۆراوجۆردا ژیاوە، بۆیە دەزانین شەڕ چەند کاولکارییە، هەر بۆیە ئێمە ئەم شەڕە ڕەت دەکەینەوە و، شەڕیش دوایین چارەسەر نییە، هەتا پەنای بۆ ببرێتە بەر، هەروەها شەڕ نابێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەك چارەسەر بکات. ئەگەر سەیری دانیشتووانی غەززە بکەین لە ڕۆژانی پێش و دوای ٧ی تشرینی یەکەم، ئەوە وەڵامەکە ڕوونە، دەبینین خەڵکی سڤیلی بێتاوان باجی ئەم شەڕە دەدەن، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە سەرکۆنەی هێرشی سەر هاووڵاتیانی سڤیل دەکەین، نیگەرانین لەوەی کە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیان ساڵە درێژەیان هەیە و بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و پشتگوێ خراون، هەر بۆیە قەناعەتمان بەوەیە کە تەنیا بە ئاشتی هەموو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر دەکرێت.

لە وتاری کردنەوەی ئەم کۆڕبەندەدا «MEPS -٢٠٢٣» ئاماژەی بەوە کرد، بەر لەوەی کێشەکان هەڵبکشێن بۆ ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، پێویستە بە ڕێگەی ئاشتییانە چارەسەریان بکەین. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە شەڕ دەستی پێکرد، زەحمەتە مەزندەی ئەوە بکرێت، چۆن دەتوانین کۆتایی بە شەڕەکە بهێنین، یان شەڕەکە چۆن کۆتایی دێت. هەر بۆیە من زۆر نیگەرانم لەوەی ئەم شەڕە بەرفراوان بێت و پەل بکێشێت بۆ ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست».

سەبارەت بە بۆچوونی لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتی عێراق، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «باشترین شت کە عێراق بتوانێت بیکات، ئەوەیە خۆی لەم شەڕە بە دوور ڕابگرێت، عێراق بەشی خۆی کێشەی هەیە، بەڵام ئەگەر ڕێگەیەك هەبێت، بۆ پێشکەشکردن و گەیاندنی هاوکاریی مرۆیی بۆ ئەو خەڵکانەی ئاوارە بوون، ئەوە کارێکی زۆر باشە و، ئێمە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەستمان پێ کردووە و هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی ئەو دەزگا خێرخوازییانەی کە هەمانە، هەندێك یارمەتیی مرۆیی بۆ ئەو خەڵکانە بنێرین کە پێویستیانە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ دەرفەتێك نەبووە بۆ ئەوەی یارمەتییان بۆ بنێرین، دەسەڵاتدارانی بەرپرس لەو ناوچانە ڕێگەیان نەکردووەتەوە، هەتا ئەو یارمەتییانەیان بۆ بنێرین، لەمەش زیاتر عێراق کارێکی زۆر باش دەکات، ئەگەر بتوانێت ڕۆڵێکی میانگیر (ناوبژیوان) بگێڕێت بۆ چارەسەری ئاشتییانە، بەڵام پێموا نییە دروشمەکان هاوکاری ئەو خەڵکە بن کە پێویستیان بە دەرمانە».

### ● بڕیاری دوورخستەوەی حەلبوسی لە کاتێکی هەڵەدا بوو، ڕێگەی دیکە هەبوو

ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەم بە بڕیاری دادگای فیدراڵی ئەندامیەتیی ئەنجومەنی نوێنەران لە سەرۆکی پەرلەمان محەمەد حەلبوسی سەندرایەوە، بەمەش کۆتایی بە سەرۆکایەتییەکەی لە پەرلەمان هات. سەبارەت بەم بڕیارە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا سەرۆك وەزیرانی کوردستان گوتی: «من باسی بڕیارەکە ناکەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە کاتەکەی هەڵە بوو، بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق باش نەبوو، جیا لەو کێشانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێشتر باسمان کرد، ئێمە لە عێراق چەندین کێشەی جیاواز و کەڵەکەبوومان هەیە، بەم بڕیارەی دادگاش بە دوورخستنەوەی سەرۆکی پەرلەمان، قەیرانێکی دیکەی نەخوازراو هاتە سەر کێشەکانی دیکە، بۆیە دەبوو ئەمە ڕووی نەدایە.

دەبوو بە ڕێگەیەکی دیکە ئەم کێشەیە و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە ڕێگەی کەناڵی جیاوازی دیکە مامەڵەی لەگەڵ بکرابایە، دەبوو خودی پەرلەمان ئاگادار بکرێتەوە، کە ڕەنگە پەرلەمان خۆی بڕیارێکی بدایە، بەڵام یەك دامەزراوە (دادگای فیدراڵی) لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێت و خۆی بڕیاری یەکلایەنە بدات، لەوانەیە کاریگەری لەسەر هەموو بارودۆخی عێراق هەبێت و هاوکاریش نەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەم پرسە دەمانباتەوە بۆ بنەمای بنەڕەتی لە وڵاتدا کە ئەویش هاوبەشی

«الشراكة»یە لە وڵاتدا، عێراق لە کۆمەڵێک پێکهاتەی جیاواز پێکهاتووە، کە عەرەبی سوننە یەکێکن لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتە و دەبێت ڕێز لە خواستەکانیان بگیرێت، هەروەها دەبێت ڕێز لە نوێنەرەکانیشیان لە پەرلەماندا بگیرێت و، هەتا ئەگەر گۆڕانێکیش ببێت، دەبێت لە میانەی ئەو کەناڵانەوە بکرێت، کە پەسەندن لەلای دەوڵەت و خودی ئەو پێکهاتەیەوە.

**● پرسی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوت و گرژییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر**

لە مانگی ئاداری ٢٠٢٣وە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بە ڕێگەی بەندەری جیهان لە تورکیا ڕاگیراوە و، لەگەڵ ئەوەی دانوستانەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەگەڵ بەغدا بەردەوامە و بەرەوپێشەوەچوونی بەرچاویش هەیە، بەڵام هەتا ئێستا لەسەر سێکتەری بەرهەمهێنانی و نرخی تێچووی بەرمیلێك نەوت بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کێشە لەسەر نرخی تێچوو هەیە. مەسرور بارزانی لەسەر ئەم پرسە بەمجۆرە وەڵامی پێشکەشکاری پەنێڵەکەی دایەوە: «پرسی نەوتیش یەکێکە لەو پرسانەی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ لەمەوبەر، کێشە و ململانێی هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت، لەبەر ئەوەیە دەستووری عێراق بەوجۆرە تەفسیر دەکرێت، یان ڕێزی لێ ناگیرێت، وەك ماناى خۆی کە نووسراوە، لەم دەستوورەدا کوردستان مافی دیاریکراو و چەسپاوی خۆی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەو مافانە فەرامۆش کراون، یەکێك لەو مافانە دەرهێنان و بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتە.

لێرەدا پرسیارە سەرەکییە ئەوەیە کە دەبێت بپرسین: ئایا ئێمە دەوڵەتێکی فیدراڵین، یان بەغدا حکومەتێکی سەنتراڵییە؟ ئێمە بڕوامان بەوەیە کە پێویستە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ هەرێم وەك ئەوەی لە دەستوورەکەدا هاتووە، بوونی هەبێت، لە ئێستادا لە بەغدا ئەقڵییەتێك هەیە، «کە من ناڵێم هەموویان»، بەڵام ئەقڵییەتێك هەیە کە باڵادەستە و وای دەبینێت کە دەبێت هەموو دەسەڵاتەکان لەلایەن حکومەتی سەنتراڵییەوە کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوەش هۆکاری کێشە سەرەکییەکەیە.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بێینە سەر ئەوەی بەتایبەتی باسی کێشەی نەوت بکەین، ئەوا بە ڕاشکاوی دەڵێم: کوردستان هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی گرتووەتەبەر کە دەستوور داوای لێ دەکات، ئەو ئەرکەی لەسەر شانی ئێمە بووە، جێبەجێمان کردووە، بەڵام هەرگیز ئەو مافانەمان پێ نەدراوە، کە لە دەستوورەکەدا هەمانە.

ئێمە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەسەر پرسی فرۆشتنی نەوت و بنەماکانی بەرهەمهێنانی نەوت کارمان کردووە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و دامەزراوەکانییەوە ئەو پشتگیرییەمان پێ نەدراوە کە بەپێی دەستوور شایستەی هەرێمی کوردستانە.

بۆ ئەوەی وردتر لەسەر ئەم پرسە قسە بکەم، ئێمە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کۆنتراکتمان هەیە، ئەم کۆنتراکتانە ڕەوا و یاسایین، بێگومان ئێمە وەك هەرێمی کوردستان ڕێز لەو کۆنتراکتانە دەگرین، بەپێی ئەو کۆنتراکتانە کۆمپانیاکان وەبەرهێنانیان لە کەرتی نەوتی کوردستاندا کردووە، بۆیە دەبێت تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت و وەبەرهێنان و قازانجیشیان هەبێت، ئەم تێچووەش جیاوازە لە تێچووی بەرهەمهێنانی کێڵگەیەکی دیکەی نەوت کە بەرهەمهێنانی تێدا نەکرابێت.

لەسەر ئەم پرسی تێچووی بەرمیلێك نەوت، بە داخەوە بەغدا ژمارەیەکی داناوە کە واقیعی نییە، کە ئەویش دانانی تەنیا ٦ دۆلارە بۆ بەرهەمهێنانی بەرمیلێك نەوت، بیری هاوشێوەی بیرەکانی کوردستان لە شوێنی دیکەش هەن، هەر بۆ نموونە لە گەیارە تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت لەو بیرانە ٣٤ دۆلارە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کاتێك بەغدا تێچووی دەرهێنانی ئەو بیرانە دەدەن، ئایا بۆ هەموو بیرە نەوتەکانی عێراق ٦ دۆلار دەدەن، یان هەر بیرێکی نەوت تێچووی خۆی هەیە؟ کاتێك لەگەڵ بەغدا لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆ دەکەین، ئەوان پێمان دەڵێن، ئەمە تێکرایی کۆی تێچووەکانە لەبەر ئەوەیە کە ئێمە لە هەندێك شوێن بیرمان هەیە، تێچووی بەرهەمهێنانی بەرمیلێك نەوت ١-٢ دۆلارە.

**عێراق لە کۆمەڵێک پێکهاتەی جیاواز پێکهاتووە، کە عەرەبی سوننە یەکێکن لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتە و دەبێت ڕێز لە خواستەکانیان بگیرێت**

**کێشە و ململانێی هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت، لەبەر ئەوەیە دەستووری عێراق بەو جۆرە تەفسیر دەکرێت، یان ڕێزی لێ ناگیرێت، وەک ماناى خۆی کە نووسراوە**

**پێویستە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ هەرێم وەک ئەوەی لە دەستوورەکەدا هاتووە، بوونی هەبێت**

**کوردستان هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی گرتووەتەبەر کە دەستوور داوای لێ دەکات، ئەو ئەرکەی لەسەر شانی ئێمە بووە، جێبەجێمان کردووە، بەڵام هەرگیز ئەو مافانەمان پێ نەدراوە، کە لە دەستوورەکەدا هەمانە**

**ڕاسته ئێمه نەوتمان هەیه و دەتوانین ئەو نەوته هەناردە بکەین، بەڵام ئەو داهاتەی له فرۆشتنی نەوت و یەک سەرچاوەوە بە دەستی دەهێنین، دەتوانین له کەرتەکانی دیکە وەبەرهێنانی تێدا بکەینەوە**

**ئێمە دەستمان بە پرۆسەیەکی چاکسازیی بەرفراوان کرد، لەم پرۆسەیەدا توانیمان خەرجییەکانی حکومەت کەم بکەینەوە، بەڵام ئاشکرایە ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازی کاتێکی دەوێت، هەتا ئاکامەکانی بە ڕوونی دەردەکەون، سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ هەندێک لە ئاکامەکانی دەبینین**

**ئێستا گەیشتووینەتە ئەوەی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانمان هەناردە بکەین بۆ بازاڕەکانی دەوڵەتانی کەنداو و ئەورووپا، ئەمە بووە هاندەرێک بۆ ئەوەی جووتیارەکانمان جارێکی دیکە بگەڕێنەوە کێڵگەکانیان و دەست بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بکەنەوە**

ڕاسته تێچووی بەرهەمهێنان جیاوازە، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا بۆ تێچووی هەر بەرمیلێك و کۆمپانیایەك هەر ٦ دۆلار دەدەن، یان هەر بیرێك تێچووی خۆی دەدەنێ؟ بەداخەوە بۆ تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان ژمارەیەکیان دانەناوە، تا ئێمە ئامارێکی جیاوازیان بدەینێ. ئەوەی لەم پرسە گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری بکەین، ئەوەیە کە لە میانەی ئەو گفتوگۆیانە لەگەڵ بەغدا هەمانە، پێکەوە و لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو گرێبەستانەمان ئیمزا کردووە و مافی ئێمەیە، دەستبەرداری ئەو مافە دەستوورییەی خۆمان نابین، دەبێت لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت قسە بکەین، بۆ ئەوەی بزانین تێچووی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنان چەندە، کاتێك ئەمە کرا، ئەوا دەتوانرێت دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوت بە ئاسانی دەست پێ بکاتەوە.

ئێستا وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکات، بۆیە تۆپەکە لە گۆڕەپانی بەغدایە و پرسیار ئەوەیە ئایا بەغدا ئامادەن تێچووی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنان بدەنە ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتیانەی نەوت کە لە کوردستان کاردەکەن؟ ئێمە خۆمان ڕێك خستووە، وەك حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەرگری لە مافە دەستوورییەکانی خۆمان دەکەین، هەروەها بەرگری لە مافی هاوبەشەکانیشمان دەکەین، کە متمانەیان بە ئێمە کرد و وەبەرهێنانیان لە کوردستان دەستپێکرد.

هەر بۆیە کاتێك ڕێز لەم کۆنتراکتانە گیران، کاتێك حکومەتی عێراق تێچووی وەبەرهێنانی دیاری کرد، هەناردەکردنەوەی نەوت دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام کەی ئەمە ڕوودەدات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم: «هەفتەی ڕابردوو شاندێکی وەزارەتی نەوت لە بەغداوە سەردانی کوردستانیان کرد، کۆبوونەوەیەکی زۆر باشیان کردبوو، چەندین گفتوگۆی ڕاستەوخۆم لەگەڵ شەخسی سەرۆك وەزیران – محەمەد شیاع سوودانی_ هەبووە، ئەویش تێگەیشتنێکی زۆر باشی لەسەر ئەم پرسە هەیە، هیوادارم بتوانین بگەینە جۆرێك لە ڕێککەوتن، بەڵام ناتوانم پێتان بڵێم کە دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوت دەست پێ دەکاتەوە.

**● فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان**

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی چەندین قەیران بووەوە، لەوانە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، دابەزینی نرخی نەوت، بڕینی پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانانە کابینەی نۆیەم هەوڵی دا، سەرچاوەکانی داهاتی کوردستان فرەچەشن بکات و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەستین. لە وەڵامی پرسیاری ئەم پەنێڵەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە تیشکی خستە سەر گرنگیی ئەم هەنگاوە «ئێمە فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتمان لە هەرێمدا بە گرنگ زانی، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان خاکی بەپیت و بەرەکەتی هەیە، هەروەها چەندین بواری دیکەشمان هەیە کە دەتوانین پەرەی پێ بدەین و سەرچاوەکانی داهاتی خۆمان زیاد بکەین، لەگەڵ دەستپێکی ئەم کابینەیەش هەنگاومان بۆ هەڵگرت.

ڕاستە ئێمە نەوتمان هەیە و دەتوانین ئەو نەوتە هەناردە بکەین، بەڵام ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوت و یەك سەرچاوەوە بە دەستی دەهێنین، دەتوانین لە کەرتەکانی دیکە وەبەرهێنانی تێدا بکەینەوە، لەم ڕوانگەیەوە وەبەرهێنانێکی زۆرمان لە سێکتەرەکانی «کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری» کردووە، لە هەمان کاتدا ئەوەشمان لەبەر چاو گرتووە، کە چۆن پەرە بە سیستمی «پەروەردە و تەندروستی» بدەین و باشتری بکەین.

ئەم هەنگاوانە هەر لە دەستپێکی ئەم کابینەیەوە سوودەکانی دەرکەوتن، لەبەر ئەوەی پەتای کۆرۆنا بڵاو بووەوە، نرخی نەوت دابەزی، پشکی هەرێمی کوردستانیش لەلایەن بەغداوە بڕدرا، ئەمەش وای کرد، هەرێم بتوانێت خۆی ڕابگرێت لەبەر ئەوەی پێشتر ئەو هەنگاوانەمان هەڵگرتبوو.

ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵ کەرتی تایبەت هەیە، هەر بۆیە پانتاییەکی زۆر فراوانمان بە کەرتی تایبەت دا، میکانیزمێکمان دروست کرد، بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت بتوانێت باشتر

هاوکاری و کار لەگەڵ حکومەت بکات، بۆ ڕێکخستنەوەی ئابووری و ڕێگرتن لەوەی دەرەقەتی قەیرانەکان نەیەین، لەمەش زیاتر ئێمە دەستمان بە پرۆسەیەکی چاکسازیی بەرفراوان کرد، لەم پرۆسەیەدا توانیمان خەرجییەکانی حکومەت کەم بکەینەوە، بەڵام ئاشکرایە ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازی کاتێکی دەوێت، هەتا ئاکامەکانی بە ڕوونی دەردەکەون، سوپاس بۆ خوا ئەمرۆ هەندێك لە ئاکامەکانی دەبینین، هەر بۆ نموونە، ئێستا گەیشتووینەتە ئەوەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانمان هەناردە بکەین بۆ بازاڕەکانی دەوڵەتانی کەنداو و ئەوروپا، ئەمە بووە هاندەرێك بۆ ئەوەی جووتیارەکانمان جارێکی دیکە بگەڕێنەوە کێڵگەکانیان و دەست بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بکەنەوە. بەمەش هەم ئاستی بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان زیادیان کردووە، هەمیش ئەو داهاتەی لێی وەدەست دێت، زیادی کردووە. بۆیە ئێمە هەموو هەوڵێك دەدەین، بۆ ئەوەی سەرچاوەی داهاتەکانمان فرەچەشن بکەین، ئەمەش بەشێکە لەو پرۆسەی چاکسازییەی دەستمان پێ کردووە و، دەتوانم ئەم هەنگاوە بۆ سەرختنی پرۆسەی چاکسازی بە شۆڕشێك ناوزەد بکەم کە کوردستان دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی جیاوازی دیکە، بۆیە پرسەکە تەنیا فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە دیجیتاڵکردنی سیستەم و خزمەتگوزارییەکانەوە هەیە، کە لە سەرەتای ئەم کابینەیەوە دەستمان پێ کردووە».

## ●سیستمی بانکی و بە دیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان

لایەنێکی دیکەی ئەو پرۆسە چاکسازییەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی نزیکەی پێنج ساڵی ڕابردوو دەستی پێ کردووە، پرۆسەی بە دیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان و پەرەپێدانی سیستەمی بانکییە لە هەرێمدا، سەبارەت بەم لایەنە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بۆچوونەکانی خستەڕوو: «جێگەی داخە، نەك هەر لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە تەواوی عێراقدا، بناغەی ئابووری لەسەر بنەمای نەختینە دامەزراوە، هەر ئابوورییەکیش لەسەر بنەمای نەختینە دابمەزرێت، گەشەکردنیشی سنووردار دەبێت، مایەی نیگەرانییە کە سیستمی بانکی لە هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراقیش زۆر کارا نەبووە، یان با بڵێین لە ئاستی ستاندەری جیهانی نەبووە.

کەواتە، ئەوەی ئێمە هەوڵمان بۆ داوە، ئەوە بووە کە چۆن ژێرخانێك بونیاد بنێین، کە هاووڵاتیان پێویستیان پێیەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەم کابینەیەدا هاووڵاتیان ناوەندی بایەخپێدانن، زۆر خۆشحاڵیش دەبین، هەر خزمەتگوزارییەك لە تواناماندا هەبێت، پێشکەشی هاووڵاتیانی خۆمانی بکەین، بۆیە بە پێویستمان زانی، خزمەتگوزارییە بانکییەکان بۆ هاووڵاتیان لەبەر دەست بن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بانکەکانیش پێویستیان بەوەیە کە حکومەت ڕێکیان بخات و پشتگیرییان بکات و مافەکانیان بپارێزێت. هەروەها هاووڵاتییانیش چاوەڕێی ئەوە لە حکومەت دەکەن، لەلایەن بانکەکانەوە مۆنۆپۆڵ نەکرێن و پارێزراو بن، بۆیە کاتێك ئەم سیستمە بانکییە هەبوو، ئەوا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گەشەی ئابووری زیاتر دەبێت.

ئێمە داوامان لە بانکەکان کردووە کە قەرز بدەنە هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بتوانن شوێنی نیشتەجێ، یان ئۆتۆمبێل بکڕن بە نرخێکی گونجاو، بانکەکانیش ڕەزامەندییان پیشان داوە ئەم کارە بکەن و لە ئێستادا دەستمان پێ کردووە.

هەنگاوێکی دیکە کە دەستمان پێ کردووە، پرۆسەی «هەژماری من»ـە، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ زیاتر لە یەك ملیۆن فەرمانبەری حکومەت لەم پرۆگرامە تۆمار دەکرێن، ئەم پرۆسەیە لە سلێمانی و دهۆکیش لە ئایندەیەکی نزیك دەست پێ دەکات، هەروەها دەمەوێت هاووڵاتیان لەوەش ئاگادار بکەمەوە، کە تەواوی کارمەندانی کەرتی تایبەتیش لە سیستمی بانکی «هەژماری من» تۆمار دەکرێن، هەواڵی گرنگیش لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە هەر بانکێك لەم پرۆسەیە بەشدار بێت، بە زوویی دەبێتە بانکێکی گەورە و هەم بانکەکە سوودمەند دەبێت، هەمیش هاووڵاتیان لە خزمەتگوزاریی بانکی سوودمەند دەبن.

لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەداین، نزیکەی ئامێری خەرجکردنی ئۆتۆماتیکی «ATM» لە سەرانسەری کوردستان دابنێین، نزیکەی ٤٠

**جێگەی داخە، نەك هەر لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە تەواوی عێراقدا، بناغەی ئابووری لەسەر بنەمای نەختینە دامەزراوە، هەر ئابوورییەکیش لەسەر بنەمای نەختینە دابمەزرێت، گەشەکردنیشی سنووردار دەبێت**

**مایەی نیگەرانییە کە سیستمی بانکی لە هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراقیش زۆر کارا نەبووە، یان با بڵێین لە ئاستی ستاندەری جیهانی نەبووە**

**بانکەکانیش پێویستیان بەوەیە کە حکومەت ڕێکیان بخات و پشتگیرییان بکات و مافەکانیان بپارێزێت. هەروەها هاووڵاتییانیش چاوەڕێی ئەوە لە حکومەت دەکەن، لەلایەن بانکەکانەوە مۆنۆپۆڵ نەکرێن و پارێزراو بن**

هەزار خاڵی کڕین «POS» دادەنێین بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوان بە ڕێگەی کارتی بانکی پێداویستییەکانیان بکڕن، لەمەش زیاتر ئەو خەڵکانەی سەردانی کوردستان دەکەن، دەتوانن کارتی بانکی بەکار بهێنن و پارەی نەختینەی زۆر لەگەڵ خۆیان نەهێنن، ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی زۆر گەورە گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەگۆڕێت و منیش زۆر گەشبینم پێی.

**● هەنگاوی یەکەممان ڕاگرتنی گەندەڵی بووە**

چاکسازی ئەولوییەتی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە و، وەك دەستپێك هەوڵ درا، سیستمێك دابنرێت کە بوار نەدات، خەڵکانی گەندەڵ بتوانن سوودی لێ وەربگرن و گەندەڵی تێدا بکەن، سەبارەت بەم پرسە گرنگە و بەوەی ئایا کابینەی نۆیەم لەم بوارە چۆن هەنگاوی هەڵگرتووە؟ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:

«من زۆر جاری دیکەش وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە، پێموایە ئەو شێوازەی من بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پیادەم کردووە بۆ «ڕاگرتنی گەندەڵی» بووە، بۆ ئەمەش پێویستە سیستەمێك هەبێت، کە خەڵکی گەندەڵ نەتوانن سوودی لێ وەربگرن و گەندەڵی تێدا بکەن، هەر بۆیە کاتێك ئەم سیستەمەت هەبوو، دەتوانی گەندەڵی کۆنترۆڵ بکەیت، هەر بۆیە کاتێك سیستەمێکی شەفاف بوونی هەبوو و توانی بە باشی کار بکات، هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەچنە پێش، ئەمەش ئەو هەنگاوەیە کە ئێمە دەستمان پێ کردووە، ئەویش بریتییە لە بە دیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان و پارەدان بە ڕێگەی سیستەمی بانکی کە سیستەمێکی شەفاف بەرهەم دەهێنێت و، ئەمەش وادەکات زۆر ئەستەم بێت بوار بۆ گەندەڵی بمێنێتەوە. بەڵام سەرباری ئەم هەنگاوانەش دەبێت گەندەڵکارانیش لەسەر ڕەفتارە خراپەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام هەنگاوی گرنگ لە سەرەتا ئەوەیە ڕێگە نەدەین، گەندەڵی بەردەوام بێت و ڕای بگرین، بۆیە گرنگە لە خاڵێکدا گەندەڵی ڕابگیرێت، دوای ڕاگرتنی، کاتێکی تەواو لەبەر دەست دەبێت، بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بکەین و سەیری ئەوە بکەین، کێ چی کردووە و پاشان لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت، لەسەر کارە گەندەڵییەکانیان.

لای من گەندەڵی تەنیا فێڵکردن و وەرگرتنی پارە لە خەڵك نییە، بەڵکو لای من بەفیڕۆدانی کاتیش هەر گەندەڵییە، ئەو فەرمانبەرانەی حکومەت کە مووچەیان پێ دەدرێت بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵك بکەن، بەڵام نایانەوێت خزمەتی خەڵك بکەن، ئەویش هەر گەندەڵییە. ئێمە لە سەرەتای دەستپێکی ئەم کابینەوەیە دەستمان بەم پرۆسەیە کردووە، بەڵام دەرکەوتنی ئاکامی ئەم پرۆسەیە کاتی دەوێت، ئەوەی گرنگە پێموایە ئێمە لەسەر ڕێگە ڕاستەکە دەڕۆین».

**● دەرهاویشتە خراپەکانی گۆڕینی کەشوهەوا و مەترسییەکانی کەمبوونەوەی ئاو و وشکە ساڵی**

مەترسییەکانی گۆڕینی کەشوهەوا «climate change»، ماوەی سێ دەیەیە تەواوی جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و، نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە سەرپەرشتیی کۆنفرانسێك دەکات، بۆ ڕێککەوتن لەسەر گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا «COP»، کە ئەمساڵ بۆ ٢٨ هەمین کۆنفرانس «COP28» کە لە ئیمارات گرێ دەدرێت، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێك لە ئامادەبووانی ئەو کۆنفرانسە دەبێت، لەم پەنێڵەدا ئەم پرسە گرنگە ڕووبەڕووی سەرۆك وەزیران کرایەوە، سەبارەت بە مەترسییەکانی وشکە ساڵی و کەم ئاوی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو: «لە مەترسییەکانی گۆڕینی کەشوهەوا نیگەرانین، بەڵام ئەم پرسە تەنیا پەیوەندی بە کەم ئاوییەوە نییە، زۆر لایەنی دیکەش دەگرێتەوە، بەڵام کێشەی کەم ئاوی، یان کەمبوونەوەی ئاو هۆکاری سەرەکیی گۆڕینی کەشوهەوایە و هەر لەم کۆڕبەندەشدا لە پەنێڵێکدا باسیان لەوە کرد، کە چۆن ئاراستەی ڕووبارەکان دەگۆڕن، یان بەنداوی گەورە دروست دەکرێت بۆ گلدانەوەی ئاو، ئەمەش وای کردووە، هاتنی ئاوی ڕووبارەکان بۆ عێراق لە چاو پێشان زۆر زۆر کەمی کردووە.

**داوامان لە بانکەکان کردووە کە قەرز بدەنە هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بتوانن شوێنی نیشتەجێ، یان ئۆتۆمبێل بکڕن بە نرخێکی گونجاو، بانکەکانیش ڕەزامەندییان پیشان داوە ئەم کارە بکەن و لە ئێستادا دەستمان پێ کردووە**

**کاتێک سیستەمێکی شەفاف بوونی هەبوو و توانیی بە باشی کار بکات، هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەچنە پێش**

**دەرهاویشتەی خراپی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا ئێستا لە عێراقدا بەدەر کەوتوون، دەبینین هاووڵاتیان لە پارێزگایەکەوە کۆچ دەکەن بۆ پارێزگایەکی دیکە، ئەم کۆچە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکەش دەستی پێ کردووە**

**دەبێت هەموو وڵاتان هاوکاریی دارایی بکەن، بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ سەرچاوەی دیاردەی کۆچ بدۆزنەوە**



**گەنجان ئایندەی وڵاتی ئێمەن، باوەڕێکی پتەوم بەوە هەیە، دەبێت گەنجان و بەهرەمەندیی گەنجان پەرە پێ بدەین و بۆ پێشخستنی ئەم وڵاتە سوودی لێ وەربگرین**

**لەگەڵ کەرتی تایبەت لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین، کە هەر کۆمپانیایەک لانی کەمی ٧٥٪ی هێزی کاری دەبێت هێزی کاری ناوخۆیی کوردستان بێت، ئەمەش دەرگایەکە بۆ ئەوەی هەلی کاری زیاتر بۆ گەنجان دابین بکەین**

**گەنجان دەبنە بزووێنەری ریفۆرم و وەرچەرخان لە کوردستاندا، هەر بۆیە وەبەرهێنانێکی زۆر باش لە گەنجاندا دەکەین و دڵنیاشم لە ئایندەیەکی نزیکدا سوودێکی گەورەی دەبێت**

ئەوەی ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەم ئاوی و وشکەساڵی کردوومانە، دروستکردنی بەنداوی قەبارە بچووك و مامناوەندییە، پلانمان هەیە کە بەنداوی زۆر گەورە دروست بکەین، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە ئاوی زیاتر گل بدەینەوە و باشتر سەرچاوەکانی ئاو بەڕێوە بەرین، یەکێك لەو پلانانەی زۆر باس دەکرێت، دروستکردنی «دارستانە»، ئێمە دەستمان بەوەش کردووە.

لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ ڕێگرتن لە پیسبوونی ژینگە، هەوڵمان داوە، ئەو گازەی لە بیرە نەوتەکان بەرزدەبنەوە، جارێکی دیکە بەکاری بهێنینەوە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیارێك دەر کراوە، بۆ هەموو کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت، کە دەبێت ڕێگە نەدەن ئەو گازە بێتە ناو ژینگە، بۆیە یان دەبێت بە ڕێگەیەك ئەو گازە بگێڕنەوە بۆ ناو کێڵگەکە، یان سوودی لێ وەربگرن و لە بواری دیکە وەك سەرچاوەی وزە بەکار بهێنرێتەوە.

دەرهاویشتەی خراپی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا ئێستا لە عێراقدا بەدەر کەوتوون، دەبینین هاووڵاتیان لە پارێزگایەکەوە کۆچ دەکەن بۆ پارێزگایەکی دیکە، ئەم کۆچە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکەش دەستی پێ کردووە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ئەورووپا و ڕۆژئاوا، بۆیە دەبێت لە ڕەهەندی جیاوازە سەیری ئەم پرسە بکرێت، ئەگەر دیاردەی کۆچ لەسەر ئاستی جیهان دیاردەیەکی پەسەند نییە، ئەوا دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەترسییە هەموو لایەك ئەو بژارەیە قبووڵ بکەن، کە ئەویش بەرپرسیاریەتی داراییە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت هەموو وڵاتان هاوکاریی دارایی بکەن، بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ سەرچاوەی دیاردەی کۆچ بدۆزنەوە. کە بێگومان ئەو سەرچاوەیەش داراییە، کاتێکیش خەڵکانێك کۆچ دەکەن بۆ وڵاتانی جیاواز، لەگەڵ خۆیان کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئەمنییەکانیش لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ ئەو وڵاتە، بۆیە ئەوکات دەبێت، دارایی زیاتر تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشانە بکەن.

ئەوەی ئێستا قسەی لەسەر دەکەین، تەنیا قسەو پێشبینی نین، بەڵکو ئێستا ئێمە لەناو ئەو قەیرانەدا دەژین، ئێمە ئەمڕۆ مەترسییەکان دەبینین، بۆیە هیوادارم جیهان زۆر بە گرنگی سەیری ئەمە بکات و بە دەستەجەمعی کار بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە».

### ● دەرفەت ڕەخساندن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان

کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵگەی ئێمە، کێشەی گەنجان و نەبوونی هەلی کاری پێویستە بۆ گەنجەکان، ڕێژەی گەنجانیش لە کۆمەڵگەی ئێمە زۆر بەرزە، هەر بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان وەك کۆمەڵگەیەکی گەنج پێناسە دەکرێت، بایەخدان بە کێشەی گەنجان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی کەشی گونجاو بۆ دەستبەرکردنی هەلی کار، ئەولەوییەتی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە و، لەم پەنێڵەدا سەرۆك وەزیران بەمجۆرە باسی لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەنجان کرد: «گەنجان ئایندەی وڵاتی ئێمەن، باوەڕێکی پتەوم بەوە هەیە، دەبێت گەنجان و بەهرەمەندیی گەنجان پەرە پێ بدەین و بۆ پێشخستنی ئەم وڵاتە سوودی لێ وەربگرین.

لە ئێستادا لەناو ئۆفیسەکەی خۆم نزیکەی ٦٠-٧٠ گەنجی بەهرەمەندی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کار دەکەن، ئەم بازنەیەش لە فراوانبوون و گەشەکردندایە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە توانای گەنجان دەبنە بزووێنەری ریفۆرم و وەرچەرخان لە کوردستاندا، هەر بۆیە وەبەرهێنانێکی زۆر باش لە گەنجاندا دەکەین و دڵنیاشم لە ئایندەیەکی نزیکدا سوودێکی گەورەی دەبێت، بۆ ئەمەش چەند پرۆگرامێکمان دەست پێ کردووە، لەوانە «فەرمانگەی داهێنانی کوردستان» کە لە بنەڕەتدا ئەم فەرمانگەیە بۆ ئەوە دامەزراوە هاوکاریی «بەهرەمەندان و بیرۆکە و بیرکردنەوەکانی گەنجان» بکات، بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکە و بەهرەمەندییانە بکاتە کردار و پلانی بازرگانی، بەم دواییە پرۆژەی «دەستپێشخەریی گەشانەوەی دارایی — Bloom Finance Initiative»مان ڕاگەیاند، کە دەرفەت بە خاوەن کارەکان دەدات، بۆ فراوانکردن و پێشخستنی کارەکانیان قەرز لە بانکەکان وەربگرن، بۆیە من باوەڕم وایە دەبێت دەرفەتی باش بۆ گەنجان دروست بکەین، بۆ

ئـەوەی ببنـە خـاوەن کاری خۆیـان، لـەم ڕووەوە بارگرانییەکـی گـەورە لەسـەر شـانی حکومـەت لا دەبـات، بـۆ ئەمـەش هەوڵەکانمـان بـەو ئاراسـتەیەن کـە ژینگەیـەك دروسـت بکەیـن، بـۆ ئـەوەی زیاتـر هاوکاریـی کەرتـی تایبـەت بکەیـن، ئەمـەش لـە پێنـاوی ئەوەیـە خەڵـك چانسـی باشـتری هەبێـت بـۆ ئەوەی لـە کەرتـی تایبەتـدا کاری شایسـتەی دەسـت بکەوێـت.

بـەم دواییانـە لەگـەڵ کەرتـی تایبـەت لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتوویـن، کـە هـەر کۆمپانیایـەك لانـی کەمـی ٧٥٪ی هێـزی کاری دەبێـت هێـزی کاری ناوخۆیـی کوردسـتان بێـت، ئەمـەش دەرگایەکـە بـۆ ئـەوەی هەلـی کاری زیاتـر بـۆ گەنجـان دابیـن بکەیـن.

## ● ڕۆڵ و گرنگیی بەشداریی ژنان لە پرۆسەی حوکمڕانیدا

ئاسـتی بـەرزی بەشـداریی ژنـان لـە پرۆسـەی حوکمڕانـی و بزنسـدا، ڕەنگدانـەوەی پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە و کاڵبوونـەوەی ئەقڵییەتـی پیاوسـالارییە، ئـەم پرسـەش، یەکێـك بـوو لـەو پرسـانەی لـەم گفتوگـۆ تایبەتـەدا ڕووبـەڕووی سـەرۆك وەزیـران کرایـەوە و بـەم ڕاشـکاوییە وەڵامـی دایـەوە: «سـەبارەت بـە کەرتـی گشـتی، پێموایـە زۆرتریـن ژمـارەی وەزیـری ئافـرەت بـە بـەراورد بـە کابینەکانـی پێشـتر حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـەم کابینەیـەی مندایـە، ئەمـەش نـەك تەنیـا لەسـەر ئاسـتی وەزارەتـەکان، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی تـەواوی دامـەزراوە و ڕێکخراوەکانـی حکومەتـدا، بـا ئاماژە بـە ڕاسـتییەك بکەیـن، مـن بـاوەڕم بـەوە نییـە کـە دەبێـت لەبـەر جیاوازیـی ڕەگـەزی بایـەخ بـە ژنـان بدەیـن، یـان دەرفەتیـان بـۆ بڕەخسـێنین، بەڵکـو بـاوەڕم بەوەیـە ژنـان زۆر لێهاتـوو و بەهرەمەنـدن و سەلماندووشـیانە کـە زۆر لێهاتـوو و بەهرەمەنـدن، کەواتـە ئێمـە پێویسـتمان بەوەیـە دەرفەتـی یەکسـان بـۆ ژنـان و پیـاوان وەك یـەك بڕەخسـێنین، ئەمەشمان لـەم حکومەتـدا کـردووە.

هـەر لەنـاو حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا ڕێکخراوێکـی دیکەمـان هەیـە بـە ناونیشـانی «ئەنجومەنـی بـاڵای خانمـان و گەشـەپێدان» کـە سـەرۆکی ئـەو فەرمانگەیـە لێرەیـە، هەروەهـا وەك حکومـەت پشـتگیریی ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی ژنـان دەکەیـن، پێویسـتمان بـە ژنانـە بـۆ ئـەوەی زیاتـر بێنـە پێشـەوە و کار بکـەن، هەسـتیش دەکـەم گۆڕانکارییـەك لـە بیرکردنـەوەی کۆمەڵگـەی ئێمـە بـووە و پێویسـتە پشـتیوانیی زیاتـر لـە ژنانی چالاك و بەشـداریکردنی ژنـان لـە کۆمەڵگـەدا بکەیـن.

**باوەڕم بەوە نییە کە دەبێت لەبەر جیاوازیی ڕەگەزی بایەخ بە ژنان بدەین، یان دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنین، بەڵکو باوەڕم بەوەیە ژنان زۆر لێهاتوو و بەهرەمەندن و سەلماندووشیانە کە زۆر لێهاتوو و بەهرەمەندن**

## ● پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان

خاڵی گـەش و بەهێزی کوردستان کە جیهان بە شکۆوە سـەیری دەکات، پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێـوان نەتـەوە و ئایینـە جیاوازەکانـی کوردسـتانە، لـەم گفتوگۆیـەدا پێشکەشـکاری پەنێڵەکـە بـە «کەمینـە» نـاوی بـردن، ئـەم چەمکـە سـەرۆك وەزیرانـی نیگـەران کـرد و گوتـی: «پێـش هەمـوو شـت مـن بـە شەخسـی زۆر حـەزم لـە بەرکارهێنانی چەمکی «کەمینـە» نییـە، ئەمـەش لەبەر ئەوەیە، ئێمە وەك کـورد باجێکی قورسـی کەمینەمـان داوە و، هەمیشـە لـە وڵاتـدا بـە چـاوی کـەم سـەیر دەکرایـن، بۆیـە پرسـەکە پەیوەنـدی بـە زۆرینـە و کەمینـەوە نییـە، بەڵکـو پەیوەسـتە بـە فرەیـی ئاییـن و نەتـەوە جیـاوازەکان لـە کوردسـتاندا، ئێمـە لـە کوردسـتان پێکهاتـەی جیاوازمـان هەیـە، هەموویـان هەمـان مافیـان هەیـە و پارێـزراوە، یاسـا لـە سـەرووی هەمووانـە، ئێمە هەرگیـز ناچیـن پشـتگیری کەسـێك بکەیـن کـە سـەر بـە پێکهاتەیەکـی گەورەیـە و دژی کەسـێك کـە سـەر بـە پێکهاتەیەکـی بچووکتـرە، بێگومـان ڕەفتارەکانمـان زۆر بەرزتـر لـە وشـەکان بەرجەسـتە دەبـن، ئێسـتا لـە کوردسـتان میوانداریـی زیاتـر لـە یـەك ملیـۆن ئـاوارەی پارێزگاکانی عێراق کـراوە، زیاتـر لـە ٢٥٠ هـەزار کۆچبـەری وڵاتانـی دەوروبـەری حەواندووەتـەوە.

**لە کوردستان میوانداریی زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارەی پارێزگاکانی عێراق کراوە، زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کۆچبەری وڵاتانی دەوروبەری حەواندووەتەوە**

## ● خوشك و برا ئێزدییەکان دەبێت بە سەربەرزی بگەڕێنەوە بۆ شنگال

مـاوەی نزیکـەی سـێ سـاڵە ڕێککەوتنـی شنگال لـە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتـی فیدراڵـی ئیمـزای لەسـەر کـراوە، بـەڵام بـە هـۆی چەندیـن گرووپـی چەکداری باڵادەستەوە کـە لـە شـنگال بوونیـان هەیـە، حکومەتـی فیدراڵی نەیتوانیـوە ئـەم ڕێککەوتنـە جێبەجـێ بـکات، هـەر بۆیـەش هاووڵاتیانـی شـنگال و خوشـك و بـرا ئێزدییـەکان کـە ئـاوارەی هەرێمـی کوردسـتان

**خوشک و برایانی ئێزدی هەموو مافێکیان هەیە کە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام پێویستیان بەوەیە بە شکۆوە و وەک سەرکەوتوو بگەڕێنەوە**



**چەند گرووپ و تاقمێک لە شنگال هەن، کە ئەوان تەحەددای ئێمە ناکەن لە کوردستان، بەڵکو تەحەددای حکومەتی فیدراڵی و خودی سەرۆک وەزیرانی عێراقیش دەکەن، ئەو گرووپ تاقمانە لە شنگال زۆر لە حکومەت بەهێزترن و ڕێگە نادەن کە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت**

بوون، دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە بگەڕێنەوە، لەسەر ئەم پرسە مەسرور بارزانی بەمجۆرە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو: «خوشك و برایانی ئێزدی هەموو مافێكیان هەیە كە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام پێویستیان بەوەیە بە شكۆوە و وەك سەركەوتوو بگەڕێنەوە، بەداخەوە ئەوان قوربانیی دەستی تیرۆریستانی داعشن، بەڵام دیسان بەداخەوە هەتا ئێستا بارودۆخەكە بەو جۆرەیە كە یارمەتیدەر نییە بۆ گەڕانەوەیان، ئەوان حەز دەكەن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام پێویستیان بەوەیە هەست بە دڵنیایی و سەلامەتی بكەن و، خزمەتگوزاریی وەك قوتابخانە و خزمەتگوزارییە سەرەكییەكان لە شارەكەیان بوونی هەبێت، ئێمە بۆ ئەوەی ئەو ئاسانكارییانەیان بۆ دابین بكەین، لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی ڕێككەوتنێكمان بە ناوی «ڕێككەوتنی شنگال» ئیمزا كرد، ئێمە هیوادار بووین كە ئەم ڕێككەوتنە جێبەجێ بكرێت و زەمینەیەك فەراهەم بكرێت بۆ گەڕانەوەیان، بەڵام لەلایەن حكومەتی فیدراڵەوە نەتوانرا ئەم ڕێككەتنە جێبەجێ بكرێت، لەبەر ئەوەی چەند گرووپ و تاقمێك لە شنگال هەن، كە ئەوان تەحەددای ئێمە ناكەن لە كوردستان، بەڵكو تەحەددای حكومەتی فیدراڵی و خودی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش دەكەن، ئەو گرووپ تاقمانە لە شنگال زۆر لە حكومەت بەهێزترن و ڕێگە نادەن كە ڕێككەوتنەكە جێبەجێ بكرێت، هەر بۆیە بێگومان ئێمە ناتوانین كەس ناچار بكەین كوردستان بەجێ بهێڵێت و بچێت لە هەلومەرجێكی نادیاردا بژی، هەر بۆیە هەوڵی ئێمە بەردەوامە داوای پشتگیری بكەین بۆ ئەوەی ڕێككەوتنی شنگال وەك خۆی جێبەجێ بكرێت، ئەمەش دەرفەتێكی باش دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی نەك تەنیا خوشك و برایانی ئێزدی، بەڵكو خەڵكەكەی دیكەش بگەڕێنەوە شار و شارۆچكەكانی خۆیان.

### ● ئازادیی ڕادەربڕین و ئاستی ڕەخنەگرتن لە حکومەت

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێرانی بێ سنوور، عێراق یەكێكە لە خراپترین وڵاتەكان بۆ «ئازادیی ڕۆژنامەگەری» لەم چوارچێوەیەدا بەڕێوەبەری ئەم گفتوگۆیە ئەو پرسیارەی ئاراستە كرد، ئایا لە هەرێمی كوردستان ڕۆژنامەنووس



دەتوانێت زۆر بە کراوەیی و ڕاشکاوانە پرسیار لە حکومەت بکات و مەترسیی زیندانی کردنی نەبێت؟ سەرۆك وەزیرانی کوردستان بەمجۆرە وەڵامی دایەوە: «من لە بارەی عێراقەوە قسە ناکەم، بەڵام من بەرپرسیارم لە کوردستان، بۆیە دەتوانم پێت بڵێم: بەڵێ دەتوانن، ڕۆژانە خەڵك ڕەخنە دەگرن، ڕەخنە لە حکومەتەکەم دەگرن و ئازادن، ڕۆژنامەنووسی کارێکی بەڕێزە، بەڵام جیاوازی لە نێوان ئازادی و ئاژاوە هەیە، هەروەها جیاوازی لە نێوان ئازادیی ڕادەربڕین و ناوزڕاندنیشدا هەیە. من بە شەخسی زۆر ڕێزی ڕۆژنامەنووسان دەگرم، پێموایە ڕۆژنامەگەری لە کوردستان زۆر چالاکە و کاریگەرە، بە دڵنیاییەوە ڕۆژنامەنووسان مافی ئازادیی ڕادەربڕینیان هەیە، ڕەخنە بگرن. من ئومێدەوارم بەشی هەرە زۆری ڕەخنەکانیان بۆ بونیادنانی کوردستان بێت و یارمەتی ئێمە بدات، لە هەڵەکانی خۆمان فێر بین و هەست بەو کەموکورتییانە بکەین کە هەمانە و، وەك دەشزانن ئەم جۆرە ڕەخنانە کاریگەرییەکی زۆر ئەرێنیی لەسەر ئەو بڕیارانە دەبێت، کە ئێمە دەیدەین. پێموایە ئەوەی گوتم زۆر بە گشتی بوو، بەڵام بۆ من، هەر کەسێك ڕەخنەمان لێ دەگرێت، ئومێدەوارم بتوانێت داتامان بداتێ.

دووبارەی دەکەمەوە من بۆ هەموو عێراق قسە ناکەم، بەڵکو بۆ کوردستان قسە دەکەم، ئومێدەوارم هەندێك بەراورد بکرێت، تا بزانرێت لە ٥-١٠ ساڵ لەگەڵ ئێستا حکومەت چۆن مامەڵەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و ئەم پیشەیە کردووە، ئێمە هەموو پشتگیرییەکەمان کردوون لە چوارچێوەی یاسادا، بەڵام لەم پرسەدا من پرسیارێکم لە ئامادەبووانی ئەم هۆڵە و هەموو ئەوانەشی هەیە کە ئێمە دەبینن، خۆشحاڵم کە هەمووان ئەوەندە بە پەرۆشەوە خوازیاری مافی ئازادیی ڕادەربڕینین، بەڵام ئایا سەبارەت بە مافی بوون، ئێمە وەك نەتەوەیەك مافی ئەوەشمان هەیە بوونمان هەبێت و ئازاد بین؟ کەواتە چۆن دەبێت سەرنج لەسەر ئازادیی تاکێك بێت و مافی ئازادی بۆ تەواوی نەتەوەیەك فەرامۆش بکەیت؟ من لەگەڵ ئەوە نیم یەکێکیان بۆ ئەوی دیکەیان وەلا بنرێت، بەڵام جەخت دەکەمەوە، ئەگەر کۆمەڵگەیەکی ئازادت هەبوو، دەتوانی بژارەی ئازاد وەربگرێت و هەموو شتێك بکەیت».

**ڕۆژنامەگەری لە کوردستان زۆر چالاکە و کاریگەرە، بە دڵنیاییەوە ڕۆژنامەنووسان مافی ئازادیی ڕادەربڕینیان هەیە، ڕەخنە بگرن. من ئومێدەوارم بەشی هەرە زۆری ڕەخنەکانیان بۆ بونیادنانی کوردستان بێت و یارمەتی ئێمە بدات، لە هەڵەکانی خۆمان فێر بین و هەست بەو کەموکورتییانە بکەین کە هەمانە**

تا ٢٥ی ئاداری ئەمساڵ وەزارەتی نەوتی عێراق و لایەنی تورکی و بە ڕەزامەندیی هەمووان، نەوتی هەرێمی کوردستانیان دەنارده دەرەوە و دەفرۆشرا

دادگای ناوبژیوانانی پاریس لە ئیدارەدان و دەرهێنان و گواستنەوە و ئەمبارکردنی نەوت مافی بە هەرێمی کوردستان داوە، تەنیا لە فرۆشتنی نەوت ئەو مافەی بە هەرێم نەداوە

ئەگەر گرێبەستەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیاکان هەموار بکرێنەوە، دەبێت بە ڕەزامەندیی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتدا بێت



**کەمال محەمەد ساڵح**

**وەزیری سامانە سرووشتییەکان بۆ گوڵان:**

# گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان گرێبەستی دەستووری و یاساین، چونکە کوردستان هەرێمێکی دەستوورییە و یاسای نەوت و غازی خۆی هەیە

## ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان حەوت ملیار دۆلار زیانی بە عێراق گەیاندووە

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست MEPS - ٢٠٢٣ جەختی لەسەر ئەم خاڵە کردەوە «حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بابەتی نەوتدا هەموو ئەرکەکانی سەرشانی خۆی کە لە دەستووردا هاتووە، جێبەجێ کردووە، بەڵام هیچ کاتێك مافی خۆمان وەکو ئەوەی لە دەستووردا هاتووە و ئاماژەی پێ دراوە، وەرمان نەگرتووە». کەمال محەمەد ساڵح وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە وەکالەت، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە، و گفتوگۆکانیان لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ دەخاتەڕوو، هەر لە هەناردەکردنەوەی نەوت و گرێبەستەکان و تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت و دابەشکردنی نەوت و بەنزین و، وادەی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت و چەند بابەتی دیکە، لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.

**داواکەی عێراق لە دادگای ناوبژیوانانی پاریس ڕەفتارێکی ناتەندروست و ناعەقڵانی بوو**

**سەردانەکەی ئەم دواییەی وەزیری نەوتی عێراقی فیدراڵ و کۆبوونەوەی دوو ڕۆژەمان، لێکتێگەیشتنێکی باشی لێ کەوتەوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەنگاوی گرنگ بوو**

**لە دۆسێی وزە و نەوتدا جیهان پێکەوە بەستراوە و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت و دەستپێکرنەوەشی کاریگەریی لەسەر ڕەوشی وزە لە جیهان و نرخەکان و ژێرخان و ئابووریی وڵاتان دەکات**

**لە ڕێگەی پاڵاوتگەکانی نێوخۆوە، بەنزین و گازوایل و غازی ماڵان و غازی تایبەت بە کارپێکردنی یەکەکانی وێستگەکانی کارەبا و نەوتی سپی بەرهەم دەهێنین**

*** دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرانبەر دۆسێی نەوت هەموو ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کرد، ئایا تا چ ئاستێك نزیکبوونەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ، بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان؟**

- لە ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ حەییان عەبدولغەنی جێگری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری نەوتی عێراق، لەگەڵ شاندێکی باڵا کە دوو بریکار و چەند ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتیی لەگەڵدا بوون، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، ئەم سەردانەش دوای سەردانەکەی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان و، چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هات، ئەم سەردانە گۆڕانکارییەکی نەوعی بوو لە نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنی هەردوو لا بۆ دۆسێی نەوت و نزیکبوونەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و، زەرووەتی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، کە ڕاوەستانەکەی زیانێکی گەورەی دارایی و ئابووریی بە هەر دوو ئابووریی هەرێمی کوردستان و عێراق گەیاندووە، کە خۆی لە حەوت ملیار دۆلار دەدات، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی عێراق داوای قەرەبووکردنەوەی تەنیا یەك ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری لە تورکیا کردووە، تەنانەت دیار نییە، ئاخۆ تورکیا ئەو برە پارەیە دەدات، یان نا، بۆیە داواکەی عێراق لە دادگای ناوبژیوانانی پاریس ڕەفتارێکی ناتەندروست و ناعەقڵانی بوو. هەر چۆنێك بێت هەروەکو ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆربەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست MEPS — ئاماژەی پێ دا، «حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەرکەکانی خۆی کە لە دەستووردا هاتووە، جێبەجێی کردووە»، بۆیە تۆپەکە لە ئێستادا لە گۆڕەپانی عێراقدایە، سەردانەکەی ئەم دواییەی وەزیری نەوتی عێراقی فیدراڵ و کۆبوونەوەی دوو ڕۆژەمان، لێکتێگەیشتنێکی باشی لێ کەوتەوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەنگاوی گرنگ بوو، لەسەر زۆر بواری تایبەت بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆریی جەیهانی تورکییەوە. لە ئێستادا هەموان پێشوازی لە دەستپێکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەن، چونکە لە دۆسێی وزە و نەوتدا جیهان پێکەوە بەستراوە و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت و دەستپێکرنەوەشی کاریگەریی لەسەر ڕەوشی وزە لە جیهان و نرخەکان و ژێرخان و ئابووریی وڵاتان دەکات، لەم زستانەشدا لەگەڵ بەردەوامیی جەنگەکانی نێوان (ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەروەها سوپای ئیسرائیل و حەماس) بازاڕە جیهانییەکانیش پێشوازی لە ئەگەری هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەن.

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کەرتی وزە و نەوت و غاز پەرەپێدانی باشی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەتا لە بواری دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا و کارپێکردنی یەکەکانی وێستگە غازییەکان بە غازی پاك و خاوێن پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە جگە لە هەنگاوەکانی بەرەو پیشەسازیکردنی نەوت و غاز کە لە زۆر ڕووەوە زۆر بەرەوپێشەوە چووە، ئەوەتا لە ڕێگەی پاڵاوتگەکانی نێوخۆوە، بەنزین و گازوایل و غازی ماڵان و غازی تایبەت بە کارپێکردنی یەکەکانی وێستگەکانی کارەبا و نەوتی سپی بەرهەم دەهێنین و، تا ڕادەیەکی باش توانیومانە ئەم پێداویستییانە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دابین بکەین، وەکو وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەسەر فەرمانی سەرۆك وەزیران پاڵپشتیی نرخەکانیش دەکەین، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی عێراق وەکو پێویست و بەپێی پشکی هەرێمی کوردستان و هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکە بە نرخی پاڵپشتیکراو ئەم پێداویستییانە بۆ هەرێمی کوردستان نانێرێت. لە ئێستادا تێگەیشتنی باش هەیە و شاندی هەرێم و بەغدا لە گفتوگۆدان و هیوادارم بگەینە ڕێککەوتن و دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوت بکەینەوە و سەرجەم کێشەکان ڕوو لە چارەسەر بکات.

*** گرنگترین کێشەکانی نێوان هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی سامانە**

**سرووشتییەکان لە کوێدان؟، ئایا هۆکاری چییە وەزارەتی نەوتی عێراق لۆژیکانە ناڕوانێتە گرنگیی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش؟**

- پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان، سەرەتا پێویستە هەمووان دان بەوەدا بنێین، کە پرۆسەی بەرهەمهێنان و دەستپێکردنی هەناردەکردنی نەوت لە ساڵی ٢٠١٤ دا، هەنگاوێکی نیشتمانی و گەورەی هەرێمی کوردستان بوو، بەتایبەتی لە کاتێکدا بەغدا بودجەی هەرێمی بڕیبوو، هەرێم بە ناچاری دەستی بەم هەنگاوە کرد، تاوەکو مووچەی مووچەخۆران بدەین و پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری ڕانەوەستن و، بتوانین شەڕی داعش بکەین و پێداویستییەکانی هاتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە دابین بکەین، دەستووریش ئەو مافەی هەرێم بە داوە، کە نەوتی خۆی دەربهێنێت، گرفتەکە لەگەڵ ناوەند لەوەوە سەری هەڵداوە، کە هێشتا کەسانێك هەن بە مەرکەزی بیر دەکەنەوە، لە کاتێکدا عێراقی نوێ لەسەر بنەمای وڵاتێکی فیدراڵی دامەزرایەوە و لە دەستووریشدا ئەمە بە ڕوونی باس کراوە، کەواتە نابێت بەپێی ئیجتیهادات بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەستوورەکە بە لاڕێدا ببەن، یان هەلی ئەوە بقۆزرێتەوە ئەو مادده و خاڵ و بابەتانەی لە ناو دەستوورەکەدا ناڕوونە، بەپێی ئیجتیهادات و بەرژەوەندیی خۆیان خوێندنەوەی بۆ بکەن .

ئەو کاتەی سەرۆك بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، لەگەڵ خۆلێخۆشبوو جەنابی مام جەلال کە سەرۆك کۆماری عێراق بوو، بە فەرمی هەناردەکردنی نەوتمان دەست پێ کرد، تا ٢٥ی ئاداری ئەمساڵ کە نەوتی هەرێمی کوردستان دوای بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانانی پاریس ڕاگیرا، نەوتی کەرکووکیش بە هەمان بۆریی نەوتدا دەچووە بەندەری جەیهانی تورکی، کە ڕۆژانە ٧٥ – ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکرا، واتا وەزارەتی نەوتی عێراق و لایەنی تورکی و بە ڕەزامەندیی هەمووان نەوتی هەرێمی کوردستان دەنێردرایە بازاڕەکانی جیهان و دەفرۆشرا، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە نەوتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمی پەرەپێدانی تێدا کراوە و لە بازاڕە جیهانییەکاندا دەفرۆشرا، تەنانەت بە هۆی تێکچوونی پارچەیەك لە بۆریی نەوتی عێراق بە ناچاری حکومەتی عێراقیش بە بۆری نەوتی هەرێمی کوردستاندا نەوتی هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکی دەکرد.

حکومەتی عێراق کاتێك پەنای برد بۆ دادگای ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس، لە ئەسڵی پێنج مادده کە ئیدارەدان و دەرهێنان و گواستنەوە و ئەمبارکردن و بەبازاڕکردنە، تەنیا لە خاڵی بەبازاڕکردندا لە بەرژەوەندیی عێراق بڕیاری دا، واتا ئیدارەدانی نەوت و دەرهێنانی نەوت و گواستنەوە و ئەمبارکردنیش مافی هەرێمی کوردستانە، تەنیا لە فرۆشتنی نەوت ئەو مافەی بە هەرێمی کوردستان نەداوە، کە دەبێت بە ڕێگەی سۆمۆ بێت، ئێمەش وەکو وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هیچ کێشەمان نییە کە لە ڕێگەی سۆمۆوە نەوتی هەرێمی کوردستان بێتە فرۆشتن، تەنیا کێشە تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت و شێوازی گرێبەستەکانە لەگەڵ کۆمپانیاکاندا، کە لێرە بە هاوبەشییە، لە یاسای بودجەی ساڵانی ٢٠٢٣- ٢٠٢٥ بۆ کۆمپانیاکانی نەوتی عێراق شەش دۆلاری بۆ بەرمیلێك نەوت داناوە، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت واژوو کراوە، ٢٤ دۆلارە، ئەمەش چونکە لێرە ئەو کۆمپانیانە وەبەرهێنان و پەرەپێدانیان لەسەر حیسابی خۆیان کردووە و ئاستی مەترسیی دۆزینەوە و دەرهێنان و بەردەوامیی نەوت زیاترە، کۆمپانیا هەبووە تاکو نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە و نەوتی نەدۆزیوەتەوە، لە کاتێکدا لە عێراق کێڵگەکانی نەوت حازر و لەبەردەست بوون، لە عێراق ساڵانە بودجەیەکی تایبەت بۆ دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و گواستنەوە تەرخان کراوە، لەوێ گرێبەستەکان بە شێوەی گرێبەستی خزمەتگوزارییە و عێراق لەبری بەرهەمهێنان داهاتیان دەداتێ، لە کاتێکدا لێرە گرێبەستەکان بە شێوەی گرێبەستی هاوبەشییە و لەبری دەرهێنانی نەوت بڕێك نەوتمان دەدانێ، گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان گرێبەستی دەستووری و یاساییە، چونکە کوردستان هەرێمێکی دەستوورییە لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵیدا و یاسای نەوت و غازی خۆی هەیە .

**لە ئێستادا تێگەیشتنی باش هەیە و شاندی هەرێم و بەغدا لە گفتوگۆدان و هیوادارم بگەینە ڕێککەوتن و دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوت بکەینەوە**

**گرفتەکە لەگەڵ ناوەند لەوەوە سەری هەڵداوە، کە هێشتا کەسانێک هەن بە مەرکەزی بیر دەکەنەوە، لە کاتێکدا عێراقی نوێ لەسەر بنەمای وڵاتێکی فیدراڵی دامەزراوە و لە دەستووریشدا ئەمە بە ڕوونی باس کراوە**

**بە هۆی تێکچوونی پارچەیەک لە بۆریی نەوتی عێراق بە ناچاری حکومەتی عێراقیش بە بۆری نەوتی هەرێمی کوردستاندا نەوتی هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکی دەکرد**

**ئێمەش وەکو وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هیچ کێشەمان نییە کە لە ڕێگەی سۆمۆوە نەوتی هەرێمی کوردستان بێتە فرۆشتن**

**کۆمپانیا هەبووە تاکو نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە و نەوتی نەدۆزیوەتەوە، لە کاتێکدا لەعێراق کێڵگەکانی نەوت حازر و لەبەردەست بوون**

**گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان گرێبەستی دەستووری و یاساییە، چونکە کوردستان هەرێمێکی دەستوورییە لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵیدا و یاسای نەوت و غازی خۆی هەیە**

**لە دوا سەردانی کونسوولی گشتیی ئەمریکاش جەختیان لەسەر ئەم خاڵە کردووە کە ئایا هەنگاوەکانی پێکەوەی هەردوو وەزارەت بۆ داڕشتنەوەی یاسای نەوت و غاز بە کوێ گەیشتووە؟**

**وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەسەر فەرمانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە توانا و ئیمکاناتی ناوخۆ، چاوەڕێی حکومەتی عێراقمان نەکرد و هەر زوو دەستمان بە دابەشکردنی نەوتی سپی کرد**

*** کەواتە کێشەکە لەسەر هەمووارکردنەوە و ڕێکخستنەوەی گرێبەستەکانە، یان لەسەر تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوتەکەشە؟**

- لە گفتوگۆکانی ئێمەدا لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی ١٢ی ئەمساڵدا دووبارە گفتوگۆکان دەست پێ بکەینەوە، جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەگەر ئەم گرێبەستانە هەموار بکرێتەوە، یان نوێ بکرێتەوە، دەبێت بە ڕەزامەندی بێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتدا، ئەگەر کۆمپانیاکان ڕازی بوون، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نامێنێت، هەروەها دەبێت لەسەر نرخی تێچوونی بەرمیلێك نەوت ڕێك بکەوین، ئەم بابەتە تایبەتە بە بواری جیۆلۆجی و سرووشتی کێڵگەکانی نەوت کە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت، خۆ لە عێراقیش ئەو بڕە پارەیەی دەدرێت بە کۆمپانیاکان هەمووی وەکو یەك نییە، ئەوان بە تێکڕا حیسابیان کردووە، بۆ نموونە لە کێڵگەی گەیارە ٤٠ دۆلارە و لە بەدرە ٣٤ دۆلارە و لە مەیسان ٢٢،٧ دۆلارە و لە مەجنوون ١٨ دۆلارە و لە قورنە ٧،٢ دۆلارە، لە عێراق کۆمپانیاکان تەنیا ئیدارەدانی کێڵگەکان دەکەن و ژێرخان و ئاستی بەرهەمهێنانیان زۆر زیاترە بە راورد بە کێڵگەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، چارەسەری هەموو ئەم کێشانە دەبێت لە داڕشتنەوەی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی بێت، کە دەبێت بە هاوبەشی لە نێوان هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکاندا دابڕێژرێتەوە و ئامادە بکرێت، لە دوا سەردانی کونسوولی گشتیی ئەمریکاش جەختیان لەسەر ئەم خاڵە کردووە کە ئایا هەنگاوەکانی پێکەوەی هەردوو وەزارەت بۆ داڕشتنەوەی یاسای نەوت و غاز بە کوێ گەیشتووە؟ گرفتەکە لەوەدایە عێراق هێشتا بە مەرکەزی بیر دەکاتەوە و دەیەوێت هەموو بابەت و سامان و داهاتەکان مەرکەزی بێت و دەسەڵاتەکان بەسەر هەرێم و پارێزگاکاندا دابەش نەکات، ئەمەش لەگەڵ بنەما و یاساکانی فیدراڵی و عێراقی نوێدا ناگونجێت کە لەسەر شەراکەت و هاوبەشی دامەزراوە. گرفتێکی دیکە ئەوەیە حکومەتی عێراق ناوەندی بڕیاری زۆرە و زوو زوو لە ڕێککەوتنەکانی پەشیمان دەبێتەوە، هەروەکو چۆن لە ڕێککەوتنی ٢٠٢٣/٤/٤ بە ئامادەبوونی هەردوو سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ ڕێککەوتنێك واژوو کرا، لەلایەکی دیکەوە ئومێد زۆرن بەوەی ئەم جارە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی و وەزیری نەوتی عێراق و شاندەکەی جددین لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێك و، ئومێدەوارم لە ساڵی نوێدا هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکاتەوە.

*** یەکێك لە پرسە سەرەکییەکانی دیکە دابینکردنی پشکی هەرێمی کوردستانە لە نەوت و بەنزین لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە، بەتایبەتی ئێوە بۆ ئەمساڵ زووتر دەستان دابەشکردنی نەوتی سپی بەسەر ماڵاندا کرد و، بۆ یەکەمین جار دوای چەندین ساڵ گەیشتە ناو سەنتەری شارەکان، ئایا لە وتووێژەکانتان لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ دابینکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە نەوتی سپی، بە کوێ گەیشتن؟**

- وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەسەر فەرمانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە توانا و ئیمکاناتی ناوخۆ، چاوەڕێی حکومەتی عێراقمان نەکرد و هەر زوو دەستمان بە دابەشکردنی نەوتی سپی کرد و هەر خێزانێك ٢٠٠ لیتر نەوتی سپی بەسەردا دابەش کرا، بە نرخێکی پاڵپشتیکراو، خۆشبەختانە ناوچە شاخاوییەکان و دەوروبەرمان تەواو کرد و، ئێستا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت و کانزاکانەوە، پرۆسەکە گەیشتووەتە ناو سەنتەری شارەکان، زیاتر لە ٦٢٠ هەزار خێزان لە سەرانسەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەشە نەوتی خۆیان وەرگرتووە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا بۆ گەرمکردنەوە کردووە، ئەمە جگە لەوەی هەڵکشانی نرخی نەوتیشی لە بازاڕەکانی کوردستاندا ڕاگرتووە، سەبارەت بە پرسیارەکەتان ئێمە هەر زوو لە مانگی ١٠ی ئەمساڵەوە بە نووسراو و لە ڕێگەی ناردنی نوێنەرەکانمان و خۆشم بە شەخسی، کە سەردانی بەغدام کردووە و لە کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی نێوان هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکاندا پێمان وتوون، کە پێویستە بە هەمان نرخی پاڵپشتیکراوی پارێزگاکانی دیکە نەوتی سپی بنێردرێتە هەرێمی کوردستان، لێکتێگەیشتنی باش لەم بوارەدا هەیە، وەکو مەبدەئی لە ٢٠٢٣/١١/١٨ ڕەزامەندییان دەربڕیوە کە ٥٠ ملیۆن لیتر نەوتی سپی بنێرنە هەرێمی

کوردستان و بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشی بکەین، بەداخەوە تاکو ئێستا بە غدا هیچ بڕە نەوتێکی سپی نەناردووە و ئەو دەنگۆیانەی لە سۆشیاڵ میدیا باس لە ناردنی نەوتی سپی بەغدا دەکەن، دوورە لە ڕاستییەوە، ئەوان نووسراوێکیان ناردووە دەڵێن لیتری بە ٥٠٠ دینار دەنێرینە هەرێمی کوردستان، کە ئەگەر دوو خەرجی گواستنەوەی لەسەر حیساب بکەین، نرخێکی بەرزە، من بە وەزیری نەوتی عێراقم گوت، دەبێت نەوت بە چ نرخێك دەدرێتە هاووڵاتیانی عێراق، بە هەمان نرخیش بدرێتە هاووڵاتیانی کوردستان کە بۆ خۆیان لیتری بە ١٥٠ دینارە کەچی بۆ ئێمە بە ٥٠٠ دینارە و هێشتاش نەیناردووە، ئەم حاڵەتە بۆ بەنزینیش بە هەمان شێوەیە، لەوێ بە نرخێکی پاڵپشتیکراو لەسەر بودجەی گشتی بە ٦٥٠ دینارە و بە ٤٥٠ دینار دەیدات بە هاووڵاتی خۆی، ئەمەش جیاوازییەکی زۆرە لە نێوان هاووڵاتیانی پارێزگاکانی عێراق و هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. ئەگەر وەجبەی نەوتی عێراق بگات، هاوکاری باشی تەواوکردنی پرۆسەکە دەبێت و بۆ جاری دووەمیش بەسەر هاووڵاتیانی خۆماندا دابەشی دەکەینەوە، ئەمەش دوای ئەوەی هەموو هاووڵاتیان وەجبەی یەکەمیان وەرگرت.

*** لە باسی ژێرخانی وزەدا باسی بەرهەمهێنانی کارەبات کرد لە ڕێگەی وزەی خاوێنەوە، کە کاریگەریی باشی لەسەر پاکڕاگرتنی ژینگە و گۆڕانکاری لە کەشوهەوا دەکات، ئایا لەم بوارەدا هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێکی ناوە؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە پاڵپشتی خودی سەرۆك وەزیران، توانیمان زۆربەی یەکەکانی بەرهەمهێنانی غازی سرووشتی لە گازوایلەوە بگۆڕین بۆ بەکارهێنانی غازی سرووشتی، کە لە ڕووی تێچوون و پاراستنی ژینگەوە هەنگاوێکی گرنگە، هاوکات بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی عێراق لە غازی بەفیڕۆچووی کێڵگەکانی نەوتی گەرمیانەوە بڕی ١٦٥ مێگاوات کارەبامان بەرهەم هێنا، کە پێشتر ئەو غازە دەسووتا و هیچ سوودێکی لێ نەدەکرا و کاریگەریی لەسەر پیسبوونی ژینگەش هەبوو، چەندین وێستگەی کارەبا بە بەرهەمهێنانی وزەی خۆر دامەزران و ژمارەیەکی دیکەش بە بڕی ٧٥ مێگاوات کارەبا لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك ڕەزامەندیی لەسەر دراوە و لە هەولێر و دهۆك گرێبەستی بۆ کراوە و گرێبەستێکی دیکەش بۆ هەمان مەبەست واژوو کراوە، ئەمە جگە لە وێستگەی دێرەلۆك لە پارێزگای دهۆك کە بە توانای ٣٧ مێگاوات کارەبا لە ڕێگەی ئاوەوە کارەبا بەرهەم دەهێنێت، هەر لە ڕووی گرێبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی ئاوەوە، چوار گرێبەستی دیکەمان بۆ بەرهەمهێنانی ٣٠٠ مێگاوات کارەبا واژوو کردووە و چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە ڕووی یاسای وەزارەتی کارەباشەوە، یاسای وەزارەتمان هەموارکردەوە و بابەتی وزەی خۆر و مەسەلەی پاڵپشتیکردنی هاووڵاتیان و کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی وزەی خۆر جێگەی کراوەتەوە، تەنانەت ڕێنماییمان دەرکردووە بۆ مەقاسەکردنی کارەبای زیادەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر، هەروەها وێستگەکانی خۆرمەڵە و بازیان کە سمبڵ سایکل بوو، ئێستا دوو گرێبەستی هەریەکەو ٥٠٠ مێگاوات کارەبایە واژوو کراوە و بڕیارە ئەوەی بازیان لە مانگی سێ بکەوێتە کار، ئەمانەش هەمووی بوونەتە جێگەی دەستخۆشی و پێزانینی دەستەی پاراستنی ژینگە و کونسووڵ و باڵیۆزەکانی وڵاتان. ڕەنگە ئەو پرسیارەتان لا گەڵاڵە ببێت، کە وێڕای ئەم هەموو پڕۆژە و کارانە، بۆچی ماوەکانی پێدانی کارەبا زیاد نابێت؟ ئێمە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیومانە ئاستی ژێرخانی کارەبا بگەیەنینە ٧٤٠٠ مێگاوات کارەبا، بەڵام کێشەی قەیرانی دارایی و سووتەمەنیمان هەیە کە لە ٣٥٠٠-٣٦٠٠ زیاتر کارەبا بەرهەم ناهێنین، ئەمەش بەرهەمهێنانێکی کەمە ئەگەر بەراورد بکرێت بە هەڵکشانی خواست و زیادبوونی هاوبەشانی کارەبا و، داواکاریی کارەبا لە لایەن هەموو پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و کارگە و بوارەکانی دیکەی پڕۆژەکانەوە، تەنیا لەم کابینەیە ٣٩٣ هەزار هاوبەشی نوێ تۆمار کراون، بۆیە هەوڵەکانمان وێڕای گرفتی سیولە و کەمیی سووتەمەنی و هەڵکشانی خواست و زۆربوونی هاوبەشانی کارەبا، بەردەوامین بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی کارەبا بەرەو دۆخێکی باشتر ببەین.

**بە وەزیری نەوتی عێراقم گوت، دەبێت نەوت بە چ نرخێک دەدرێتە هاووڵاتیانی عێراق، بە هەمان نرخیش بدرێتە هاووڵاتیانی کوردستان کە بۆ خۆیان لیتری بە ١٥٠ دینارە کەچی بۆ ئێمە بە ٥٠٠ دینارە و هێشتاش نەیناردووە**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە پاڵپشتی خودی سەرۆک وەزیران، توانیمان زۆربەی یەکەکانی بەرهەمهێنانی غازی سرووشتی لە گازوایلەوە بگۆڕین بۆ بەکارهێنانی غازی سرووشتی**

**بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی عێراق لە غازی بەفیڕۆچووی کێڵگەکانی نەوتی گەرمیانەوە بڕی ١٦٥ مێگاوات کارەبامان بەرهەم هێنا، کە پێشتر ئەو غازە دەسووتا و هیچ سوودێکی لێ نەدەکرا و کاریگەریی لەسەر پیسبوونی ژینگەش هەبوو**

**چەندین وێستگەی کارەبا بە بەرهەمهێنانی وزەی خۆر دامەزران و ژمارەیەکی دیکەش بە بڕی ٧٥ مێگاوات کارەبا لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک ڕەزامەندیی لەسەر دراوە**


١٩٧
ژمارەی لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستانە لە
کەرکووکی دڵی کوردستان
KIRKUK

## دەنگدان بە لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە گەڕانەوەی مافی کەرکووکییەکان و باشکردنی خۆشگوزەرانییە لە پارێزگای مووسڵ

# پارتی بۆ کەرکووک واتا کوردستانییەتی ئەم شارە و پارێزگاریکردن لە ئاشتی و پێکەوەژیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان

کەرکووك و مووسڵ و دەشتی نەینەوا و دیالە و سەلاحەدین لە ڕووی ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانییەوە بە ڕاددەیەك پەراوێز خراون، لە ئاست خەبات و قوربانییەکانی دانیشتووانی ڕەسەنی ئەم ناوچانەدا نییە، بەتایبەتی بۆ پێکهاتەکانی کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی کە لەو ناوچەیانەدا پێکەوە دەژین، لە کاتێکدا سامانێکی دەوڵەمەندی ژێر زەوی و سەر زەوی لەم سێ پارێزگایەدا هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستان بە کردار سەلماندوویەتی کە پارتی ڕۆژە سەختەکانە و هەرگیز لە بەرپرسیارێتی هەڵنەهاتووە، پارتێك کە سەرۆك مەسعود بارزانی ڕابەرایەتی بکات و بەرەو پێکەوەژیان و ئاشتی و ئارامی و خزمەتکردنی خەڵکەکەی ئاراستەی بکات، هەرگیز پەیام و درووشمەکانی لەبیر ناچێت و بە کردار جێبەجێیان دەکات. بارزانی پارێزەری پێکەوەژیان و ئاشتییە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، لە کاتی هێرشەکانی داعشدا لەسەر داوای سەرۆك بارزانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی بە ڕووی دوو ملیۆن هاووڵاتی ئاوارەدا والا کرا و پارێزەری ژیان و ماڵ و حاڵی سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکان بوو، بەبێ جیاوازی، لەم پێناوەدا پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی و پارێزەرانی کوردستان شەهید و قوربانیی زۆریان بەخشی. لەم هەڵبژاردنەی پارێزگاکانیشدا پارتی دیموکراتی کوردستان بە لیستێکی بەهێز بەشداری دەکات، کە نوێنەرایەتیی سەرجەم پێکهاتەکانی کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی لەخۆ دەگرێت، بەشداریکردنی پارتی بە لیستێك کە نوێنەرایەتیی سەرجەم نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی ئەم پارێزگایانە دەکات، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە پارتی پارێزەری پێکەوەژیانی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە و، داکۆکیکاری ماف و خواستی هەموانە.

لیستەکەی پارتی هەڵگری درووشمی پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانییە، داکۆکیکاری مافی خوراوی هەموو نەتەوەکانە، بەتایبەتی هەردوو پێکهاتەی کورد و تورکمان، کاندید و کادیران و لایەنگرانی پارتی وێڕای ئەوەی لە لایەن هەندێك هێزی چەکدارەوە کە نامۆن بە ناوچەکە و خێروخۆشییان بۆ خەڵکەکە نییە، ڕووبەڕووی ئیرهابی فکری و تەشهیر و هەڕەشکردن و دڕاندنی پۆستەرەکانیان بوونەوە، بەڵام پەروەردەی جوانی ڕێبای بارزانی وای کردووە، کە پیشەییانە مامەڵە بکەن و ئەخلاقییەتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیان پاراستووە. لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵاندا چەند کاندیدی دیکەی لیستی ١٩٧ ڕا و سەرنجی خۆیان و بەرنامەی هەڵبژاردنەکەیان دەخەنە ڕوو.

**پارێزەر شۆخان حەسیب کوێخا حوسێن،**
**کاندیدی ژمارە ٨ی لیستی ١٩٧ لە پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:**

# پەیامەکانی لیستی ١٩٧ی پارتی بۆ کەرکووکییەکان لەسەر ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانییە کە فەرموویەتی: «شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت»

سەرۆك بارزانی بۆ کەرکووکییەکان ئەو پاڵپشت و پشتیوانەیە کە ڕێگە نادات، شۆڤێنییەت و کەسانی بەدەر لە یاسا، ئەم پارێزگایە بەڕێوە ببەن، هەر وەکو چۆن مەلا مستەفا بارزانی لە پێناو کەرکووك و کەرکووکییەکان و کوردستانییەتی کەرکووك ئامادە نەبوو، سازش بکات، ئێستەش پارتی پارێزەری کوردستانییەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە. ڕێبازی بارزانی کە پارتی و کاندیدەکانی لەسەر پەروەردە بوون، لەسەر وتەکەی مەلا مستەفا بارزانی داکۆکی لە خەڵکی خۆیان دەکەن کە فەرموویەتی: «شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت»، ئێمەش لەسەر ئەم ڕێبازە پارێزگاری لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان و خەڵکی ڕەسەنی شاری کەرکووك دەکەین.




پەیامی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و خزمەتگوزارییە، لەم پێناوەشدا من وەکو پارێزەرێك زۆر داکۆکی لە چەسپاندنی یاسا و پارێزگاریکردن لە ئاشتی و سەقامگیریی شارەکەم دەکەم، بەتایبەتی لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئەم شارە بووەتە سەربازگە و خەڵکانێکی خۆسەپێن کاروباری نایاسایی ئەنجام دەدەن، بە بەرچاوی هەموو لایەکەوە کەرکووکییەکان و بەتایبەتیش کورد دەچەوسێتەوە و پۆستەکانیان لە کورد سەندووەتەوە، کورد لە دامەزراندن و پۆست و بەڕێوەبردنی پارێزگاکەیدا بێبەش کراوە، پرۆسەی تەعریب و داگیرکردنی خاکی باوپاپیرانمان بەردەوامیی هەیە و پێشێلی یاسا و دەستووری عێراق دەکرێت.

لە کەرکووك کاتێك ناوی پارتی دێت، واتا کوردبوون، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە شۆڤێنییەکان حەزیان نەدەکرد، پارتی بگەڕێتەوە ناو شارەکە. ئەوە سەرۆك بارزانی بوو لەگەڵ لایەنەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت حکومەتی عێراقیان دامەزراند، بۆ ئەوەی تەعریب لە کەرکووك ڕابگیرێت و ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ بکرێت. سەرۆك بارزانی بارەگای حزبەکەی کردە دیاری بۆ گەنجەکانی شاری کەرکووك و زانکۆی کەرکووك، بۆیە خەڵکی زۆر ئومێدیان لەسەر پارتی هەڵچنیوە و، داواکارم هەموو کوردێك دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی بدات، تاوەکو لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکدا زۆرترین کورسی بەدەست بهێنن و پارێزگارێکی بەهێزی بۆ دابمەزرێت، کە داکۆکی لە پێکەوەژیان و ئاشتی بکات و کار بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەبێ جیاوازی لە نێوان تێکڕای نەتەوەکان بکات.

من وەکو کاندیدی ژمارە ٨ی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بانگەشەی خزمەتگوزاری و ئاشتی و ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکووك و گەڕانەوەی مافم بۆ کورد بەرز کردووەتەوە، هیوادارم کەرکووکییەکان دەنگ بە لیستەکەمان بدەن و ئەم جارە بە کردەوە ئەو هەڵە بدەنە پارتی، تاوەکو زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت و پارێزگاری کەرکووك دابنێت، من ئەگەر دەنگ بەدەست بهێنم، یەکەمین کارم خزمەتکردنی بێ جیاوازی و پتەوکردنی پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبووردەییە و، کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووریش دەکەم.

## ئەسیل شاهین ئاغا
## کاندیدی ژمارە ٨ی لیستی ١٩٧ی پارێزگای نەینەوا بۆ گوڵان:

# زەروورەتێکی مێژووییە خەڵکی مووسڵ بە جیاوازیی نەتەوەییانەوە دەنگ بە لیستی ١٩٧ بدەن

من وەکو کاندیدی ژمارە ٨ی لیستی ١٩٧ لە نەتەوەی عەرەب لە پارێزگای نەینەوا، شارەزاییەکی زۆرم لە کاری ئەنجومەنی پارێزگادا هەیە، لە سەرجەم بوارەکانی تەندروستی و ئاوارەکان و شارەوانی و مافی مرۆڤ و زیندانییەکان و چەندین بواری دیکەدا کارم کردووە، بەڵام لەم هەڵمەتەی هەڵبژاردندا زیاتر جەخت لەسەر گەنج دەکەمەوە، پارێزگاری لە مافەکانی گەنج و دابینکردنی ژیانێکی خۆش و بەدەستهێنانی هەلی کاری گونجاو دەکەم. هەر خۆی لە خۆیدا لیستی ١٩٧ی پارتی لە پەیامەکانیدا زۆر تەئکید لەسەر بەدیهێنانی خواست و داواکارییەکانی گەنجان دەکاتەوە، بەتایبەتی لە بواری بەدەستهێنانی هەلی کار و هاوکاریکردنی گەنجەکان بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، لەبەر ئەوەی گەنج توانای ئەو هەموو مەینەتی و بارگرانییەی نییە و بەردەوام ئومێد و ئاواتێکی زۆری هەیە.

لە پارێزگای نەینەوا ژمارەیەکی زۆری گەنج دەربەدەر بوون، ئەگەر گەنجەکان لە پارێزگای نەینەوا دەنگم بدەنێ، خۆم و لیستەکەم کار بۆ بەدیهێنانی خواست و داواکارییەکانیان دەکەین. سەرۆک بارزانی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە گرنگی بە پەروەردە و گەنج بدرێت، بۆیە ئێمە ئەو سەرکردە گەورەیە پاڵپشتیمان دەکات و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە کردەوە سەلماندوویانە کە گرنگی بە توێژی گەنج دەدەن، وەکو عەرەبێك خۆشحاڵم لەناو ئەم لیستەدا پاڵپشتیم دەکرێت، بۆ ئەوەی چیتر ڕێگە نەدەین ململانێی سیاسی و حزبی ببێتە هۆی جیاکردنەوەی نەتەوە و ئایینەکان، بەتایبەتی لە نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی عەرەبدا کە ئایندە و مێژوو پێکەوەمان دەبەستێتەوە. پارتی تاکە حزبی نیشتمانیی ڕاستەقینەیە کە کار بۆ پێکەوەژیان و بەرژەوەندیی هەموو نەتەوەکان دەکات، بۆیە زەروورەتێکی مێژووییە خەڵکی مووسڵ بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە دەنگ بە لیستی ١٩٧ بدەن. لیستی پارتی، کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی و شەبەك و کوردی ئێزیدی و کاکەیی و هەموو ئایین و ئایینزاکانی تێدایە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە لیستەکەی بارزانی بۆ نەینەوا و پاراستنی ئاشتی و پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانی زۆر پێویستە، من خۆم لەگەڵ کوردی ئێزدی و شەبەك و مەسیحی کار دەکەم، هیچ حزبێکم نەدیوە وەکو پارتی دوور لە شۆڤێنییەت و توندوتیژی کار بکات، لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەمانەوێت ئەزموونی هەولێر و دهۆك بگەیەنینە مووسڵ، لە ئێستادا لە مووسڵ بودجە و پارەیەکی زۆر خەرج دەکرێت، کەچی هیچ دیار نییە و ناشەفافییەت و گەندەڵی بەفیڕۆی دەدات، ئەوەتا لە مووسڵ تاوەکو کۆمپانیای جێبەجێکار سەرانە نەداتە میلیشیاتەکان هیچ پڕۆژەیەك بەڕێوە ناچێت، ئێمە دەمانەوێت ببینە چاودێر و بەدواداچوون بۆ کار و پڕۆژەکان بکەین و ڕێگە نەدەین بەو شێوە خراپەی ئێستا پڕۆژە و کارەکان بەڕێوە بچێت.



### پارێزەر موئەیەد نامق شاکر کاندیدی ژمارە ١٧ی لیستی ١٩٧ لە پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# ئێمەی تورکمانی ڕەسەنی کەرکووک بارزانی بە تاکە سەرکردەی گەورەی تورکمانەکانیش دەزانین و پارێزەری مافەکانمانە




ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان شانازی بە بارزانی و پارتییەوە دەکەین و، کار بۆ ئەوە دەکەین، ئەزموونی پێکەوەژیانی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و تورکمان بگوازینەوە شاری کەرکووك، ئێمە ڕۆڵ و پێگەی سەرۆك بارزانی بەرز دەنرخێنین، بەتایبەتی لە ڕێزگرتن لە نەتەوەکانی دیکەی تورکمان و عەرەب و سەرجەم ئایینەکانی ئیسلام و مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی، بارزانی لە هەموو وتە و هەنگاوەکانیدا سەلماندوویەتی کار دەکات بۆ ئەوەی بەڕاستی بنەماکانی دەستوور بچەسپێنێت، کار دەکات لە پێناو هاوبەشیکردنێکی دادپەروەرانەی نێوان کورد و عەرەب و تورکمان، هەرگیز لەبیرمان نەکردووە کە لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، جەختی لەسەر جێگیربوونی مافەکانی پێکهاتەکانی عێراق بە تورکمان و مەسیحی و ئایینزاکانی دیکە کردەوە، بارزانی بوو تەنانەت لە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا زۆر تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە تورکمان و مەسیحی و نەتەوەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان کەمینە نین و دەبێت بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان ناویان ببرێت، لەم بیروبۆچوونەوە ئێمەی تورکمانی ڕەسەنی کەرکووك بەرگریکارێکی سەرسەختی بارزانین و پێمان وایە ئەو تەنیا سەرکردەی گەورەی کورد نییە، بەڵکو سەرکردەی ئێمەشە و پارێزەری مافەکانی تورکمانیشە، لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکات بۆ چەسپاندنی بنەماکانی پێکەوەژیان و ئاشتی و ئارامی لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی کەرکووکدا، لە ناو ئەم لیستەدا من وەکو کاندیدێکی تورکمان کار بۆ پارێزگاری و داکۆکیکردن لە مافی تورکمانەکان دەکەم، هەروەکو چۆن کار بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی شارەکەم دەکەم و پێم وایە دەبێت گەنجەکان و دەرچووانی زانکۆ هەلی کار و ژیانێکی باشتریان بۆ دەستەبەر ببێت.

ئێمەی تورکمان دێهاتەکانمان هەمووی تەعریب کرا و کەلتوور و ناسنامەیان گۆڕین، تورکمانی ڕەسەنی کەرکووك دژی ئەو کەمینەیەن کە بە شۆڤێنی و بۆ بەرژەوەندیی ماددی دژی گەلی کورد و تورکمان بوونەتەوە، ئێمە وەك تورکمانە ڕەسەنەکان کار بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانی دەکەین و هەزارەها ساڵ پێکەوە لەگەڵ کورد و عەرەب ژیاوین، بەداخەوە حزبی وا هەبووە، لەم شارە هەڵەی ئیداریی کردووە، بۆیە دەبێت کورد و تورکمان ئەم جارە دەنگ بە لیستی ١٩٧ بدەن و ئەزموونی هەولێر بگوازینەوە بۆ کەرکووك، تا مافەکانی نەتەوەی تورکمان و پێگەی خۆیان بۆ بگەڕێنینەوە.

### مافپەروەر هێمن موەفەق شێخ بزێنی کاندیدی ژمارە ٢٦ی لیستی ١٩٧ی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# بارزانی و کاندیدەکانی و لیستی ١٩٧ ڕەمزی بەرگری و بەرخودانن بۆ ئازادی و ئاشتی و پێکەوەژیان و پارێزگاریکردن لە هەموو مەزڵوومییەت و قوربانییەکی پارێزگای کەرکووک

کەرکووك بە کەرکووکییەکان و بە خەڵکە ڕەسەنەکەیەوە جوانە، بەم پەیامە بەرنامەی هەڵبژاردنی من دەستی پێکرد، بەو پێیەی من شارەزاییم لە نەوت و غازدا هەیە و ١٥ ساڵ لە وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ کارم کردووە، بۆیە لە هەموو کەس زیاتر هەست بەو زوڵم و پەراوێزخستنەی شارەکەم و پارێزگاکەم دەکەم. شانازییە بۆ من لە ناو لیستێکدام کە بە لیستی کوردایەتی و پێکەوەژیان و ئاشتی و خزمەتگوزاری ناوبانگی دەرکردووە، لیستێك بارزانی ڕابەرایەتیی بکات، هەموو بەڵێن و بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی جێبەجێ دەکات، بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەی دەستیان هەبووە لە تێکدانی ڕەسەنایەتی و ئاشتی و پێکەوەژیانی ناو شارەکەمدا، چونکە ئەوان دەیانەوێت، وەکو دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر دۆخی شارەکە بەردەوام بێت و سوودمەند بن، لەم شارەدا زۆر بوار هەیە، کە من وەکو کاندیدی ژمارە ٢٦ی لیستی ١٩٧ی پارتی کاری لەسەر دەکەم، هەر لە دۆسیێی دامەزراندنی گەنجەکان بەتایبەتی لە ناو سلکی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکاندا، ئێمە وەکو کورد لەم شارەدا کێشەی خوێندنی زمانی کوردیمان هەیە لە زانکۆدا و ڕێژەی کورد لە وەرگرتنی زانکۆکان کەمە، زۆر کۆلێژ و بەش هەیە لەم شارەدا نییە و کەرکووکییەکان ناچارن منداڵەکانیان بنێرنە پارێزگاکانی دیکەی عێراق، پێویستە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك لە بری ململانێی حزبی و تائیفی و سیاسی، ڕوو لە کێبڕکێ بکات لە پێناو ئەنجامدانی پڕۆژە و کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆ و نەخۆشخانەدا، سەرۆك بارزانی بارەگای پارتەکەی کردە دیاری بۆ زانکۆی کەرکووك، ئەوەتا کاتێك بارەگاکەی دەکاتە دیاری بۆ قوتابیانی کەرکووك، تەنیا نەیکردووە بە دیاری بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو بۆ هەموو منداڵەکانی خەڵکی ڕەسەنی ئەم شارە بارەگاکەی کردە دیاری.




ناکرێت پارێزگایەکی وا دەوڵەمەند بە نەوت، دووکەڵ و پیسیی ژینگەکەی بۆ دانیشتووانە ڕەسەنەکەی بێت و ئەو بودجە و پارەیەشی کە بۆی خەرج دەکرێت، بە شێوەیەکی باش کەڵکی لێ وەرنەگیرێت، پاڵاوتگەیەکی گەورەی نەوت کە بۆ کەرکووك دەرچوو، بە هۆی کێشەی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەو پاڵاوتگەیە بۆ باشووری عێراق نێردرا و لەوێ کرایەوە. کۆمپانیای نەوتی کەرکووك ١٧ هەزار فەرمانبەری هەیە، کەچی تەنیا دوو هەزار فەرمانبەری کوردە، ئەمە پێشێلکردنی مافی نەتەوەیەکی ڕەسەنی ئەم شارەیە و بۆ تەعریبکردن ئەو هەموو فەرمانبەرەی شارەکانی دیکە هێنراونەتە کەرکووك و لە بواری نەوتدا دامەزراون. من دژی ئەوە نیم نەتەوەکانی دیکەش دابمەزرێن، بەڵام بەپێی ڕێژەی دانیشتووان. پارتی بۆ کەرکووك واتا کوردستانییەتی ئەم شارە و پارێزگاریکردن لە ئاشتی و پێکەوەژیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

## دکتۆر یوسف ئەحمەد سەعید چۆمانی

پسپۆڕ لە فیقهی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# ئیخوان موسلمین و حزبە ئیسلامییەکان باوەڕیان بە نەتەوە نییە، بەڵکو ئەوەی بەیعەتی دا، ئەو دەبێتە برا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات

**پاش ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ و دروستبوونی ئیخوان موسلمین لە میسر لە دوا ساڵانی پەنجاوە، ئەو بیر و هزرە ئیسلامییە سیاسییە گەیشتە کوردستان و، ئیسلامی سیاسیی جیهادییش لە دوای ساڵانی هەشتا، ئەوانیش لە کوردستان دەستیان بە ڕێکخستنەکانی خۆیان کرد، ئەگەرچی بە شێوەیەك بوون کە باوەڕیان بە نەتەوە و نیشتمان و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەکەشمان نەبووە و، بەو جۆرە کار دەکەن، گوایە دەبێت کورد جارێکی دیکە بکرێتەوە بە ئیسلام و، لەلایەکی دیکەوە هەر یەکێك لەو حزبانە لێژنەیەکی فتوایان بۆ خۆیان داناوە و بە ئارەزووی خۆیان فتوایان بۆ جەماعەتی خۆیان دەردەکەن. بۆ ئەو بابەتە و چەندین پرسیاری دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ دکتۆر یوسف ئەحمەد سەعید چۆمانی پسپۆڕ لە فیقهی ئیسلامی ئەنجام دا.**

*** لەدوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- ئیخوان پێش هەشتا ساڵ دروست بوو، یەکەم پەیمانیش کە مرۆڤ لەو کاتەی دەچێتە ناو بیر و هزری ئیخوان موسلمین، ئەوەیە کە دەڵێت من پابەند دەبم بەوەی سەربازێکی دڵسۆز و گوێڕایەڵ بم و هەموو توانا و ماڵ و خوێنم لە پێناو خودا دەبەخشم. لێرەدا دەستەواژەی «لە پێناو خوادا» ئەوە جیهادە، ئەگەرچی کە سەرەتا بیری ئیخوان هات بەو شێوەیە نەبوو، بەڵکو نیوەی فکری ئیخوان تەسەوف بوو، لە هەر وڵاتێکدا جیهاد لەلایەن ئیخوانەوە بە



# ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی ئوسووڵی هەموو کات کار لەسەر ئەوە دەکەن کە شانەی نووستوو و نهێنییان هەبێت

جۆرێکی تایبەت بەکار دێت، لە چ کاتێك بەکار دێت و کێ بەکاری دەهێنێت، ئەوە بەپێی شوێن دەگۆڕێت، چونکە ئێمە تەنزیر و تەتبیقمان هەیە، ئێمە لە وڵاتێکداین کە بیری ئیخوان لە وڵاتێکی دیکەوە بۆمان تەنزیر دەکرێت، کە سەرکردەیەکی ئیخوان بەڕێوەی دەبات، بەڵام وڵاتی ئێمە وەك هەرێمی کوردستان لەوان جیاوازە، بۆیە نابێت ئەو تەنزیرە بەو جۆرە بۆ ئێمە بەکار بهێنن. سەبارەت بەوەی کە ئیسلامی سیاسی دروستی دەکەن، ئەوە لەسەرەتا کە دەچیتە ناو ئەو ڕێکخستنە، دەبێت پابەندی درووشمەکەیان بیت، ئەوە درووشمەکەیان لە پێشت دانراوە، کە لە دوو شمشێر پێك هاتووە و لە خوارەکەی نووسراوە لەو کاتەی دەچیتە ناو ئەو ڕێکخستنە، دەبێت سەرت لە پێناویدا دابنێیت و، پابەند و ئامادەییت بۆ ئەو خۆبەختکردنە لە ناو ئەو ڕێکخستنەدا هەبێت، هەر چەندە سەرەتاکەی فێرکردن و پەروەردەیە، بەڵام ئامانجی سەرەکی بۆ گەیشتن بە خەلافەتە و گەیشتنە بە پۆستی سەرۆك کۆمار و دەسەڵاتدارێتیی وڵاتەکەیە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە وەك هەر لایەن و حزبێکی دیکە ئیخوان موسلمینیش حزبێکی دینی نییە، بەڵکو حزبێکی سیاسییە و ئەو بیر و هزرەی بەکاریشی دەهێنێت، هەر بۆ ئەوەیە بە قەواعیدی خۆیان بچنە ناو عەمەلییەی سیاسی، لە لایەکی دیکەوە «حەسەن بەننا» لەسەر ئەوە و ئامانجەکەیان ئینکاری ناکات، وەك ئەوەی لە کۆنگرەی پێنجەمیاندا لە وتار و نامەکەیاندا زۆر بە ڕاشکاوانە گوتی: «ئیخوان مسلمین دعوا سلفیە و سونیە و سیاسیە و ریاچە و فکرە الاجتماعیە»، ئەوە هەمووی بۆ ئەوەیە کە ئیخوان وەکو حزبێکی سیاسی بناسرێت و ببەسترێتەوە بەو بیر و هزرەی کە هەیانە. هاوکات حەسەن بەننا دەڵێت: «دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین بۆ گەیشتن بە خەلافەتی ئیسلامی و دەسەڵات»، هەر بۆیە ئەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە حزبەکە تەعەبودییە بۆ گەیشتن بە هەرەمی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیان، هەرچەندە ئەوان هیچ زانیاری و وردەکاری لە سیاسەت و ئیدارەی دەسەڵات و دەوڵەتداری نازانن، بێگومان بیروباوەڕێك بەو شێوەیە بێت، ئەوە بە تەئکید

**درووشمەکەیان لە پێشت دانراوە، کە لە دوو شمشێر پێك هاتووە و لە خوارەکەی نووسراوە لەو کاتەی دەچیتە ناو ئەو ڕێکخستنە، دەبێت سەرت لە پێناویدا دابنێیت**

فەشەل دەهێنێت و سەرکەوتوو نابێت، چونکە لە کاتێکدا کەسێك دەبێتە سیاسییەك لە ناو فکری ئیخواندا، ئەوە بووەتە مورشید و مورشیدیش پابەندە بە سەرۆکی فعلیی حزبەکەوە، لەو کاتەشدا کە سەرۆکی حزب شتێك ڕادەگەیەنێت، ئەوە ئەو مورشیدە ناتوانێت بەرانبەر سەرۆکی حزبەکە هیچ قسەیەك بکات، بەڵکو ئەو مورشیدە وەك سەربازێك دەبێت دڵسۆز بێت و مەحکوومە بە بەیعە و هەموو فەرمان و کارەکان دەبێت جێبەجێ بکات، واتە ئەو مورشید و ڕێکخستنە هیچ دەسەڵاتێکی نییە و ناتوانێت بەرانبەر بە سەرۆکەکەی قسە بکات، بۆیە ئەو مورشید و کەسانەی لەناو ڕێکخستنەکانی ئیخواندا کار دەکەن، تەنیا دەبنە ئالەتێك لەو حزبەی کە کاری تێدا دەکەن و سەرکەوتووش نابن لە کارەکانیاندا، هەروەها ئەوانەی لەو حزبەدا کار دەکەن، کاتێك کە دەبنە شتێك، یان پۆستێك لە وڵات وەردەگرن، ئەوە تەبریە دەبن لەو حزبە ئیسلامییەی تێیدا بوون، وەکو بینیمان ئەو ئیخوانانەی لە بەغدا بوونە وەزیر و پۆستێکیان وەرگرت، ئەوە لەو حزبە ئیسلامییەی کاری کردووە، ڕایدەگەیەنێت کە هیچ پەیوەندیی بەوانەوە نەماوە و دەرچووە.

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسیی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین، کە لەو مەدەرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتیی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، هەروەها دەبینین سەرکردەی حزبە ئیسلامییەکان ڕێز لە سروودی ئەی ڕەقیب ناگرن، ئایا سڕینەوەی ئینیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- سەبارەت بە نیشتمان و پیرۆزییەکانی لەلایەن فکری ئیخوانەوە، لەو کاتەی کە بەیعە دەدەیت، ئەوە لەلای ئەوان بەیعەدانەکە بۆ خەلافەتی ئیسلامییە، ئیخوان قبووڵیانە ئەگەر دەوڵەت و کەسانی بیانی بیانەوێت بەیعەیان پێ بدەن، ئەوا لە پێناویدا هەموو کارێك دەکەن، تا دەگاتە شەڕیش، مەسەلەی نیشتمان لەلای فکری ئیخوان نییە، هەر کەسێك بەیعەی پێدان، لە سوید، یان میسر، یان لە سوودان بێت، ئەوە براتە، بۆ نموونە تەتبیقێکی عەمەلیمان هەیە، مامۆستا موحسین عەبدولحەمید کە مورشیدی ئیخوان بوو لە بەغدا، لەبەر چی لە بەغدا ڕای کرد و هاتەوە هەولێر؟ یەکێك لە هۆکارەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بووە مورشید، جەماعەتی خۆیان لە ناو ئیخوانەکاندا ڕەخنەی ئەوەیان دەگرت، کە مامۆستا موحسین عەبدولحەمید کوردە و بووەتە سەرۆکیان، واتە حەزیان نەدەکرد و قبووڵیان نەبوو کە کەسێکی کورد ببێتە مورشید و سەرۆکیان، ئەگەرچی وەکو دەزانین مامۆستا موحسین عەبدولحەمید کەسێکی بەتوانا و لێهاتوو و مامۆستای زانکۆ و پلەیەکی بەرزی هەیە لە فکر و تەفسیر و دەعوادا و تەمەنی خۆی لە گەنجێتییەوە تا ئێستا بۆ خزمەتی فکری ئیخوان بووە، بەڵام وەك نەتەوە کە کورد بوو، لای ئیخوان قبووڵکراو نەبوو، تا ئەو ڕادەیەی وایان کرد بەغدا بەجێ بهێڵێت، نەك بە خۆشیی خۆی، بەڵکو بە فشار و کاریگەریی ئیخوانەکانی بەغدا بوو، ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە ئیخوانەکان نەتەوەیان ناوێت. سەبارەت بە نەتەوە کە زیاتر شیی بکەینەوە، ئەوە دەبینین عەرەب ئەگەر ئیخوانیش بێت، بیروباوەڕێکی شۆڤینیی هەیە و ناتوانێت وازیشی لێ بهێنێت، لە لای ئەوان عەرەب پلە یەکە و کورد پلە دووە، ئەگەرچی مزگەوتەکانی شاری بەغدا تا ساڵانی حەفتاکانیش پێشنوێژ و وتارخوێنەکانی کورد بوون، لە دوای ساڵی هەشتاوە، هەندێك مەلا و مامۆستای ئایینی لە شارەکانی وەك ڕومادی هاتن بۆ مزگەوتەکانی بەغدا، ئەوە پێمان دەڵێت کە لایەن و بوارەکانی ئیسلام لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی عێراق لە دەستی کورددا بووە، بەڵام ڕژێمی ئەو کات لە ڕۆژنامەیەکدا ڕۆژێکی وەك دووشەمە، یان سێشەمە بوو، لاپەڕەیەکی تەرخان کردبوو، تێیدا دەینووسی زانایانی ئایینی ئیسلامی کورد خزمەت بە زمانی عەرەبی دەکەن، وەکو هەموو ئەو زانا پلەبەرزانەی وەکو ئیبن خەلەکان و ئیبن مستەوفی و مەلای گەورەی کۆیە و چەندین زانا و مامۆستای ئایینی ئیسلامی و پایەبەرزی کوردی دیکە، خزمەتی ئایینی ئیسلامیان کردووە، ئەگەرچی حکومەتی عێراقی دەیگوت و دەینووسی زانایانی ئایینیی کورد خزمەت بە زمانی عەرەبی دەکەن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە

**ئیخوان موسلمینیش حزبێکی دینی نییە، بەڵکو حزبێکی سیاسییە و ئەو بیر و هزرەی بەکاریشی دەهێنێت، هەر بۆ ئەوەیە بە قەواعیدی خۆیان بچنە ناو عەمەلییەی سیاسی**

**حەسەن بەننا دەڵێت: «دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین بۆ گەیشتن بە خەلافەتی ئیسلامی و دەسەڵات»، هەر بۆیە ئەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە حزبەکە تەعەبودییە بۆ گەیشتن بە هەرەمی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیان**

**ئەو مورشید و کەسانەی لەناو ڕێکخستنەکانی ئیخواندا کار دەکەن، تەنیا دەبنە ئالەتێک لەو حزبەی کە کاری تێدا دەکەن**

**ئەو ئیخوانانەی لە بەغدا بوونە وەزیر و پۆستێکیان وەرگرت، ئەوە لەو حزبە ئیسلامییەی کاری کردووە، ڕایدەگەیەنێت کە هیچ پەیوەندیی بەوانەوە نەماوە و دەرچووە**

عەرەب تا دوا هەنگاو و هەناسە شۆڤێنییە و باوەڕیان بە نەتەوەی دیکەی وەك کورد نییە، لە لایەکی دیکەوە ئیخوان موسلیمین بە هیچ شێوەیەك گرنگی بە نەتەوە نادەن و هەر وەك عەرەب بیر دەکەنەوە، بۆ نموونە، دەڵێن: قودس عەرەبییە، ناڵێن ئیسلامییە، ئەو فکرە شۆڤێنییەی عەرەب لە ناو فکری ئیخوان موسلمینیشدا هەیە، هەروەها لەو کاتەی کە بەیعە بە ئیخوان دەدەیت، ئەوە دەبێت نەتەوەی خۆت لەبیر بکەیت.

*** ئێمە وەك گەلێکی موسڵمان (گەلی کورد) خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانێتی و کوردایەتین و، چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانییەوە تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسیی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- گەلی کورد بە زانای و مەلای پلە بەرز و بەتوانا و بە حوجرە زۆر بەناوبانگ بووە، هەر وەکو بەڵگەیەکی زیندوو، زانای گەورە و بەناوبانگی وەك ماموٚستا مەلا عەبدولکەریم بیارە و چەندین زانا و ماموٚستای ئایینی دیکەی پایە بەرزمان هەبووە، ئەگەرچی ئێستا ئەوان وەك ئیخوان و جیهادییەکان دێن ئێمەی میللەتی کورد فێری دین دەکەن، ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە لایەنێکیان هەیە وەك فێرکردن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، بەڵام هەموو ئەوانەیان بۆ ئەوەیە ئەو کەسانە بخرێنە ناو بازنەی ڕێکخستنی ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە، هەروەها بۆ نموونە لە ئیخواندا کە کەسێك بەیعەیان پێ دەدات، ئەوە جەماعەت و ئیخوانیان لا لە پێشتر و گەورەترە لە ئیسلام و لەو کاتەدا ئسلووبی ئیسلامیی جەماعەت و ئیخوان دەکەنە سەرەکی و ئیسلام دەکەنە لقێك، ئەگەر بەرژەوەندیی ئیخوان و جەماعەتەکەش لەگەڵ ئیسلام دژی یەکتر بوو، ئەوە بەرژەوەندیی ئیخوان و جەماعەتەکە هەڵدەبژێرن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، دەبێت کەسی ناو ڕێکخستنی بازنەی جەماعەت بەپێی ئاراستە و بەرژەوەندیی ئیخوان و جەماعەت کار بکات، نەك بەپێی ئیسلام و شەریعەت. لەلایەکی دیکەوە ئیخوان و ئیسلامی سیاسی دەڵێن ئەوەی بۆ ئێمە کار دەکات، لەگەڵ ئێمەیە، ئەوەی بۆ ئێمە کار ناکات، دژی ئێمەیە، ئەمەش بیرکردنەوەیەکە وەکو هەر حزبێکی دیکەی سیاسی کە کاری لەسەر دەکات، کەسێك هەر چەندە زانا و پایەبەرز و ڕۆشنفکریش بێت، ئەگەر لەگەڵ ئیخوان و جەماعەت نەبێت، ئەوە ناو و ناتۆرەی خراپ و ناشیرینی بۆ دروست دەکەن، تاوەکو لە ناو کۆمەڵگەدا لەکەدار بێت، بە تەئکید لەسەر نەتەوە و کۆمەڵگەکانیش بە هەمان شێوە کاریان لەسەر دەکەن، کە مەبەستی سەرەکییان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و گەیشتنە بە دەسەڵاتداریێتی. هەروەها جەماعەت و ئیخوان لە وڵاتی ئێمە بە ئەوامری دەرەکی کە بۆیان دێت، کار و هەڵسوکەوت دەکەن، تا بتوانن لە دەرئەنجامدا بە هەرەمی دەسەڵات بگەن.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسووڵیدا، تەنانەت باس لەوە دەکرێت، یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی (تەنزیمی سڕی) دامەزراوە، ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگەدا، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی ئوسووڵی، بەتایبەتی ئەوانەی ئێستا هەن، کار لەسەر ئەوە دەکەن کە شانەی نووستوو و نهێنییان هەبێت، بۆ نموونە لە دوای ئازادیی عێراق کە ئیخوانەکان، یان ئیسلامییەکان، بەتایبەت حزبی ئیسلامیی عێراقی لە حکومەتی بەغدا بەشدارییان کرد، بوونە دوو بەش، ئەو بەشەی چوونە دەسەڵات حزبێکی سیاسییان دروست کرد و بوونە وەزیر و پۆستی دیکەیان وەرگرت، بەڵام لە پاشان فاشل بوون و بارەگاکانیان لە هەموو شارەکانی عێراق داخران، چونکە هیچیان لە ئیدارە و دەسەڵات نەدەزانی، بەڵکو خەریکی بەرژەوەندیی شەخسی و شەهەواتی دونیایی بوون. بەڵام جەماعەتێك مانەوە کە پێیان دەگوترێت، ئیخوانە کۆنەکان، کە شانەی نهێنی و نووستوو بوون و لە ڕووی ڕێکخستن و کاری سەربازییەوە کاریان دەکرد و، وا خۆیان دەردەخست کە گوایە حزبی ئیسلامیی عێراقی، جیهادیان نەبوو، بۆیە سەر نەکەوتن و فاشیل بوون، بەڵام ئێمە دەتوانین بەو فکری ئیخوانە هەقیقییەی هەیە، درێژە بە کارەکانمان بدەین.

**عەرەب ئەگەر ئیخوانیش بێت، بیروباوەڕێکی شۆڤینیی هەیە و ناتوانێت وازیشی لێ بهێنێت، لە لای ئەوان عەرەب پلە یەکە و کورد پلە دووە**

**ئیخوان موسلیمین بە هیچ شێوەیەک گرنگی بە نەتەوە نادەن و هەر وەک عەرەب بیر دەکەنەوە، بۆ نموونە، دەڵێن: قودس عەرەبییە، ناڵێن ئیسلامییە**

**ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە لایەنێکیان هەیە وەک فێرکردن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، بەڵام هەموو ئەوانەیان بۆ ئەوەیە ئەو کەسانە بخرێنە ناو بازنەی ڕێکخستنی ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە**

**کەسێک هەر چەندە زانا و پایەبەرز و ڕۆشنفکریش بێت، ئەگەر لەگەڵ ئیخوان و جەماعەت نەبێت، ئەوە ناو و ناتۆرەی خراپ و ناشیرینی بۆ دروست دەکەن، تاوەکو لە ناو کۆمەڵگەدا لەکەدار بێت**




پڕۆفیسۆر جەیمس لیبۆڤیج بۆ گوڵان:

# هێشتا سزا سەپێندراوەکانی سەر ڕووسیا دەرئەنجامی خوازراویان لێ نەکەوتووەتەوە

**جەیمس لیبۆڤیج، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و کاروباری نێودەوڵەتییە لە قوتابخانەی ئیلییۆت بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، کە تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی و دارشتنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی و ململانێ نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نیشتمانی و نێودەوڵەتی دەڵێتەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، لە بارەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پرسی ئەوەی تا چەند ئەم شەڕە بەرجەستەبوون و زەقبوونەوەی ململانێی نێوان هێزە جیهانییە مەزنەکانە و تا چەند وڵاتی چین بووەتە سوودمەندی سەرەکی لەو بارودۆخەی بە هۆی ئەم شەڕەوە دروست بووە.**

*** ئەگەر لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بڕوانین، ئەوا دەبینین ئەم شەڕە تەنیا ڕەهەندی سەربازی نییە، بەڵکو ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە لە پاڵ ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکاندا، سزای ئابووری و داراییش گیراونەتەبەر دژ بە ڕووسیا، دەشوترا ئەم سزایانە کاتیان دەوێت بۆ ئەوەی کاریگەریی خوازراویان لێ بکەوێتەوە، ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم سزایانە کاریگەری و دەرئەنجامی خوازراوەیان لێ نەکەوتووەتەوە - هەڵبەتە خوازراو بۆ ئەو لایەنانەی سزاکانیان سەپاندووە-، چونکە ئەوەتا هێشتا ڕووسیا لە نێو ئۆکرانیادایە. بەڵام من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی سزاکان کاریگەری و دەرئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە، ئەوەش بە زۆری زیان بە کەسانی بێتاوان دەگەیەنێت و کەمتر کاریگەریی لەسەر کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە دەبێت، کە بە زۆری ئەم دەسەڵاتدارانە ڕێگایەك دەدۆزنەوە بۆ خۆدزینەوە لێیان و بگرە بە دەرفەتی دەزانن بۆ ئەوەی لە ڕێی بازاڕی ڕەشەوە بەرژەوەندیی خۆیان بەدی بێنن. هەروەها ئەمە ڕاستە تەنانەت کاتێك باس لەو سزایانەش دەکەین کە توێژێکی دیاریکراو دەکەنە ئامانج، وەك کەسانی نێو ڕژێمەکە، بە چەشنی ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت سزاکان خودی پوتین بدەن و کەسانی نزیکی بکەنە ئامانج. هەرچۆنێك بێت، دەتوانین بڵێین: بۆ ئەوەی سزاکانی دەرئەنجامی چاوەڕوانکراویان لێ بکەوێتەوە، ئەوا دەبێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پیادە بکرێن. دواتر ئێمە دەزانین کە پوتین هێندەی لە خەمی بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی و سەربازییەکانیەتی، هێندە شێوەی ژیانی گەل و کەسەکانی نێو ڕژێمەکەی لا گرنگ نییە. کەواتە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین: ئەم سزایانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە، لەبەر ئەوەی هێشتا ڕووسیا لە نێو ئۆکرانیادا ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام دەدات، واتە هێشتا ئەم سزایانە هێندە کاریگەرییان نەبووە کە گەلی ڕووسیا پرسیار و گومان لەسەر شەڕەکە و ئامانجی شەڕەکەی لا دروست بێت.

**کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی سزاکان کاریگەری و دەرئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە، ئەوەش بە زۆری زیان بە کەسانی بێتاوان دەگەیەنێت و کەمتر کاریگەری لەسەر کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە دەبێت**

*** ئاشکرایە کە ڕووسیا شکستی هێنا لە ئامانجە سەرەتاییەکەیدا بە گرتن و داگیرکردن، یان ڕووخاندنی دەسەڵاتی کییف و لە ئێستادا ئەم شەڕە تەنیا پەیوەست نییە بە هەر دوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، بەڵکو ڕۆژئاوا بە قورساییەکی زۆرەوە پشتیوانیی ئۆکرانیا دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەم شەڕە لە پەیوەندی بە ململانێی هێزە گەورەکانەوە چیمان پێ دەڵێت؟**

**پوتین هێندەی لە خەمی بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی و سەربازییەکانیەتی، هێندە شێوەی ژیانی گەل و کەسەکانی نێو ڕژێمەکەی لا گرنگ نییە**

- ئەوە ڕوونە کە ئەم شەڕە ململانێی هێزە گەورەکان لە خۆ دەگرێت، ئەوەتا ڕووسیا و چین هەنگاویان هەڵگرتووە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی پتەوتر لەگەڵ یەکتردا، کە هەر یەکەیان هۆکار و پاساوی خۆیان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی لەم چەشنە هەیە. واتە ڕاستە چین بە پەرۆشییەوە پشتیوانی لە شەڕی ڕووسیا لە ئۆکرانیا ناکات، بەڵام ڕەنگە پێشینەیەکی دەستەبەر بکات، بۆ ئەوەی چینیش ڕێکارێکی هاوشێوە لە بەرانبەر تایوان بگرێتەبەر، بەڵام ئێمە دەزانین کە چین زیاتر نیگەرانە لە بارەی سەقامگیریی سیستمە ئابوورییەکەی جیهانەوە و کارێکی لەم شێوەیە بە مایەی نائارامی و ناسەقامگیری دەزانێت. هەروەها چین نیگەرانە لەوەی ڕووسیا بگلێتە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ناوکییەوە و خوازیاری ئەوە

**ڕووسیا و چین هەنگاویان هەڵگرتووە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی پتەوتر لەگەڵ یەکتردا، کە هەر یەکەیان هۆکار و پاساوی خۆیان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی لەم چەشنە هەیە**

**چین نیگەرانە لەوەی ڕووسیا بگلێتە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ناوکییەوە و خوازیاری ئەوە نییە پەرەسەندن و پێشهاتەکان بەم ئاراستەیەدا بڕۆن**

**وڵاتانی وەک بەرازیل و هیندستان زیاتر مەیلیان بۆ لای ڕۆژئاوایە و وەڵامدانەوەیەکی کەمیان دەبێت بۆ بانگەشەکەی پوتن بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەژموون و باڵادەستیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

**هیندستان بەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەیە و بە ئاسانی ناکەوێتە ژێر کاریگەریی وڵاتێکی وەک ڕووسیا و چینەوە**

**وڵاتانی ئەورووپا ناتوانن پرسی ئەوە نادیدە بگرن کە ئەوان پێویستیان بە هاوردەکردن و بەدستهێنانی نەوت و غازە، ئەمە سەرباری پرسی بودجەی پەیوەست بە بواری بەرگرییەوە**

نییە پەرەسەندن و پێشهاتەکان بەم ئاراستەیەدا بڕۆن. لەلایەکی دیکەوە ڤلادمیر پوتین دەیەوێت بازنەی پشتیوانی بۆ وڵاتەکەی بەرفراوان بکات لە جیهانی تازە گەشەکردوودا، (بە دیاریکراوی لە نێو وڵاتانی ئەفریقا و بەم دواییەش لەگەڵ وڵاتانی بریکس)دا، هەموو ئەوانەش بۆ پێکهێنانی گرووپێك لە وڵاتان- نەك پێکهێنانی هاوپەیمانی- تاوەکو ببنە پارسەنگی هێز و دەستڕۆیشتوویی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جیهاندا. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەو گوتار و بانگەشەیەی سەرۆك ڤلادمیر پوتین دەیەوێت و خوازیاری ئەوەیە پەرەیان پێ بدات، بۆش و بەتاڵن و ئەم وڵاتانە بە دەم داواکاریی پوتینەوە ناچن. هەروەها وڵاتانی وەك بەرازیل و هیندستان زیاتر مەیلیان بۆ لای ڕۆژئاوایە و وەڵامدانەوەیەکی کەمیان دەبێت بۆ بانگەشەکەی پوتن بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەژموون و باڵادەستیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم، ئەوەیە کە سەرۆك پوتین دەتوانێت هەموو سەرچاوەکانی بەردەستی بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بە وڵاتانی دیکە بدات، کە ئامانجێکی هاوبەشی هەیە لەگەڵیاندا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە ئەوەی لە ئارادایە جیهانێکە فرەیی باڵی بەسەردا کێشاوە، مەبەستم ئەوەیە وڵاتان بەرژەوەندیی جیاواز و سیستمی سیاسیی زۆر جیاوازیان هەیە، بەو واتایەی کە مامەڵەی هیندستان لەگەڵ ڕووسیادا بەو ئەندازەیە دەبێت کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بکات، بە مانای ئەوەی هیندستان بەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەیە و بە ئاسانی ناکەوێتە ژێر کاریگەریی وڵاتێکی وەك ڕووسیا و چینەوە.

*** بەڵام ئایا دەکرێت بڵێین ئەو دۆخەی هاتووەتەئاراوە بە پلەی یەك لە بەرژەوەندیی چینە؟**

- من دڵنیا نیم لەوەی چین براوەی تەواوەتی ئەم دۆخە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و ئەوەی دەتوانرێت بوترێت، ئەوەیە کە وێنایەکی باشتر لەبارەی چینەوە دروست بووە، واتە بەراورد بە ڕووسیا چین وەك کاراکتەرێکی نێودەوڵەتی دەرکەوتووە کە پتر لە ئاستی بەرپرسیارێتیدایە. سەرەڕای ئەوەش، دەکرێت بڵێین: هێندەی ڕووسیا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چیندا سوودمەند بووە، هێندە چین لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیادا سوودمەند نەبووە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە چین پەیوەندی و ڕایەڵ و بەرژوەندییەکی ئابووریی بەرفراوانی هەیە لەسەر ئاستی جیهان. هەروەها چین کار لەسەر ئەوە دەکات کە لە کاریگەری و دەرئەنجامەکانی شەڕی ڕووسیا لە نێو ئۆکرانیا لەسەر جیهان و - سیستمە ئابوورییەکەی- کەم بکاتەوە، چونکە ئەم دەرئەنجامانە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا دەبێت.

*** ئایا دەکرێت بڵێین ئەو دۆخەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەگوزەرێت، شەڕێکی ساردی دیکەی هێناوەتە ئاراوە، بۆ نموونە وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە یەکێك لە لێدوانەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئامانجی ئەوان، ئەوەیە ڕووسیا لە ئاست و پێگەی هێزێکی مەزندا نەمێنێت؟**

- گومان لەوە ناکرێت کە ئەمریکا بەرژەوەندی بەدی کردووە لە لاوازبوونی ڕووسیا لە ڕووی سەربازییەوە، هەروەها ناتۆ-ش بەهێز بووە وەك کاردانەوەیەك لە بەرانبەر کردەوەکانی ڕووسیادا. لە دەرئەنجامدا ڕووسیا ئەمەی بە هەڕەشە و مەترسی لێك داوەتەوە، پێشتریش ڕووسیا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ئۆکرانیا ئامرازێکە بە دەست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، واتە وا وێنای دۆخەکەی دەکرد، کە ئۆکرانیا لەبری ئەمریکا شەڕی ڕووسیای دەکرد. هەروەها ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم بابەتە هەمیشە لە گوتارەکانی پوتیندا دووبارە دەکرایەوە و دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی لە نێو گەلی ڕووسیادا هەبوو.

*** ئایا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا چ گۆڕانکارییەك لە حیساباتی ئاسایش و وزەی وڵاتانی ئەورووپادا بەدی دەهێنێت؟ ئایا چۆن لە ئایندەی ئەم کیشوەرە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا وڵاتانی ئەورووپا ناتوانن پرسی ئەوە نادیدە بگرن کە ئەوان پێویستیان بە هاوردەکردن و بەدستهێنانی نەوت و غازە، ئەمە سەرباری پرسی بودجەی پەیوەست بە بواری بەرگرییەوە. هەروەها ئێمە ئەوە بەدی دەکەین، کە هەندێ لە وڵاتانی ئەورووپا هاوکارییەکی سەربازیی زیاتر بۆ ئۆکرانیا دابین دەکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ناگاتە ئاست و ئەندازەی هاوکارییەکانی ئەمریکا، بەڵام دەبێت ئێمەش ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە ئەمریکا ئابوورییەکی گەورەتر و بەهێزتری هەیە.

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر فوئاد ئیزەدی بۆ گوڵان:

# عێراق و ئێران خواستی بەردەوامیدان بە پەیوەندییە باشەکانیان هەیە

**فوئاد ئیزەدی پرۆفیسۆری دیپلۆماسییەتی گشتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکایە لە زانکۆی تاران، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە کێشە و ناکۆکیی نێوان ئێران و ئەمریکا و ڕێککەوتنی پەیوەندیدار بە پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران و پەیوەندییەکان ئێران و عێراق و ئێران و هەرێمی کوردستانەوە.**

**ڕاستە عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە، بەڵام بەداخەوە ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوت بەدەستی دەهێنێت، لە ژێر دەستی خۆیدا نییە**

*** ئاشکرایە لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران بە ناکۆکی و بارگرژیدا تێپەڕیوە، ئەمریکا چەندین سزای بەسەر ئێراندا سەپاندووە و بەردەوامیشە لەسەر گرتنەبەری ئەم ڕێکارانە، ئێستا ئێوە چۆن لە کێشە و ناکۆکیی نێوان ئێران و ئەمریکا دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە سزاکانەوە، ئەوا ڕوونە کە ئەم سزایانە لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە سزای نایاسایین، بەڵام ئەمریکا بەردەوامە لەم پێشێلکارییانە و سەپاندنی ئەم سزایانە، ئەوەتا بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە، بە ژمارە ٢٢٣١ (کە پاڵپشت بوو بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا)، کە ئاماژە بە لابردنی ئەم سزایانە دەکات، بەڵام ئەوە بوو ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە و ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشی پێشێل کرد و تەنانەت سزای ئەو وڵاتانەش دەدات کە پەیڕەوی ئەم سزایانە ناکەن. هەروەها بڕواننە عێراق، کە بە هەمان شێوە لەژێر فشاری ئەمریکادایە (بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پێدانی نرخی ئەو غازەی لە ئێرانی دەکڕێت)، چونکە ڕاستە عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە، بەڵام بەداخەوە ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوت بەدەستی دەهێنێت، لەژێر دەستی خۆیدا نییە، کە ئاشکرایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوازیاری ئەوە نییە عێراق برەو بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئێراندا بدات.

من لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە پرەنسیپی سەروەریی وڵاتان پرەنسیپێکی جێگیرە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو کۆمپانیانەی دەیانەوێت بێنە نێو ئێرانەوە و کار بکەن، ئەوە لەبەرچاو بگرن کە دەسەڵاتی یاسادانانی وڵاتەکەی خۆیان دادەڕێژێت و پابەندیان دەکات پێیەوە، نەك بکەونە ژێر باری فەرمان و داوای کۆنگرێسی ئەمریکاوە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە ئەمریکا سزای کۆمپانیاکانی وڵاتانی دیکە دەدات ئەگەر لە سزاکانی ئەمریکا دەربچن، کە ئەمەش پێشێلکردنی ویست و دەسەڵاتی یاسادانانی وڵاتانی دیکەیە.

**ئیدارەی ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپدا لە ڕێککەوتنی پاریس کشایەوە، بەڵام دواتر بایدن هات و گەڕایەوە بۆ نێو ئەم ڕێککەوتنە**

*** هەرچەندە لە ئێستادا بارودۆخێکی ئاڵۆز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگوزەرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە دەکرێت، کە هێشتا هەوڵ هەیە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێراندا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەوە، لە ماوەی ڕابردووشدا بینیمان هەردوو لا ڕێککەوتنێکیان کرد بۆ ئازاکردنی چەند هاووڵاتییەکی ئەمریکی کە لە ئێران دەستگیر کرابوون، لە بەرانبەریدا ئەمریکا هەندێ لە پارە بلۆککراوەکانی ئێرانی ئازاد کرد، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئێوە باسی ئازادکردنی گیراوەکانتان کرد، کە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، ئەم کەسانە لەسەر تۆمەتی سیخوڕیکردن گیرابوون، کە ئێمە دەزانین کاتێك کەسێك وەك سیخوڕ کاری پێ ڕادەسپێردرێت، ئەوا پێی ڕادەگەیەنرێت کە لە حاڵەتی دەستگیرکردندا کار بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی زیندانییەکان دەکرێت، بەڵام ئەوە بوو ئەمریکا نەیتوانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەم کارە بکات. بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە هەوڵی گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئەتۆمییەوە، ئەوا پێم وانییە ئەم دوو پرسە بە زەرووڕەت پێکەوە گرێدراو بن (پرسی ڕێککەوتنی ئازادکردنی گیراوەکان و گەیشتن بە ڕێککەوتن لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەوە)، دواتر ئێمە دەزانین کە ئەوە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو — بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ- کە لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێشێل کرد، کە ئیدی ئەمە سرووشتی سیستمی سیاسیی ئەمریکایە، کە سەرۆکی دواتر دەتوانێت ڕێککەوتنی سەرۆکی پێش خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوانەی پێیان دەوترێت «executive order»، کە بینیمان سەرۆك بایدنیش ئەم کارەی ئەنجام دا لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە، چونکە ئیدارەی ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپدا لە ڕێککەوتنی پاریس کشایەوە، بەڵام دواتر بایدن هات و

**ئەمریکا بایەخ بە بەرژەوەندییە کورتخایەنەکانی خۆی دەدات و گوێ بە جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی نادات**

گەڕایەوە بۆ نێو ئەم ڕێککەوتنە. مەبەستم ئەوەیە جۆ بایدن دەیتوانی هەمان هەنگاو هەڵبگرێت لە پەیوەندی بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە و بگەڕێتەوە نێو ئەم ڕێککەوتنە و دەرفەت بە ئێران بدات بۆ ئەوەی پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام سەرۆك بایدن نەیویست ئەم کارە بکات، لە بری ئەوە باس لە ڕێککەوتنێکی نوێ دەکات، کە وەك خۆی ئاماژەی پێ کردووە، ڕێککەوتنێکی درێژخایەنتر و بەهێزتر (longer and stronger)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێمان دەڵێت کە بایدن نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕێککەوتنە، چونکە ئەگەر خوازیار بێت، دەتوانێت هەر ئەمڕۆ ئەم بڕیارە بدات. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بایەخ بە بەرژەوەندییە کورتخایەنەکانی خۆی دەدات و گوێ بە جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی نادات.

*** پرسێك کە تێیدا ئێران ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە لەلایەن ئەمریکا و هەندێ لە وڵاتانی دیکەوە، بریتییە لە هاوکاریی سەربازیی ئێران و ڕووسیا لە پەیوەندی بە شەڕی ئۆکرانیاوە، هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی وەڵامێکی ستاندارد هەیە لە پەیوەندی بە پرسی هاوکاریی سەربازیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەوە، وەڵامە ستانداردەکە ئەوەیە کە ئەم پرسە پەیوەستە بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی نێوان هەردوو لایەنی هاوکارەوە، بە واتایەکی دیکە هەردوو لایەنەکە وەك دوو وڵاتی خاوەن سەروەری کار لەگەڵ یەکدا دەکەن و دەوڵەتانی دیکە بۆیان نییە دەستتێوەردان بکەن، واتە ئەمە بڕیاری سەربەخۆی دوو دەوڵەتە بۆ برەودان بە هاوکاریی سەربازی، یان ئابووری، یان سیاسیی نێوانیان. دواتر ئەوە ڕاستە کە ئێران تۆمەتبار دەکرێت بە فرۆشتنی فڕۆکەی بیفڕۆکەوان بە ڕووسیا، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئێران بۆ ماوەی پتر لە ٤٠ ساڵە لە ژێر ئابڵوقەدایە، ئایا ئەوان چۆن ئەوە لێکدەدەنەوە کە دەڵێن ئێران توانیویەتی پەرە بە تەکنەلۆژیایەك بدات و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی پێ دروست بکات و هەناردەی وڵاتێکی بکات کە لە ڕووی پیشەسازیی سەربازی و چەك دروستکردنەوە وڵاتێکی پێشکەوتووترە؟ بە واتایەکی دیکە تۆمەتبارکردنی ئێران بە فرۆشتنی چەك بە وڵاتێکی دیکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سزاکانی ئەوان ناکارا و ناسەرکەوتوو بووە، هەروەها بەڵگەی ئەوەیە کە ئێران نەك هەر توانیویەتی بمێنێتەوە، بەڵکو توانی بەرەوپێش بچێت و گەشە بکات. دواتر ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئەوا ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگەی بدایە حکومەتی ئۆکرانیا ڕێککەوتنی مینسك جێبەجێ بکات، ئەوا لە ئێستادا ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا لە ئارادا نەدەبوو، کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بە لای کەمەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێندەی ڕووسیا بەرپرسیارە لە هەڵگیرسانی شەڕی ئۆکرانیا.

*** ئاشکرایە کە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق چەندین قۆناغی بە خۆوە بینیوە، ئێوە چۆن لە پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان ئەم دوو وڵاتە و لە ئایندەی ئەم پەیوەندییانە دەڕوانن؟**

- پێم وایە پەیوەندییەکانی نێوانیان لە ئاستێکی باشدایە، ئاڵوگۆڕی ئابووری لە ئارادایە و پەیوەندیی کەلتووری هەیە، هەم لەگەڵ عەرەبی عێراق و هەم لەگەڵ کوردی عێراق، هەروەها ڕایەڵەی ئایینییش هەیە، کە سەدان هەزار ئێرانی سەردانی عێراق دەکەن، مەبەستم ئەوەیە تۆ ناتوانیت خەڵکی لەیەکتری جیا بکەیتەوە و لێکیان دابڕیت. هەروەها پێم وایە تاوەکو دەستتێوەردانی دەرەکی لە عێراق کەم ببێتەوە، ئەوا پەیوەندییە باشەکانی نێوان عێراق و ئێران بەردەوام دەبێت. دواتر من هیچ هۆکارێك نابینم بۆ دروستبوونی ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، چونکە ئێمە بینیمان کە هەشت ساڵی شەڕی نێوانیان کە چ زیانێکی بە هەردوولا گەیاند، کەواتە هیچ لایەك — نە ئێران و نە عێراق- نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو مێژووە تاریکە و هەردوولا خواستی ئەوەیان هەیە، بەردەوامی بەو پەیوەندییە باشانە بدەن کە لە ئێستادا لە نێوانیاندا دروست بووە و برەو بە ئاڵوگۆڕ لەسەرجەم بوارەکاندا بدەن.

*** ئەی چۆن لە پەیوەندی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان دەڕوانن؟**

- ئاشکرایە پەیوەندییەکانی نێوانیان هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام پێم وایە سەرکردە کوردەکان ئەوە قەناعەتەیان لا دروست بووە کە لە سەروەختی ناخۆش و تەنگانەدا ئێران هاوبەشێکی هاوکاریان بووە و بەڕێز بارزانی خۆی چەندین جار ئەمەی دووپات کردووەتەوە. کاتێك داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، ئێران هاوکاریی کوردی کرد بۆ ئەوەی لە شەڕی دژ بە داعش بەرگری لە خۆی بکات. هەروەها سەرکردە کوردەکانی ئەو قەناعەتەیان هەیە کە بوونی پەیوەندیی باش لەگەڵ ئێراندا لە سوود و بەرژەوەندیی خۆیانە، پێم وایە هەمان قەناعەت لای سەرکردەکانی ئێرانیش هەیە و پێیان وایە نەبوونی ڕووبەڕووبوونەوە لەسەر سنوورەکان لە بەرژەوەندیی هەردوو لایە.

**تۆمەتبارکردنی ئێران بە فرۆشتنی چەک بە وڵاتێکی دیکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سزاکانی ئەوان ناکارا و ناسەرکەوتوو بووە**

**ئەگەر ئەمریکا ڕێگەی بدایە ئۆکرانیا ڕێککەوتنی مینسک جێبەجێ بکات، ئەوا لە ئێستادا ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا لە ئارادا نەدەبوو**

**سەرکردە کوردەکان ئەوە قەناعەتەیان لا دروست بووە کە لە سەروەختی ناخۆش و تەنگانەدا ئێران هاوبەشێکی هاوکاریان بووە و بەڕێز بارزانی خۆی چەندین جار ئەمەی دووپات کردووەتەوە**

**کاتێک داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، ئێران هاوکاریی کوردی کرد بۆ ئەوەی لە شەڕی دژ بە داعش بەرگری لە خۆی بکات**

# هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و ئاستی کاریگەرییان لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا

مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا نزیکەی سێ دەیەیە بە توندی هاتووەتە نێو کاروباری نێودەوڵەتییەوە وەك دۆزێکی جیهانی کە کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندیی گەورە و بچووکی وڵاتان داناوە.

لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام کۆنگرەی لوتکەی وڵاتان دەبەستێت، بۆ دۆزینەوەی سیاسەت و ڕێگەچارەیەکی هاوبەشی جیهانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا.

هەرچەندە زۆرێك لە وڵاتان بەڵێنی کەمکردنەوەی دەرهاویشتە گازییەکانیان داوە لەو کۆنگرانەدا، بەڵام زۆرێکیش لە شارەزا و چالاکانی ژینگەیی نیگەرانن لە ئاست بێباکیی ئەو دەوڵەتانە لە ڕووی پابەندنەبوونیان بە بەڵێنەکانیانەوە.

بۆیە لێرەدا واباشە هەڵسەنگاندنێکی کورت بخەینە ڕوو لەبارەی گرنگترینی ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانە و ئاستی کاریگەرییان لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەواوە:

**یەکەم: پڕۆتۆکۆلی مۆنتریال (١٩٨٧):**


هەرچەندە ئامانجی ئەم پڕۆتۆکۆلە لە سەرەتادا ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا نەبووە، بەڵام دەکرێت بە ڕێککەوتنێکی ژینگەیی ئەوتۆ بێتە ئەژمارکردن بۆ ئەو هەوڵە دیپلۆماسییانەی دواتر دران و، زۆرینەی وڵاتانیش ڕەزامەندییان لەسەر ئەم پڕۆتۆکۆلەدا، کە ئامانجی وەستاندنی بەرهەمهێنانی ئەو ماددانە بوو، کە زیانیان بە چینی ئۆزۆن دەگەیاند، وەك پێکهاتەکانی کلۆر فلۆر کاربۆن و لەم هەنگاوەشدا سەرکەوتوو بوو.

**دووەم: ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا (١٩٩٢):**

ئەم ڕێککەوتننامەیە یەکەم پەیماننامەی مێژوویی بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوا، لە ساڵی ١٩٩٢ ئامادە کرا و لە ساڵی ١٩٩٤ چووە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر بەم ڕێککەوتننامەیەش کۆنفرانسی ساڵانەی لایەنەکان هاتە ئاراوە کە بە (کۆپ) ناسراوە.

**سێیەم: پڕۆتۆکۆلی کیۆتۆ (١٩٩٧):**

ئەم پڕۆتۆکۆلە لە ساڵی ١٩٩٧ پەسەند کرا و لە ساڵی ٢٠٠٥ چووە بواری جێبەجێکردنەوە و بوو بە یەکەم ڕێککەوتننامەی پابەندکار لە ڕووی یاساییەوە لەبارەی گۆڕانی کەشوهەواوە، کە داوای لە وڵاتانی پێشکەوتوو کرد، بە بەراورد بە ئاستەکانی ساڵی ١٩٩٠ بە ڕێژەی ٥٪ ئەو گازانە کەم بکەنەوە کە دەبنە هۆی گەرمکردنی زەوی، پڕۆتۆکۆلەکە سیستمێکی چاودێریشی دامەزراند، بۆ زانینی ڕاددەی پابەندبوونی وڵاتان بە هێنانەدی ئەو ئامانجەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی وڵاتانێکی وەك چین و هیندستانی پابەند نەکردبوو بە هەمان ئەو



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕێژەیەوە، بۆیە ئەمریکا پرۆتۆکۆلەکەی پەسەند نەکرد، ئەگەرچی پێشتر واژۆی لەسەر کردبوو.

**چوارەم: ڕێککەوتننامەی پاریس تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا (٢٠١٥):**

ئەم ڕێککەوتننامەیە تا ئێستا بە گرنگترین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی دادەنرێت لەبارەی گۆڕانی کەشوهەواوە، کە ئەم خاڵانەی لەخۆ گرتووە: داواکردنی بەڵێننامەی ئارەزوومەندانە لە دەوڵەتان بۆ کەمکردنەوەی گازە گەرمکارەکانی زەوی لە ڕێگەی ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەك کە ناسراوە بە بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکان (ئێن دی سی) و تیایدا هەنگاو و هۆکارەکانی (کەمکردنەوە) و (خۆگونجاندن) لەخۆ بگرێت هەموو سێکتەرەکاندا و هەر پێنج ساڵ جارێکیش هەڵسەنگاندن بکەن، بۆ ئەو پێشکەوتنانە بەپێی ڕێککەوتننامەکە بەدەست هاتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لە دەوڵەتان بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکان)یان پێشکەش کردووە و، بەڵێن و پەیمانی پابەندبوونیشیان داوە، بەڵام شایانی باسە ڕێککەوتننامەکە ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەکیش بووەتەوە، لەوانە:

١- نەبوونی میکانیزمێکی پابەندکار بۆ زامنکردنی بەدیهێنانی بەڵێن و پەیماننامەکان.

٢- پێنەدانی یارمەتییە داراییەکان بە وڵاتانی زیانلێکەوتوو لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی.

٣- ئەو ناسەقامگیرییەی کە بە هۆی دیاردەی هاتنەوە نێو ڕێککەوتننامەکە و کشانەوە لێی و پاشان گەڕانەوە بۆ نێو ڕێککەوتننامەکە، بە نموونە ئەمریکا لە سەردەمی ترامپ و بایدن.

جێگرەوە، یان چارەسەرە کردارییەکان: بریتین لەو پێشنیازانەی لەم دواییانەدا باسیان لێوە دەکرێت، وەك:

١- هەندێك کەس وەك ئابووریناس ویلیام نورهاوس داوای دامەزراندنی یانەیەك دەکەن، بە ناوی یانەی کەشوهەوا کە لە توانایدا بێت، سزا بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا بسەپێنێت، کە نابنە ئەندام لە ڕێککەوتننامەی پاریسدا و، ئەوانەش کە ئەندامن، بەڵام پابەند نابن بەپێدانی شایستە داراییەکانی سەریان وەك ئەوەی لە ڕێککەوتننامەی پاریسدا هاتووە.

٢- هەندێك داوای پەیماننامەی لاوەکیی دیکە دەکەن، کە هەر یەکەیان تایبەت بن بە سێکتەرێك، یان بەشێك لە بڕگەکانی نێو ڕێککەوتننامەی پاریس.

٣- هەندێك داوای هەرزانکردن و خێراترکردنی تەکنۆلۆژیای ژینگەدۆست دەکەن بۆ تەواوی جیهان، بەتایبەت لە بوارەکانی: ئابووریی سەوز، گواستنەوەی خاوێن، وزەی خاوێن، هایدرۆجینی سەوز، کشتوکاڵیی زیرەك، بیناسازیی سەوز، پیشەسازیی ژینگەدۆست، باش بەکارهێنانی ئاو.



بەفرین حەسەن:

# لە چێشتخانەکەمدا دەرفەتی کارم بۆ سێ خانمی دیکە ڕەخساندووە

**بەفرین حەسەن، خانمە چێشتلێنەرێکی بەتوانا و دەسترەنگینی قەزای ناوەندی سۆرانە و خاوەنی چێشتخانەیەکی کوردەوارییە و وەك خۆی باسی دەکات، لە چێشتخانەکەیدا هەموو جۆرە خواردنێکی کوردەواری ئامادە دەکات و، بەردەوام لەلایەن کڕیارەکانییەوە دەستخۆشی لێ دەکرێت. ئەگەرچی خێزانداره و دایکی چوار منداڵە، بەڵام جەت لەوە دەکاتەوە کە دایکایەتی نەبووەتە ڕێگر لە بەردەم کارکردنیدا و لە دیدارێکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بەمجۆرە باسی ئەرکی ناوماڵ و چۆنیەتی تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەفرین حەسەن، خانمە چێشتلێنەرێکی بەتوانا و دەسترەنگینی دانیشتووی قەزای ناوەندی سۆرانە و خاوەنی چێشتخانەیەکی کوردەوارییە بە ناوی «چێشتە ماڵی خانم»، سەبارەت بە چۆنیەتی تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار دەڵێت: «ساڵانێکە لە چەندین بوار کارم کردووە، دوای ئەوەی بینیم کە هیچ چێشتخانەیەکی کوردەواری لە ناوچەکەماندا نییە، بیرم لەوە کردەوە کە ئەو ڕێچکەیە بشکێنم و چێشتخانەیەکی کوردەواری لە سۆران بکەمەوە، من یەکەم ئافرەت بووم لە سۆران چێشتخانەم کردەوە، ئەوەش بیرۆکەی خۆم بوو، هەوڵم دا تاوەکو ئەو بیرکردنەوانە نەهێڵم کە پێیانوایە ئافرەت ناتوانێت چێشتخانەیەك بەڕێوە ببات، لە ئەنجامدا بووم بە خاوەنی چێشتخانەیەکی خنجیلانەی کوردەواری، ستافەکەشم هەمووی ئافرەتن و لە ئێستادا لە چێشتخانەکەمدا دەرفەتی کارم بۆ سێ خانمی دیکە ڕەخساندووە، بە شانازییەوە چەند مانگێکە چێشتخانەکەم کردووەتەوە و لە پێشوازیی میوانە بەڕێزەکاندایین».

سەبارەت بە پاڵنەرکانیشی بۆ کارکردن گوتی: «هاوسەر و منداڵەکانم هاندەرێکی سەرەکیی من بوون، تاوەکو ئەو چێشتخانەیە بکەمەوە، لە کاروباری ناو چێشتخانەکەش زۆر هاوکارمن، ئەگەر پاڵپشتی و هاوکاریی ئەوان نەبوایە، بێگومان نەمدەتوانی ببمە خاوەنی ئەو پڕۆژەیە. کارەکەشم زۆر خۆش دەوێت، بەیانیان سەعات هەشت بە دڵێکی خۆش دێم بۆ چێشتخانەکە و بە ناوی خوا دەست بە کارەکانم دەکەم. ڕۆژانە خواردنی سەرەکیمان بریتییە لە سەروپێ، کفتە، دۆغەوا، کفتەی سوور و کفتەی عەجەم ئامادەیە، هەموو ڕۆژێك ئەو خواردنانە بە فرێشی و بە تازەیی ئامادە دەکەین و بە هیچ شێوەیەك خواردنەکان گەرم ناکەینەوە، تەنانەت کڕیارەکانمان دەتوانن داوای ئەو خواردنانە بکەن کە دەیانەوێت بۆیان ئامادە بکەین، هەروەها شێوازی دیلیڤەریشمان بۆ هەموو سۆران هەیە. تەنانەت بۆ ئێوارانیش دووبارە خواردنەکان بە تازەیی لێ دەنێمەوە».

بەفرین حەسەن سەبارەت بە هێز و توانای خانمان لە کارکردندا دەڵێت: «ئافرەتان هەمیشە و لە هەموو بارودۆخێکدا هەوڵی خۆیانیان داوە و بەردەوام کاریان کردووە و هاوکاریی خانەوادەکانیان کردووە، تەنانەت لە سەردەمی ئێستادا ژمارەیەکی زۆریان لە ماڵەکانی خۆیاندا کاری دروومان و کاری دەستی و جۆراوجۆر دەکەن، من لێرەوە بە ئافرەتان دەڵێم: ئەگەر بەهرەیەکیان هەیە و نایەنە ناو کۆمەڵگە و بە هۆی عەیبە و عورف و عادەت بەهرەکەتان دەرناخەن، ئەوە هەڵەیە و داوا دەکەم، لە چواردیواریی ماڵ بێنە دەرەوە، دیارە قسەی خەڵك قەت کۆتایی نایەت، دەبێت ئافرەتانی بەهرەمەند کار بکەن و چەند ئافرەتیش لەگەڵ خۆیان بهێننە ناو دونیای کار و سەرمایەداری و چەندین ماڵ ئاوەدان بکەنەوە، دیسان بە ئافرەتان دەڵێم: ئێوەش هاوشێوەی ئافرەتانی دونیا دەتوانن کاربکەن و پەرە بە کارەکەتان بدەن و پڕۆژە و خەونەکانتان گەورەتر بکەن، تاوەکو ببنە خاوەن گیرفانی خۆتان، ئێمەی ئافرەتیش مافی کارکردنمان هەیە و کارکردن عەیب نییە بەڵکو سەرفرازییە.»

وەك دوا پەیامیشی گوتی: «ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ئافرەتانی کوردستان هاوشێوەی ئافرەتانی دونیا هاتوونەتە ناو مەیدانی کار، بە خۆشحاڵییەوە زۆربەی ئافرەتانی سۆرانیش لە ئێستادا بوونەتە خاوەن کاری خۆیان و لەو بوارەی کە بەهرە و توانایان هەیە، کار دەکەن». ئەم بیرەوەرییەشی گێڕایەوە: «ڕۆژێکیان پیاوێك هاتە چێشتخانەکەمان نانی خوارد، دواتر کە منی بینی، بە سەرسووڕمانەوە پرسیاری کرد: ئەوە تۆ ئافرەتی و چێشتخانە بەڕیوە دەبەیت؟ پرسی هەمووتان ئافرەتن و ئەو چێشتخانەیە بەڕێوە دەبەن؟ پاشان دەستخۆشی لێ کردم و بۆ بەیانی هاوسەرەکەی لەگەڵ خۆی بۆ چێشتخانەکە هێنا، ئەوە بۆ من شانازییەکی گەورەیە و سوپاسی هەموویان دەکەم کە پێشوازییەکی گەرمیان لە خۆم و کارەکەم کردووە، هاندانی ئەوان دڵخۆشم دەکات، تەنانەت هەموو کڕیارەکانم کە دەڕۆن، دەستخۆشیم لێ دەکەن و هیوای بەردەوامیم بۆ دەخوازن».

**من یەکەم ئافرەت بووم لە سۆران چێشتخانەم کردەوە، ئەوەش بیرۆکەی خۆم بوو**

**دەبێت ئافرەتانی بەهرەمەند کار بکەن و چەند ئافرەتیش لەگەڵ خۆیان بهێننە ناو دونیای کار و چەندین ماڵ ئاوەدان بکەنەوە**

**هەوڵم دا تاوەکو ئەو بیرکردنەوانە نەهێڵم کە پێیانوایە ئافرەت ناتوانێت چێشتخانەیەک بەڕێوە ببات**

**هەموو ڕۆژێک ئەو خواردنانە بە فرێشی و بە تازەیی ئامادە دەکەین و بە هیچ شێوەیەک خواردنەکان گەرم ناکەینەوە**

# ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە کەمکردنەوەی توندوتیژیی خێزانی بەرز دەنرخێندرێت





ماموستایانی ئایینی بە درێژایی مێژوو، لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و خێزانی ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و، مینبەری مزگەوتەکانیان بۆ هۆشیارکردنەوەی تاك تەرخان کردووە. هەمیشە ڕەمزی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە بوون و چەندین کێشەی نێوان هۆز و عەشیرەتیان چارەسەر کردووە، ڕۆڵیان لە کێشەی خوێن و دوژمنایەتی و سوڵح و سوڵحکاریی خێزانەکانەکان هەبووە و بەردەوامیشن، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا تاوانەکانی کوشتن و توندوتیژیی ناو خێزان بە ڕێژەیەکی بەربڵاو تا ئێستاش بوونیان هەیە، لەم نێوەندەدا پرسیار ئەوە دەکرێت: ئایا بۆ کەمکردنەوەی کردە توندوتیژییەکان پیاوانی ئایینی و مەلای مزگەوتەکان تاچەند ڕۆڵی ئەرێنییان گێڕاوە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

د.عەبدوڵڵا شێرکاوەیی وتەبێژ و بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «زانایانی ئایینی لە ڕێی پەیام و مینبەرەکانیانەوە هەمیشە داکۆکیکاری مافی ئافرەت بوون و، پەیامی هۆشیاری و بەرچاوڕوونیان داوەتە کۆمەڵگە بۆ ئاگاداربوون لە مامەڵەکردنی تەندروست و پێویست بەرانبەر ئافرەتان، ئەمەش زادەی تێگەیشتنی دروستە بۆ ئیسلام، کە مافی تەواوی بە ئافرەت داوە و ڕێگری تەواویش لەوە دەکات، توندوتیژی بەرانبەر ئەنجام بدرێت، تەنانەت پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لە وتاری حەجیماڵئاوایی سێ جار دووپاتی ئەوەی کردەوە: «لەگەڵ ئافرەتان چاك بن، چونکە ئەوان ئەمانەتی ئێوەن و پێویستە بیانپارێزن». لەم سۆنگەوە یەکێتی زانایان لە ڕێی سیمینار و چالاکیی پەیوەست و پەیام و ستراتیژی خۆی هەوڵی داوە، پرسی توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتان لەناو کۆمەڵگە کەم ببێتەوە، خۆشبەختانە ساڵانە چەندین وتاری هەینی پەیوەست و تایبەت دەکرێن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دەقانەی لە بارەی پێگە و ڕێز و گەورەیی ئافرەتەوە هاتوون، بە ئامانجی بەرچاوخستنی شکۆی ئافرەت و نەهێشتنی هەموو ئەو حاڵەت و دیاردانەی وەك هەڵسوکەوتی ناتەندروست و توندوتیژ بەرانبەریان دەکرێت.

ئەو مامۆستا ئایینییە هەر لەو بارەیەوە گوتی: «بۆ زیاتر هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگە بەرانبەر بە مافەکانی ئافرەتان، پێویستمان بە بایەخدانی پتری پەروەردە و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە توندوتیژی سلووکە، سلووکیش بە پەروەردە چارەسەر دەکرێت، نەك تەنیا پۆلیس».

دهۆك بەرۆژی ئەندامی ئەنجومەنی سۆران و بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی (ی.ئ.ك)، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پیاوانی ئایینی ئیسلام و بەتایبەتی پیاوانی ئایینی کوردستان بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە توندوتیژیی بەرانبەر بە ئافرەت نادەن، چونکە لە هیچ دەقێکی ئایینی ئیسلامدا نەهاتووە، فەزڵی پیاو بەسەر ژندا بدرێت. بەڵام هەندێك بە هەڵە تێگەیشتن هەیە، بۆ نموونە زۆرجار لە وتارەکانی مامۆستایانی ئایینی گوێبیستی ئەو قسەیە دەبین، کە دەڵێن: ئەگەر ژن گوێڕایەڵی مێردەکەی نەبوو، ئەوا مێرد دەتوانێت تەمێی بکات بە لێدان، کەواتە پرسیار ئەوەیە: ئایا لە قورئاندا بە ئایەت ئەمە باس کراوە؟ یان لە فەرمودەکانی پێغەمبەری



**زانایانی ئایینی لە ڕێی پەیام و مینبەرەکانیانەوە هەمیشە داکۆکیکاری مافی ئافرەت بوون و، پەیامی هۆشیاری و بەرچاوڕوونیان داوەتە کۆمەڵگە بۆ ئاگاداربوون لە مامەڵەکردنی تەندروست و پێویست بەرانبەر ئافرەتان**

**ساڵانە چەندین وتاری هەینی پەیوەست و تایبەت دەکرێن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دەقانەی لە بارەی پێگە و ڕێز و گەورەیی ئافرەتەوە هاتوون**

**زۆرجار لە وتارەکانی مامۆستایانی ئایینی گوێبیستی ئەو قسەیە دەبین، کە دەڵێن: ئەگەر ژن گوێڕایەڵی مێردەکەی نەبوو، ئەوا مێرد دەتوانێت تەمێی بکات بە لێدان**

ئیسلامدا ئەمە بە ڕوونی باس کراوە؟ لە هیچ دەقێکی ئایینی ئیسلامدا باس لە لێدان نەکراوە. ئەگەر ژن لە گوێڕایەڵیی مێردەکەی دەرچوو، یان بە بێ پاساوی شەرعی یاخی بوو، ئەو کاتە خودای باڵادەست بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە چوار قۆناغی داناوە. قۆناغی یەکەم: ئامۆژگاری و ڕێپیشاندان بەوەی کە ئامۆژگاریی هاوسەرەکەی بکات کە گوێڕایەڵ بێت و مافی پیاوەکەی بدات، بە باسکردنی بەڵگەی قورئان و سوننەت، ئەویش بە نەرمونیانی، جا ئەگەر سوودی نەبوو، دەچێتە قۆناغی دووەم کە بریتییە لە دوورلێگرتن لە هاوسەری لەسەر جێگە و جووتبوون، ئەمەش کاتێك دروستە کە قۆناغی یەکەم سوودی نەبێت، ئەمەشیان بە مەبەستی ئەوەی بۆ هاوسەرەکەی دەری بخات، کە لێی ڕازی نییە و پێویستە دیراسەیەکی حاڵی خۆی بکات، جا ئەگەر ئەم دوو قۆناغەش سوودی نەبوو، ئەو کاتە قۆناغی سێیەم بەکار دێنێت، کە لەسەر ئەم خاڵەیان ڕای جیاواز هەیە، بەشێکی زانایان و مامۆستایانی ئایینی دەڵێن: لەم قۆناغەدا وشەی «ضرب» بە مانای لێدان هاتووە، بەڵام ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا چەندین مانای دیکەی هەیە، یەکێك لەو مانایانە بە واتای دەستگرتن و هاوکاربوونیەتی، کە ئێستا ڕای بەشێك لە زانایان ئەوەیە کە ئەم تەفسیرە دروستتر بێت، چونکە ئیسلام ئایینێکی ئاشتیخوازە و دەیەوێت بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێن، نەوەك بە توندوتیژی».

لە بارەی پرسی باڵادەستیی پیاوانیش بەسەر ئافرەتدا گوتی: «یەکێك لەو بەڵگانەی کە هەمیشە بەرانبەر بە ئافرەتان بە کار دەهێنرێت و پێیان دەگوترێت: فەزڵی پیاو دراوە بەسەرتاندا لە ئاینی ئیسلامدا، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: [الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَي النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيّاً كَبِيراً] النساء: ٣٤. بۆ تەفسیرەکەشی دەڵێت: پیاوان مافی بەڕێوەبەرێتییان بەسەر ژنانەوە هەیە، دەتوانن چاودێرییان بکەن، ژنانیش دەبێت بەپێی پلان و نەخشەی ئەوان ڕەفتار بکەن، تا لە سنووری شەرعدا بێت، ئەم بەڕێوەبەرێتییەش بۆیە دراوە بە پیاوان، چونکە خودا فەزڵی هەندێکی داون بەسەر هەندێکی دیکەیاندا، پیاوان جەستە و لاشەیان توند و تۆڵتر و بەهێزترە لە ژنان. تەفسیری زانایان بۆی بەمشێوەیە کە هەرکاتێك پیاو کاری کرد و بژێوی خێزانەکی دابین کرد، ئەوە گەورەیماڵە، ئەگەر کچێك کار بکات و خێزانەکەی بژیێنێت بە هەمان شێوە ئەو کچە لەو خێزانە دەبێتە گەورەی ماڵ، بۆیە ئەمە هەم بۆ ژنی ئەو خێزانە و هەم بۆ کوڕی ئەو خێزانەش هەر ڕاستە، بۆیە لێردا دەردەکەوێت کە بۆ مەبەست هەندێك کەس تەفسیری تەوای ئەو ئایەتە ناخەنەڕوو، ئەگینا بە هیچ شێوەیەك لە قورئاندا فەزڵی کەس نەدراوە بەسەر کەسێکی دیکەدا (پیاو بەسەر ژندا)، جگە لەو کەسەی کە زیاتر بڕوادار و لە خواترسە لە چاو کەسێکی دیکەدا، ئەویش لە ڕۆژی قیامەتدایە. کەواتە بۆچی ڕێگری ناکەن لەو مەلایانەی کە هانی توندوتیژی و باڵادەستکردنی پیاو بەسەر ژناندا دەدەن لە ڕێگەی وتار و مینبەرە ئایینییەکانەوە؟

عوبێد خدر گۆمەشینی، توێژەر و ڕۆژنامەنووسە و سەبارەت بە تەوەری ڕاپۆرتەکە بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو: «دیاردەی توندوتیژیی دژ بەخێزان، یەکێکە لە گەورەترینی ئەو کێشانەی لەم ڕۆژگارەدا ڕووبەڕووی گەلانی جیهان بووەتەوە، بەتایبەت ئەو ئامار و دۆسێیانەی لە دادگا و هەندێ جار دەکەونە ناو سۆشیال میدیا لەبارەی ڕێژەی لێك جیابوونەوە و زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی، ئاماری مەترسیدار و ترسناکن، وا دەردەخەن لە کاتی ئێستادا خێزان لانەی ئارامی و دڵنیایی نین، ئەمەش بە هۆی بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەوجا جەستەیی بێت، یان توندوتیژییە دەروونییەکان، کە خۆی لە لێدان





و جنێودان و بەکەمزانین و پشتگوێخستن و بوغزاندن دەبینێتەوە».

وەك ئەو توێژەرە باسی کرد «بەپێی ڕاپۆرتەکانی (یۆنسیف) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی پاڵپشت و داکۆکیکار لە مافەکانی منداڵان، ئەوەیان خستووەتەڕوو کە بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان لە هەموو جیهان ڕووبەڕووی توندوتیژی و زەبروزەنگ بوونەتەوە.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە لە ٩٥٪ی بە سەرەوەی موسڵمانن، جگە لە پێکهاتە و ئایینەکانی دیکە، هەریەکە لە پیاوانی ئایینی بە هەموو ئایینەکانەوە ڕۆڵی کاریگەر و گرنگیان لەسەر تەواوی کایەکانی ژیان هەیە، ئەوان دەتوانن ڕێبەر بن بۆ زۆر لە پرسەکانی کۆمەڵگە، چونکە زۆرینەی تاکەکان گوێیان بۆ دەگرن و ڕێنمایی و وتەکانیان بە گرنگ دەزانن و جێبەجێیان دەکەن، بۆیە مامۆستایانی ئایینی ئیسلام بەتایبەتی کە زۆرینەن لە بابەتی توندوتیژیی خێزانی دەتوانن ڕۆڵی کارا و کاریگەریان لەسەر کەمکردنەوەی هەبێت، بەڵام بە شێوازێکی میانڕەو و نەرمونیان، هەروەها بە بەڵگەهێنانەوەی زانستی و ئەکادیمی ئاراستەی بکەن، دوور لە شێوازی توندوتیژی و هەڕەشەکردن، بەتایبەت لە کاتی وتاری هەینی کە زۆرینەی هاووڵاتیان بۆ نوێژی هەینی دەچنە مزگەوت و تەنانەت ئەوانەی نایەنە مزگەوتیش گوێ لە ڕێنمایی مامۆستایانی ئایینی دەگرن و لە ژیانی ڕۆژانەیان پەیڕەوی دەکەن».

عوبێد خدر گۆمەشینی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئایین پەیامی ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوە ژیانە و بۆ ئەوەیە تاکەکان لە خێزان و لە ناو کۆمەڵگە بە هێمنی و ئاشتەوایی پێکەوە بژین، نەوەك بە بەکارهێنانی شێوازی نەشیاوی توندوتیژی و لێدان و بەکارهێنانی جنێو و تانە و تەشەر، بەتایبەت لە نێوان هاوسەران و ئەندامانی خێزان، هەر بۆیە گرنگە مامۆستایانی ئایینی ببنە مایەی ئاشتەوایی خێزان، لەوانەیە ورووژاندنی هەندێ بابەت ببێتە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان، وەك توندوتیژی دژ بە ژن، یان منداڵ. گوتیشی: «کۆمەڵگەی ئێستا پڕە لە کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و خێزانی، مامۆستایانی ئایینی دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنی لە چارەسەرکردنی هەندێ لەو کێشانە ببینن، بەتایبەت گرفتی هاوسەران کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، دەتوانن ڕێنمایی ئەوە بدەن، ئەرکی ژن لەناو خێزان و ڕۆڵی پیاو لە چوارچێوەی خێزان ڕوون بکەنەوە، هانیان بدەن، ئەو گرفتانەی دەیانەوێت بە توندوتیژی چارەسەری بکەن، دەتوانن بە ئارامی و دوور لە هەڕەشە و لێدان و جنێودان، بەشێوەی گفتوگۆ چارەسەری بکەن، ئەویش لە ڕێگەی گوێ لەیەکترگرتن و تێگەیشتن لە ناخی یەکتری و گرنگیدان بە یەکتر، نابێت ئێمە تەنیا خۆمان بە ڕاست بزانین و گرنگی بە کەسی بەرانبەرمان نەدەین، دەبێت باس لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی توندوتیژی بکەن، کە دەبێتە هۆی ژاوەژاو و تێکچوونی شیرازەی خێزان و لێك جیابوونەوە و پەرتەوازەبوونی منداڵەکانیان و سەرلێشێوان و داهاتوویەکی ڕەش و نادیار».

**هەرکاتێک پیاو کاری کرد و بژێوی خێزانەکی دابین کرد، ئەوە گەورەی ماڵە، ئەگەر کچێک کار بکات و خێزانەکەی بژێنێت بە هەمان شێوە ئەو کچە لەو خێزانە دەبێتە گەورەی ماڵ**

**ئەو ئامار و دۆسییانەی لە دادگا و هەندێ جار دەکەونە ناو سۆشیال میدیا لەبارەی ڕێژەی لێک جیابوونەوە و زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی، ئاماری مەترسیدار و ترسناکن**

**کۆمەڵگەی ئێستا پڕە لە کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و خێزانی، مامۆستایانی ئایینی دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنی لە چارەسەرکردنی هەندێ لەو کێشانە ببینن**

# سروشت و یادەوەری

لە تابلۆکانی هونەرمەند (حوسێن عەلی)دا، شەیداییەکی زۆر و هۆگرییەکی فراوان بە سروشت و وردەکارییەکەی، بەدی دەکەین. ئەو کە ژیانی دابەش دەبێتە سەر جوگرافیای زێد (کوردستان) و جوگرافیای تاراوگە (یۆنان کە دە ساڵ لەوێدا ژیاوە)، هۆگرییەکی بێ سنوور بە سروشت و ژینگە دەخاتە ڕوو. بەدەر لە دەریا کە لە یۆناندا هەیە و لە کوردستاندا نییە، سروشتی نیشتیمان و وڵاتی ئاوارەیی و تاراوگە چون یەکن، بە تایبەتی گوندەواری تێکەڵ بە سروشتی چیا و شاخ و داخ. لە نێوانی هەردوو گەلی یۆنان و کوردستانیشدا، هاوسۆزییەك هەیە کە لە سەردەمی عوسمانییەوە دەست پێ دەکات و تا ئەم سەردەمەش درێژەی کێشاوە. هەردوو گەل هەست بە نیگەرانییەك بەرانبەر بە تورك، وەك نەتەوەی دابڕ و نێوانیان و چەوسێنەری هەردوو لایان، دەکەن. هەڵبەت ئەمەیان باسێکی دیکەیە و لە نێو تابلۆی د. عەلی حوسێندا ڕەنگدانەوەی نییە.

تاریق کارێزی



ئەمە قسەی هونەرمەندە «خانووی گوندەکانی کوردستان لە تابلۆکانی مندا لارن، ئەمە نیشانەیە بەوەی گوندەکانی وڵاتمان بەرەو ڕووی شاڵاوی ئەنفال بوونەتەوە و خاپوور کراون، لەو شاڵاوەدا هەموو نیشانە و ئاماژە و ڕواڵەتێکی ژیان لە وڵاتمان، کەوتە بەر ڕەشەبای سڕینەوە و قڕ کردن.» ئنجا عەلی حوسێنی هونەرمەند دەچێتە سەر باسی گوندەواری یۆنان و دەڵێ «خانووی گوندەکانی یۆنان هەموو سپین، بە هەمان شێوەی گوندەکانی کوردستان، بە قەدپاڵی چیا و نزار و بە نێو دەشتدا پەرت و بڵاو بوونەتەوە.» کەش و ژینگەی گوندەواری هەردوو وڵات لە نێو تابلۆکانیدا ئامادەن.

لە خوێندنەوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ستاتیك گوتاری ئەم هونەرمەندە تێ دەگەین، هۆگرییەکی زۆر (وەك گوتمان) بە سروشت وەك ژینگەیەك کە نقومی جوانییەکی فرە ڕەنگ و فرە فیگەرە، بەدی دەکرێت، بۆیە بەشی هەرە زۆری تابلۆکانی، گواستنەوەی دیمەن و دیاردە و وێنە و ڕواڵەتەکانی سروشتن بۆ نێو چوارچێوەی تابلۆ. ئەو ناچێتە سەر چنینەوەی وردەکاریی سروشت و گوند، بەڵکوو گرتەی نیگایەکی خێرا بە ئاراستەی سروشت دەگوازێتەوە سەر ڕووبەری تابلۆ. لەم شێوازی کار کردنەشدا، ڕەنگ بەسەر فیگەر و وردەکاریدا زاڵ دەبێت. لە بەکار هێنانی ڕەنگیشدا، ئەو دەست کراوەیە، گرفتی لەگەڵ هیچ ڕەنگێکدا نییە. ئەرخەیان هەموو ڕەنگێك جێی خۆی لە نێو تابلۆی ئەودا دەکاتەوە.

کەسێك، ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاری کراویش بێت، لە وڵاتی خۆی دابڕێت، بەدەست خۆی نییە، یادەوەریی ئەو کەسە تاو دەستێنێت و پەردەی خەیاڵی بارگاوی دەبێت، پەیوەست بە هونەرمەند د. عەلی، ئێمە لە پۆرترێتی چەند خانمێکی کوردەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کاتێك ئەو لە یۆنان بووە، کزەی هەست و مەیلی جوانخوازانەی شۆخ و شەنگیی کچانی کوردستانی بە زەیندا هاتووە و پۆرترێتی بۆ کێشاون. لەم پۆرترێتانەشدا هونەرمەند ئاوڕی لە وردەکاری نەداوەتەوە، بەڵکوو بە سەرنج و نیگایەکی بە پەلە، بەو شێوەیەی خۆی خواستوویەتی و لە پەردەی یادگەی ئەودا نەخشاون، سیمای جوانیی کچە کورد و پۆشاکەکەی کردووە بە تابلۆ.

گرنگە ئەوەشمان لە بیر بێت، کە گوڵ فیگەرێکە لە هەندێك تابلۆدا بووە بە بابەت، لە تێکڕای تابلۆکانی سروشتیشدا، فیگەرێکی هەردەم ئامادەیە، لە چەند تابلۆیەکیشدا، لووتکەی چیا، وەك هێمایەك بۆ شکۆ و خۆڕاگری، کراوە بە سەری هەڵۆ، هەڵۆش لە نێو کوردەواریدا هێما و نیشانەیەکی فرە واتا و فرە ڕەهەندە. واش پێ دەچێت لە داڕشتنی تابلۆدا زۆر گورج و خێرا و پەلە بێت، فڵچە لە نێوانی پالێت و ڕووبەری تابلۆدا لە دەستی عەلی حوسێندا دەکەوێتە سەما، بۆیە پەڵە و پنتی ڕەنگ خێرا خێرا داباریونەتە سەر ڕوخساری تابلۆ.



# نەجوا کەرەم کەناڵی واتسئەپی ڕاستەوخۆی کردەوە



خانمە هونەرمەند لوبنانی نەجوا کەرەم کە بە خۆری گۆرانی لوبنانی ناسراوە، یەکەم کەناڵی تایبەتی لە ئەپڵیکەیشنی "واتسئەپ" کردەوە بەمەش بووە یەکەم هونەرمەندی عەرەب کە کەناڵێک لە ئەپڵیکەیشنی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبیدا دروست بکاتەوە.

ئامانجی نەجوا لەم هەنگاوەی ئەوەیە بتوانێت لەو ڕێگەیەوە ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ جەماوەر و هەوادارانی بکەن و وەڵامی پرسیار و تێبینییەکانیان بداتەوە.

نەجوا کەرەم ئارەزووی خۆی بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵک لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنی "واتسئەپ"ەوە دەربڕی، لە ڕێگەی پەیامێکەوە کە لە ڕێگەی سەرجەم ئەکاونتەکانیەوە لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیادا ئاراستەی گشتیی کرد، تێیدا وتی: "هەروەک چۆن من لە ژیانی ڕاستەقینەدا واتسئەپ بەکاردەهێنم لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکەم... ئەمجارەیان، پەیوەندییەکەم لەگەڵ تۆش دەبێت، بۆ ئەوەی بتوانیت لێم نزیک ببیتەوە و منیش لێت نزیک ببمەوە."

نەجوا کەرەم، لە ڕێگای ئەم کەناڵە تایبەتە دەبێتە یەکەمین کەس لە نێو هونەرمەندانی لوبنان و عەرەبیدا، لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەر و هەوادارانی درووست بکات،

کە دەستپێشخەر بوون بۆ پەیوەستبوون بەو کەناڵە لە ڕێگەی ئەو بەستەرەی کە لە ئەکاونتەکانیدا بڵاویکردەوە، لەنێویاندا "X"، وەک ئەپلیکەیشنەکە ڕێگە بە پەیوەستبوونی ڕاستەوخۆی کەناڵەکە دەدات.

لە ئێستادا هونەرمەندان گرنگییەکی زۆر بە سۆشیال میدیا دەدەن بۆ ئەوەی جەماوەر لە وردەکاری کار و چالاکییە هونەرییەکانیان ئاگادار بێت، بەڵام ئەم هەنگاوەی نەجوا کەرەم بە یەکەم دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کارەکە دەکات و گوێ لە پرسیار و تێبینی و سەرنجەکانی جەماوەر دەگرێت و هەر خۆیشی وەڵامیان دەداتەوە، بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەم هەنگاوەی نەجوا کەرەم ببێتە هۆکاری ئەوەی کە هونەرمەندانی تریش هەمان هەنگاو بنێن.



# چاکەتەکەی مایکل جاکسۆن لە زیادکردنێکی ئاشکرادا دەفرۆشرێت

کۆمپانیایەکی پەخشی بەریتانی فرۆشتنی چاکەتی ئەستێرەی نێودەوڵەتیی کۆچکردوو مایکل جاکسۆنی ڕاگەیاند، کە لە کاتی ڕیکلامەکەیدا بۆ پێپسی لە ساڵی ١٩٨٤ لەبەری کردبوو.

لە زیادکردنێکی ئاشکرادا کە لەم دواییانەدا لە لەندەن بەڕێوەچوو، چاکەتەکەی مایکل جاکسۆن بە بڕی ٣٠٦ هەزار دۆلار نمایش کرا، ئەمەش بووە مایەی سەسوڕمانی جەماوەرەکەی.

ئەو چاکەتە چەرمییەی لەلایەن مایکل جاکسۆنەوە ناوبانگی دەرکردبوو، کە تێکەڵەیەك بوو لە ڕەنگی سپی و ڕەش، لە نێو جەماوەرێکی زۆردا فرۆشرا، کە هەوڵیاندا بەشداری لە زیادکردنەکەدا بکەن بۆ بەدەستهێنانی چاکەتی شای پۆپ لە پایتەختی بەریتانیا.

هەواداران و کۆکەرەوەی کەلوپەلە دەگمەنەکان کێبڕکێیان لەسەر یەکێك لە گرنگترین پارچەکان کرد، کە لەلایەن مایکل جاکسۆنەوە بەناوبانگ بوو، هاوکات یەکێکە لە پارچە بەناوبانگەکانی مێژووی مۆسیقا کە پەیوەندی بەو ئەستێرە نێودەوڵەتییە پۆپەوە هەیە.

یەکەم جار کە مایکل جاکسۆن ئەو چاکەتەی لەبەر کرد، لە ساڵی ١٩٨٤ بوو، ئەمەش لە چوارچێوەی یەکەم زنجیرە ڕیکلامەکانیدا کە بۆ کۆمپانیای پیپسی کردی.

ساڵانی ڕابردوودا چاکەتەکەی مایکل جاکسۆن کێبڕکێی لەگەڵ چەندین پارچەدا کرد کە یادگارییەکی گرنگن بۆ ژمارەیەك ئەستێرە، لە نێویاندا پارچە میوزیکییەکان، لە نێو ئەو ئەستێرانەی کە کەلوپەلەکانیان لە زیادکردنەکەدا فرۆشرا، چاکەتەکەی جۆرج مایکل بوو کە ئامێری ڤژ بوو بۆ ئیمی واینهاوس، هەروەها چەندین کەلوپەلی دیکەی پەیوەست بە دەیڤدەوە بۆوی و بیتڵز.

لە زیادکردنێکدا کە زیاتر لە ٢٠٠ پارچە یادگاریی مۆسیقای ئەستێرەکانی تێدا بوو، پێشبینی دەکرا چاکەتەکە نرخی تا ٤٨٨ هەزار دۆلار هەڵکشێت.

سەبارەت بە پارچەکانی دیکە، بارۆکەیەك کە ئیمی واینهاوس بەکاری هێنابوو لە کاتی وێنەگرتنی کلیپی گۆرانی "You Know Im No Good" بە بڕی (٢٣) هەزار دۆلار فرۆشرا.

جگە لە چاکەتەکەی دەستکێشێکی بە ئەڵماس داپۆشراو، کە پاشای پۆپ لە کاتی گەشتەکەیدا لە ساڵی ١٩٨٤دا لەبەری کردبوو بە ١٩٠ هەزار دۆلار نمایش کرا.


بەپێی زانیارییەکان کیم کارداشیان لە ساڵی ٢٠١٩دا زیاتر لە ٦٥ هەزار دۆلاری خەرج کردووە بۆ ئەو چاکەتەی کە مایکل کە لە کلیپی فیلمی Thriller لەبەری کردووە، بۆ ئەوەی بیداتە کچەکەی وەك دیاری جەژنی کریسمس.

سەبارەت بەو چاکەتە چەرمەی کە مایکل جاکسۆن لەبەری کردبوو، کە بە ژمارەیەکی ئەفسانەیی فرۆشرا، دواتر چەندین جار بە چاکەتی هاوشێوە دەرکەوت، بووە یەکێك لە بەناوبانگترین هێڵەکانی مۆدە لە جیهاندا بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکان و هەشتاکان.



نارین فەقە بۆ گوڵان:

# خەم و ئازار هۆکاری ئەفراندنن بۆ هونەرمەند



*** سەرەتا حەز دەکەین بزانین دوایین بەرهەمی هونەریت چییە؟**

- پرۆژەی نوێی هونەریم بریتییە لە گۆرانییەك بە ناوی (دووری) هەوڵمان داوە ئەم جارە گۆرانییەکی کوردیی ڕەسەن پێشکەش بکەین، کە تا ڕادەیەك جیاوازتر بێ لە بەرهەمەکانی پێشترمان، گۆرانییەکە باس لە خۆشی و شادی دەکات، گۆرانییەکی کوردیی ڕەسەنە لە تێکستی مامۆستا ئەدیب چەلکی و ئاوازی موزیسیانی بە توانای باکووری کوردستان هارون ئەلکییە و موزیك پڕۆدەکشن لەلایەن سینان بۆزۆ ئەنجام دراون.

لەم بەرهەمە نوێیەدا نۆتە و ئامێری مۆسیقای کوردی بەکار هاتووە، لەوانەش دەهۆڵ و زوڕنا، ئەم گۆرانییە پەیامێکی خۆشەویستی و پەیامێکی نیشتمانپەروەری و دوورە وڵاتیی هەیە، واتە تێکەڵێکی لە نێوان خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری پەیامێکە کە ئێمەی کورد لە هەموو سەردەمەکاندا ژیاوین خۆشی و ناخۆشیمان بینیوە، بەڵام خۆشەویستیمان بۆ کوردستان و ژیان وای کردووە بەردەوام بین. (دووری) کە گۆرانییەکە کە تژییە لە وێژە و هونەری ڕەسەنی کوردی و لە شاری ستۆکهۆڵم و لە بازاڕی کۆنی ئەو شارە، بە سەرپەرشتی دەرهێنەری بە توانا هەژار دهۆکی گۆرانییەمان بە کلیپ تۆمار کرد و، هەوڵمان داوە دیمەنەکان هاوشێوەی کوردستان بن.

*** چ پێوەرێکت هەیە بۆ هەڵبژاردنی گۆرانییەکان؟**

- هونەرمەندانی کورد ئەرك و ماندووبوونێکی زۆر دەکێشن تا بەرهەمێك بەو شێوەی هەیە پێشکەشی دەکەن، من بەر لە ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەکی هونەری بە وردی لەسەر گشت لایەنەکانی کار دەکەم، بەتایبەتی لەسەر تێکست و ئاوازەکەی، لە گشت لایەنەکانی دەکۆڵمەوە بۆ ئەوەی بتوانم بە باشترین شێوە پێشکەشی بکەم، ئامانجی سەرەکیی من ئەوەیە لە ڕێگەی هونەرەکەمەوە خزمەتی گەلەکەم بکەم لە هەر شوێنێکی دنیا بێت، ئێمەی هونەرمەندانی کورد لە دەرەوە هەرچەندە لە وڵاتیش دوورین، بەڵام

**نارین فەقە کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و ئێستا لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە، یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندانەی کە هەمیشە بە دوای کاری جوان و ڕەسەندا دەگەڕێت و پێشکەشی دەکات بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی، گۆرانییەکانی زیاتر نیشتمانین، تەنانەت لە گۆرانیی ئەڤینداریشدا هەست بە خۆشەویستیی نیشتمان دەکرێت، ئێستا خۆی بۆ بەرهەمێکی نوێ ئامادە دەکات، سەبارەت بەو بەرهەمە و چەند پرسێکی دیکەی هونەری، ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.**

**دیمانە: خەلیل بلەیی**

توانا و ئیمکانیاتمان هەیە کە بتوانین خزمەتی هونەری کوردی بکەین، بۆیە من کارەکان بە وردی هەڵدەسەنگێنم و ئامانجی سەرەکیم ئەوەیە تەنیا خزمەت بە هونەری کوردی بکەم و، دەمەوێت کارێك پێشکەش بکەم لە ئاستی قوربانییەکانی میللەتەکەمدا بێت، چونکە میللەتی کورد شایستەی ئەوەیە کاری جوانی پێشکەش بکەی.

*** لە کارە هونەرییەکانتدا کێ هاوکاریت دەکات؟**

- بێگومان کەسانێك هەن هاوکاریم دەکەن، من لە خێزانێکی هونەرمەندا دەژیم، (جوودی)ی باوکم هونەرمەندێکی ناسراوی کوردە چەندین ساڵ خزمەتی هونەری کوردی و گۆرانی فۆلکلۆر و گۆرانی مۆدێرنی کوردی کردووە و پێشکەشی کردوون، لە هەڵبژاردنی تێکستەکاندا ڕاوێژی پێ دەکەم، تاکو بە تەواوی بزانین تێکستەکە تا چەند لەگەڵ شێواز و ستایلی من دەگونجێ و تا چەند تێیدا سەرکەوتوو دەبم، لە بواری موسیقاش عەلیی هاوسەرم زۆر هاوکاریم دەکات، بوونی ئەو دوو کەسە لە کاروانی هونەریی مندا لە سەرەتاوە تا ئێستا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و، بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە من بەو شێوەیەی تا ئێستا بەردەوام بم.

سەرەڕای ئەوەش من خۆم لە تێکست و ئاوازەکان ورد دەبمەوە، بۆ ئەوەی دڵنیابم ئایا ئەم ئاواز و تێکستە تا چەند لەگەڵ ستایلی من دەگونجێن و چۆن دەتوانم تێیدا سەرکەوتوو بم، من پێموایە پێویستە هونەرمەند بە وردی لەو لایەنە بکۆڵێتەوە، چونکە خودی هونەرمەند خۆی زیاتر لەو کەسانەی کە هاوکاریی دەکەن ئاگاداری تواناکانی خۆیەتی لە گشت بوارێکدا و دەزانی لە چ بوارێکدا سەرکەوتوو دەبێت.

*** لە هەڵبژاردنی بەرهەمی (دووری)یش ئەو ڕێچکەیەت پیادە کرد؟**

- بێگومان من ماوەی دوو ساڵ خەریکی ئامادەکردنی بەرهەمی (دووری) بووم، بەڵام هەندێك ڕووداو هاتنە ئاراوە بەتایبەتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونە ئەگەر نەتوانم لە کاتی خۆیدا بڵاوی بکەمەوە هەرچەندە لە ئێستاشدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بارودۆخێکی سەخت و ناخۆشدا تێدەپەڕێت بێگومان ئێمە کوردیش لەم بارودۆخە بێبەش نین، بەڵام پێم وایە ئێستا کاتێکی زۆر گونجاوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە، کە جگە لە خۆشەویستی پەیامێکی نیشتمان پەروەریشی تێدایە، ڕێزگرتن و بەرز ڕاگرتنی ئاڵای کوردستان بە تەواوی لە کلیپی گۆرانییەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

*** لە ئێستادا کام پارچەی کوردستان هونەری کوردی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە؟**

- هونەرمەندبوون ناوێکی گرانە، کارێکی ئاسان نییە و هەر کەسێك ناتوانێت ناو لە خۆی بنێت هونەرمەند، یان بە هونەرمەند بانگ بکرێت، ئەگەر سەیری هەموو پارچەکانی کوردستان بکەین، دەبینین بە دەیان هونەرمەند هەیە، هەبوون کە زیاتر لە پەنجا ساڵ لەو بوارەدا کاریان کردووە و خزمەتی زۆریان کردووە و، هەوڵیان داوە هونەری کوردی بە گشتی پێش بکەوێت، بەڵام پێموایە لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژئاوای کوردستان هونەری کوردی پێشکەوتووترە و لە ئاستێکی باشدایە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هونەر بە گشتی هەڵقوڵاوی خەم و ناخۆشی و نەهامەتییە، لە ئێستاشدا ئەم دوو پارچەی کوردستان بەم دەردەوە دەناڵێنن.

ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت کە لە باکوور و باشووری کوردستان هونەرمەند یان بواری هونەری دواکەوتووە، نەخێر لەم پارچانەشدا هونەری کوردی بەردەوامە و سەرکەوتووە، بەڵام لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەك گوتم لە دۆخی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی هونەر پێش بکەوێت، لە ڕۆژئاوای کوردستان گرنگیی زۆر بە هونەر و کەلەپووری ڕەسەن و مێژووی هونەری کوردی دەدرێت، ئەمەش وای کردووە کە پێشکەوتنی باش بە خۆیەوە ببینێت و هونەرمەندە گەنجەکان هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی نوێ فۆلکلۆری کوردی بپارێزن و ئافراندن و نوێخوازیی تێدا بکەن، ئەم گرنگیدان و هەوڵانەی بۆ پاراستنی کەلتووری کوردەواری ڕەسەن لە ڕۆژئاوای کوردستان دەدرێن، مایەی دەستخۆشین.



**بەهێز ئیسماعیل**

**پاڵەوانی کوردستان لە یاریی بۆکسێنگ:**

# بۆ یانەی هەولێر یاریم کرد و بووم بە پاڵەوانی عێراقیش تەنانەت دەستخۆشییەکان لێ نەکردم

هەر چەندە لە ئێستادا لە ڕێگەی چەند هۆڵێکی وەرزشی لە شارەکانی کوردستاندا هەوڵی زیندووکردنەوەی یاریی بۆکسێنگ دەدرێت، بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێی وڵاتانی جیهانی بکەن، یانەکان تاکو ئێستا هیچ گرنگییەکی ئەوتۆیان بەم یارییە نەداوە، تا وەك یارییە کۆمەڵەکان تیپی بۆ دروست بکەن، بەڵام یاریزانان و ئاشقانی ئەم یارییە، بەردەوام لە ئامادەکاریدان و لە چەندین ئیڤێنتی نێودەوڵەتیدا لەسەر ئەرکی خۆیان بەشدار بوون و ئەنجامی گەورەیان بۆ کوردستان بەدەست هێناوە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ئەم یارییەش، کە بەردەوام گرنگی بەتواناکانی خۆی دەدات و دەیەوێت لە داهاتوودا وەك ئەستێرەیەکی کوردی بەشداری لە کێبڕکێیە نێودەوڵەتییەکاندا بکات، یاریزان (بەهێز ئیسماعیل)ـە کە لەدایك بووی ساڵی ٢٠٠٢ پارێزگای هەولێرە، بەهێز یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراقە و بۆ هەریەك لە یانەکانی هەولێر و برووسك و شەقلاوە یاریی کردووە، ئێستا بە ناوی (هۆڵی بەهێز) یاری دەکات، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی





*** چۆن ئەو بڕیارەت دا کە یاریی بۆکسێنگ هەڵبژێریت؟**

- حەز و خولیای خۆم بوو کە ببم بە یاریزانی بۆکسێن، خۆشم هەر لە منداڵییەوە سەیری ئەم یارییەم دەکرد و حەزم دەکرد دونیای خۆم لەم یارییەدا بدۆزمەوە.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە، کە ئەم شەڕە و هەمیش ڕکابەری؟**

- بەڵێ قورسە، بەڵام وەرزشی هونەرە جەنگییەکان هەموویان قورسن، بەڵام لەگەڵ مەشقکردن و کۆششی بەردەوام، یارییەکە ئاسان دەبێت.

*** بۆچی ئەم یارییە لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- لەبەر ئەوەی پشتگیری ماددی نییە بۆ یارییە تاکییەکان، ئێمە وەکو هۆڵی بەهێز هەوڵ دەدەین یاریی بۆکسێنگ لە هەولێر بە خەڵك بناسێنین.

*** بۆچی بەشێوەیەکی باش پێشوازی لە یارییە نەکراوە لەسەرجەم شارەکان، نموونەی ئەوەش ڕێژەی یاریزانان زۆر نییە؟**

- بەڵێ وایە، چونکە هیچ پشتگیرییەك لەم وەرزشە ناکرێت تا ئەوەی خەڵك و لاوانیش بێنە ناو یاریی بۆکسێنگ.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی وەرزشکاری زیاتر بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- هەلیان بۆ بڕەخسێت و پشتگیری بکرێن هەر وەك یارییە کۆمەڵەکان، ئەمانە دەبنە هۆکاری ئەوەی یاریزان زیاتر ڕوو لەم یارییە بکەن.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- تازە دەیەوێت بەرەوپێش بچێت، خەڵکیش زیاتر ئاشنایەتی لەگەڵ یاریی بۆکسێن دروست دەکات.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو پاڵەوانێك لەم یارییە؟**

- هیوادارم بتوانم بگەمە ئاستی یاریزانە پرۆفیشناڵەکانی جیهانی، هەموو هەوڵێکیش دەدەم بۆ گەیشتن بەم ئاستە.

*** بۆچی نابینرێی بۆ هیچ یانەیەك یاری بکەیت؟**

- بۆ یانەی هەولێر یاریم کرد و بووم بە پاڵەوانی عێراقیش هیچم بۆ نەکرا، تەنانەت دەستخۆشییان لێم نەکرد، جارێکی دیکە بە ناوی هەولێر پلەی سێیەمیشم بەدەست هێنا، بۆیە زیاتر بە ناوی هۆڵەکەی خۆمانەوە یاری دەکەم.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- بۆکسێن یارییەکی قورسە بۆ یاریزانان، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پشتگیرییەکیشی نییە.

*** خەونی وەرزشیت چییە بۆ داهاتوو؟**

- هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم ببم بە یەکێك لە وەرزشوانە بەهێزەکانی جیهان.

*** هەوڵی گەیشتنت بە هەڵبژاردەی عێراق نەداوە پێشتر یاریزانی هەڵبژاردەکە بووی؟**

-نەخێر لەبەر کار و بژێویی ژیان ناتوانم، بەڵام تا بتوانم هەوڵ دەدەم کە ئاستم باش و باشتر بکەم.

*** یانەکان گرێبەستیان پێشکەش نەکردوویت؟**

- لە کوردستان تا ئێستا نەخێر، بەڵام لە شاری بەغداد گرێبەستم هەبوو نەمتوانی لە دەرەوەی هەولێر یاری بکەم بۆمن زەحمەت بوو نەچووم.

*** ماوەیەك دووركەوتیتەوە لەم وەرزشە ئێستا گەڕایتەوە هۆکاری چی بوو؟**

-هۆکاری کارو کاسبی و بژێوی ژیان بوو، سوپاس بۆ خوا ئێستا بەردەوامم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- بەڕاستی گوڵان بووەتە خەمخۆری وەرزشی ناوخۆ و بەردەوام هەوڵی باشی داوە بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانان و گەیاندنی کێشەکانیان، هیوادارم هەمیشە بە پێشەنگی بمێنەوە بۆ خزمەتکردنی وەرزشکاران لە سەرتاسەری کوردستان.



# هەڵبژاردەی عێراق لە یارییەکانی پاڵاوتن کیشوەری ئاسیا بۆ جامی جیهانی (٢٠٢٦) و جامی نەتەوەکانی ئاسیا (٢٠٢٧) دوو سەرکەوتنی گرنگی بەدەستهێنا

**هەفتەی ڕابردوو یارییەکانی پاڵاوتن کیشوەری ئاسیا بۆ جامی جیهانی (٢٠٢٦) و جامی نەتەوەکانی ئاسیا (٢٠٢٧) قۆناغی دووەم دەستیپێکرد، کە تیاییدا هەڵبژاردە بەشداربووەکان بەسەر نۆ کۆمەڵە دابەشکراون لە هەر کۆمەڵەیەک دوو هەڵبژاردە بۆ قۆناغی سێیەم و کۆتایی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی و ڕاستەوخۆ بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا سەردەکەوێت و دوو هەڵبژاردەکەی تر خاوەن پلەی سێیەم و چوارەمی کۆمەڵەکە قۆناغێکی تری پاڵاوتن ئەنجام دەدەن بۆ سەرکەوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا (٢٠٢٧).**

**ئا: ڕێبین ڕەمزی**

**بەدوو سەرکەوتن هەڵبژاردەی عێراق یارییەکانی پاڵاوتن دەستی پێکرد**

هەڵبژاردەی عێراق یارییەکانی پاڵاوتنی کۆمەڵەی شەشەم بە دوو سەرکەوتنی گرنگ دەستپێکرد و پێشەنگی کۆمەڵەکەی گرت.

لە یاری یەکەم لە یاریگەی جزع النخلة لە شاری بەسرە لە بەرانبەر زیاتر (٦٠) هەزار هاندەر هەڵبژاردەی عێراق سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد کاتێک بە ئەنجامی (٥-١) گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئەندنوسیای بردەوە گۆڵەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە ڕێگەی یاریزانان (بەشار ڕەسەن، عەلی جاسم، ئوسامە ڕەشید، یوسف ئەمین، عەلی حەمادی) تۆمارکران.

لە یاری دووەم هەڵبژاردەی عێراق لە شاری هانۆی پایتەختی ڤێتنام توانی بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ لە هەڵبژاردەی ڤێتنامی بباتەوە تاکە گۆڵی یارییەکە لە دواساتەکانی یارییەکە لە ڕێگەی یاریزان موهەند عەلی (میمی) تۆمارکرا.

بەم ئەنجامە هەڵبژاردەی عێراق بەکۆکردنەوەی شەش خاڵ لە پێشەنگی کۆمەڵەکەی خۆی دێت.

**ئەنجامی یارییەکانی هەردوو جەولەی کۆمەڵەی شەشەم بەمشێوەیە:**

عێراق — ئەندنوسیا (٥-١)
فلیپین — ڤێتنام (٠-٢)
ڤێتنام — عێراق (٠-١)
فلیپین - ئەندنوسیا (١-١)

ڕیزبەندی کۆمەڵەی شەشەم
١-هەڵبژاردەی عێراق ٦ خاڵ
٢- هەڵبژاردەی ڤێتنام ٣ خاڵ
٣- هەڵبژاردەی فلیپین ١ خاڵ
٤- هەڵبژاردەی ئەندنوسیا ١ خاڵ

**کوردەکان هەڵبژاردەی عێراق دەبنە پێشەنگ**

دوای ساڵانێکی زۆر یەکەم جارە هەڵبژاردەی عێراق ئەم ڕێژە زۆری یاریزانی کورد لەخۆ دەگرێت و ڕێژیەکی زۆریان وەکو یاریزانی سەرەکی یاری دەکەن.

کاساس ڕاهێنەری ئیسپانی متمانەیەکی گەورەی بە یاریزانە کوردەکان هەیە لە زۆربەی یارییەکان وەکو یاریزانی سەرەکی پشتیان پێ دەبەستێت.

هەریەکە لە یاریزانان (ڕێبین سولاقا، میرخاس دۆسکی، ئوسامە ڕەشید، ئەحمەد عەلی، پاشانگ عەبدوڵلا، یوسف ئەمین) بەشدارییان لە هەردوو یارییەکەی هەڵبژاردەی عێراق کرد و هەردوو یاریزان (ئوسامە ڕەشید، یوسف ئەمین) گۆڵیان تۆمارکرد و (پاشانگ عەبدوڵلا) لە یاری ڤێتنام لە دوا ساتەکانی یارییەکە ڕۆڵی لە تۆمارکردنی گۆڵی سەرکەوتن هەبوو.



**کۆمەڵەی یەکەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی قەتەر دوو سەرکەوتنی بەدەستهێنا و پێشەنگی کۆمەڵەکەی گرتووە و هەردوو هەڵبژاردەی هیند و کوەیت لە پلەکانی دووەم و سێیەم دێن دوای تۆمارکردنی سەرکەوتنێک و دۆرانێک.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە بوو:**

کوەیت — هیند (٠-١)
قەتەر — ئەفغانستان (٨-١)
هیند — قەتەر (٠-٣)
ئەفغانستان — کوەیت (٠-٤)
ڕیزبەندی کۆمەڵەی یەکەم
١-هەڵبژاردەی قەتەر ٦ خاڵ
٢- هەڵبژاردەی کوەیت ٣ خال
٣- هەڵبژاردەی هیند ٣ خاڵ
٤- هەڵبژاردەی ئەفغانستان ٠ خاڵ

**کۆمەڵەی دووەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ژاپۆن بەردەوامە لە ئاستە بەرزەکەی دوو سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکرد و لە پێشەنگی کۆمەڵەکەی دێت وهەردوو هەڵبژاردەی کۆریای باکوور و سوریا ڕکابەرەی لەسەر بلیتی دووەم دەکەن.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە بوو:**

ژاپۆن — میانمار (٥-٠)
سوریا — کۆریای باکوور (١-٠)
سوریا — ژاپۆن (٠-٥)
میانمار — کۆریای باکوور (٦-١)

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی دووەم**

١-هەڵبژاردەی ژاپۆن ٦ خاڵ
٢- هەڵبژاردەی کۆریای باکوور ٣ خال
٣- هەڵبژاردەی سوریا ٣ خاڵ
٤- هەڵبژاردەی میانمار ٠ خاڵ

**کۆمەڵەی سێیەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی کۆریای باشوور بەردەوامە لە ئاستە بەرزەکەی دوو سەرکەوتنی گرنگی تۆمارکرد و لە پێشەنگی کۆمەڵەکەی دێت وهەردوو هەڵبژاردەی تایلاند و چین ڕکابەرەی لەسەر بلیتی دووەم دەکەن.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە بوو:**

کۆریای باشوور – سەنگافوورە (٥-٠)
تایلاند – چین (١-٢)
سەنگافوورە – تایلاند (١-٣)
چین – کۆریای باشوور (٠-٣)

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی سێیەم**

١-هەڵبژاردەی کۆریای باشوور ٦ خاڵ
٢- هەڵبژاردەی تایلاند ٣ خاڵ
٣- هەڵبژاردەی چین ٣ خاڵ
٤- هەڵبژاردەی سەنگافوورە ٠ خاڵ

**کۆمەڵەی چوارەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی مالیزیا بەردەوامە لە سوپرایزەکانی و لە پێشەنگی کۆمەڵەکەی دێت دوای تۆمارکردنی دوو سەرکەوتن وەهەردوو هەڵبژاردەی عوممان و قیرغزستان هەوڵی ئەوە دەدەن مالیزیا ڕابگرن خۆیان بگەیەنە قۆناغی داهاتوو.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە بوو:**

مالیزیا – قیرغزستان (٤-٣)
عوممان – چین تایپیە (٣-٠)
قیرغزستان – عوممان (١-٠)
چین تایپیە – مالیزیا (٠-١)

ڕیزبەندی کۆمەڵەی چوارەم

١-هەڵبژاردەی مالیزیا ٦ خاڵ
٢- هەڵبژاردەی عوممان ٣ خاڵ
٣- هەڵبژاردەی قیرغزستان ٣ خاڵ
٤- هەڵبژاردەی چین تایپیە ٠ خاڵ

**کۆمەڵەی پێنجەم**

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی ئۆزباکستان و ئێران دەستپێکێکی باشیان دەستپێکرد و توانیان لە پێشەنگی کۆمەڵەکەیان بێن و تا ڕادەیەکی زۆر هەردوو هەڵبژاردە سەرکەوتنیان بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر بکەن دوای ئەو ئاستە نزمەی هەردوو هەڵبژاردەی تورکمانستان و هۆنگ کۆنگ.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە بوو:**

تورکمانستان – ئۆزباکستان (١-٣)
ئێران – هۆنگ کۆنگ (٤-٠)
هۆنگ کۆنگ – تورکمانستان (٢-٢)
ئۆزباکستان – ئێران (٢-٢)

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی پێنجەم**

١-هەڵبژاردەی ئێران ٤ خاڵ
٢- هەڵبژاردەی ئۆزباکستان ٤ خاڵ
٣- هەڵبژاردەی تورکمانستان ١ خاڵ
٤- هەڵبژاردەی هۆنگ کۆنگ ١ خاڵ






**کۆمەڵەی حەفتەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی سعودیە بە تیپی دووەمی بەردەوامە لە ئەنجامە باشەکانی و لە پێشەنگی کۆمەڵەکەی دێت دوای تۆمارکردنی دوو سەرکەوتن وەهەردوو هەڵبژاردەی تاجیکستان و ئوردن هەوڵ دەدەن بلیتی دووەم بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە بوو:**

تاجیکستان – ئوردن (١-١)

سعودیە – پاکستان ( ٤-٠)

ئوردن – سعودیە (٠-٢)

پاکستان – تاجیکستان (١-٦)

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی حەفتەم**

١-هەڵبژاردەی سعودیە ٦ خاڵ

٢- هەڵبژاردەی تاجیکستان ٤ خاڵ

٣- هەڵبژاردەی ئوردن ١ خاڵ

٤- هەڵبژاردەی پاکستان ٠ خاڵ

**کۆمەڵەی هەشتەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئیمارات بە بەهێزەوە گەرایەوە ڕکابەرییەکان و توانیی لە دوو یاری یەکەم شەش خاڵی گرنگ بەدەستبهێنێت و هەنگاوێکی گەورەی بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو هاوێشتووە و هەردوو هەڵبژاردەی یەمەن و بەحرەین ڕکابەری بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی دەکەن.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە بوو:**

ئیمارات – نیپال (٤-٠)

یەمەن – بەحرەێن (٠-٢)

نیپال – یەمەن (٠-٢)

بەحرێن – ئیمارات (٠-٢)

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی هەشتەم**

١-هەڵبژاردەی ئیمارات ٦ خاڵ

٢- هەڵبژاردەی بەحرێن ٣ خاڵ

٣- هەڵبژاردەی یەمەن ٣ خاڵ

٤- هەڵبژاردەی نیپاڵ ٠ خاڵ

**کۆمەڵەی نۆیەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئوستراليا هەنگاوێکی گەورەی هاوێشتووە بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی دووەم دوای ئاستێکی بەرز و دوو سەرکەوتنی گرنگی تۆمارکرد و هەر سێ تیپەکەی کۆمەڵەکەی ئاستیان وەکو پێویست نییە و هەرسێکیان ڕکابەری لەسەر بەدەستهێنانی بلیتی دووەم دەکەن.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە بوو:**

لوبنان – فەڵەستین (٠-٠)

ئوستراڵیا – بەنگلادیش (٧-٠)

بەنگلادیش – لوبنان (١-١)

فەڵەستین – ئوستراڵیا (٠-١)

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی نۆیەم**

١-هەڵبژاردەی ئوستراڵیا ٦ خاڵ

٢- هەڵبژاردەی لوبنان ٢ خاڵ

٣- هەڵبژاردەی فەڵەستین ١ خاڵ

٤- هەڵبژاردەی بەنگلادیش ١ خاڵ



# سوودە تەندرووستییەکانی پول بیبەر

پول بیبەر Paprika سەرەڕای چێژ و ڕەنگە سوورە گەشەکەی، گەڵێك ماددەی سوودبەخش لەخۆدەگرێت وەکو: ڕیشاڵ، ماددەی دژەئۆکسان، پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، فۆسفۆر، کالسیۆم، ئاسن، لەگەڵ ڤیتامینەکانی A، B6، C، E. سوودە تەندرووستییەکانی پول بیبەر: هاندانی زووتر چاکبوونەوەی برین بەوەی کە ڕێژەیەکی باشی لە ڤیتامین E تێدایە، هاندانی دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن لەناو مۆخی ئێسکدا، یارمەتیدانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، سووککردنی هەوکردنەکانی پێست و زیپکە، چونکە پول بیبەر سیفەتی دژەبەکتریای هەیە، هاندانی کرداری هەرسکردنی خۆراك لە ڕێگەی زیادکردنی دەردانی لیك و ترشەڵۆکی گەدەوە، خۆپاراستن لە هەڵوەرینی قژ بەهۆی یارمەتیدانی گواستنەوەی گازی ئۆکسجین بۆ ڕەگی مووەکان، کە هانی باشترکردنی سووڕی خوێن و گەشەی قژ دەدات، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، باشترکردنی تەندرووستیی چاو، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، سووککردنی نیشانەکانی هەوکردنی جومگە لە ئازار و سخبوون، باشترکردنی فرمان و تواناکانی مێشك، پاراستنی تەندرووستیی دڵ و خۆپاراستن لە ئەگەری جەڵتەی مێشك Stroke، هەروەها باشترکردنی کوالێتیی خەو.



# ئایا گرێی چەوری مەترسیی هەیە؟

گرێی چەوری لەسەر یان لە ژێر پێستدا Lipoma بەگشتی پاکە، واتە ناشێرپەنجەییە و بریتییە لە کۆبوونەوەی چەورەخانەکان، بۆیە گرێیەکی نەرمە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بێ ئازارە. گرێی چەوری لەوانەیە کە لە هەر بەشێکی لەشدا ڕوو بدات، بەگشتی قەبارەیان بچووکە و پێویست بە چارەسەر ناکات، بەڵام دەتوانرێت بە نەشتەرگەریی بچووك لاببرێت، یان بە ئامێری هەڵمژینی چەوری Liposuction یانیش بە دەرزیی خۆجێیی ستیرۆیدی چارەسەر بکرێت. ئەو شوێنانەی لەش کە زیاتر ئەگەری تووشبوونیان بە گرێی چەوری لێ دەکرێت، بریتین لە: قۆڵ، شانەکان، بەشی سەرەوەی پشت، سەر و مل، لەگەڵ کەمەر و قاچەکان. زۆربەی گرێیە چەورییەکان لەسەر ڕووی یان بەشی سەرەوەی پێستدا پەیدا دەبن، یان لەژێر پێستدا، کە بە تێپەڕبوونی کات قەبارەیان زۆر گەورە نابێت و بە دەگمەن فشار دەخەنە سەر دەمار یان بۆرییە خوێنەکانی نزیکیان و دەبنە هۆی ئازاری سووك. تا ئێستە هۆکاری دروستبوونی گرێی چەوری بە تەواوی نەزانراوە، ئەگەرچی زیاتر لە پاش تەمەنی ٤٠ ساڵیدا بەدی دەکرێت، بەڵام لەوانەیە کە بۆماوەیی وەکو هۆکارێك ڕۆڵی هەبێت، لەگەڵ چەند هۆکارێکی هاندەری دیکەی وەکو: زەبر یان بریندار بوون، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، نەخۆشیی جگەر، بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، هەروەها قەڵەوی.





# نیشانەکانی کەمیی ئاسن لە منداڵان

کانزای ئاسن Iron زۆر گرنگە بۆ گەشە و پەرەسەندنی منداڵ، بۆیە کەمیی ئاسن کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر تەندرووستی و گەشەی منداڵ و، هۆکارە بۆ تووشبوون بە کەمخوێنی. پێویستیی ڕۆژانەی منداڵ بە کانزای ئاسن بەپێی تەمەن بریتییە لە: ١١ ملگم لە تەمەنی ٧-١٢ مانگیدا، ٧ ملگم لە تەمەنی ١-٣ ساڵیدا، ١٠ ملگم لە تەمەنی ٤-٨ ساڵیدا، هەروەها ٨ ملگم لە تەمەنی ٩-١٣ ساڵیدا. هۆکارەکانی کەمیی ئاسن لە منداڵدا: خۆراکی نارێك و ناهاوسەنگ، گەشەی خێرا، ونکردنی خوێن، بۆنموونە لەبەر برینداربوون و خوێنبەربوون یان لەکاتی سووڕی مانگانە لە کچی نەوجەواندا، بوونی مشەخۆری ڕیخۆڵە یان هەوکردنی ڕیخۆڵە، هەروەها گرفت لە هەڵمژینی کانزای ئاسن، کە لەبەر چەند نەخۆشییەکی ڕیخۆڵەدا ڕوو دەدات، وەکو نەخۆشیی کرۆنز Crohn›s یان نەخۆشیی سیلیاك Celiac. نیشانەکانی کەمیی ئاسن لە منداڵدا: زوو ماندبوون و کەمیی وزە، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، ناڕەحەتی، کاڵبوونی ڕەنگی پێست، ناسکبوون و زوو شکانی نینۆکەکان، ساردبوونی دەست و پێیەکان، قڵیشانی گۆشەکانی دەم، سووربوونەوە و سووتانەوە و ئاوسانی زمان، سەرئێشە، سەرسووڕان، خێرابوونی هەناسە و هەناسەتەنگی، هەروەها زیاد لێدانی دڵ.

# بەهای خۆراکیی هەرمێ

هەرمێ Pears بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵی تەواوە لە جۆری پێکتین Pectin، ڤیتامینەکانی A، C، B3، B6، B9، K، کانزای پۆتاسیۆم، کۆپەر، لەگەڵ ماددەی دژەئۆکسان لە جۆری فلاڤۆنۆیدەکان و ئەنتۆسایانینەکان Anthocyanins . سوودەکانی هەرمێ: ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، بۆیە گونجاوە بۆ نەخۆشانی شەکرە، باشترکردنی تەندرووستیی کۆئەندامی هەرس بەتایبەتی خۆپاراستن لە قەبزی و هاندانی گەشەی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە، هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، ڕێکخستنی پەستانی خوێن، پاراستنی تەندرووستیی دڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، خۆپاراستن لە هەوکردن بە بەکتریا و ڤایرۆس و کەڕوو، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، واتە کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەك: نەخۆشیی دڵ، شێرپەنجە، نەخۆشیی ئەلزهایمەر، لەگەڵ نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم.



# باشترین سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین A

ڤیتامین A لە چەوریدا دەتوێتەوە، ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ تەندرووستیی چاو، گەشەی ئێسك، زاوزێ، فرمانی خانەکان، لەگەڵ سیستمی بەرگریی لەش. ڤیتامین A بە شێوەی ڕێتینۆل Retinol لە خۆراکی ئاژەڵیدا هەیە و جۆرە چالاکەکەی ڤیتامینەکەیە، هەروەها بە شێوەی بیتا کارۆتین Beta carotene لە خۆراکی ڕووەکیدا هەیە، کە سیفەتی دژەئۆکسانی هەیە و لە لەشدا دەگۆڕێت بۆ جۆرە چالاکەکەی ڤیتامین A. سەرچاوە خۆراکییە ئاژەڵییەکانی ڤیتامین A: جگەر، هێلکە، ماسی، هەروەها شیر و بەرهەمەکانی. سەرچاوە خۆراکییە ڕووەکییەکانی ڤیتامین A: پاقلەمەنییەکان، میوەکانی وەکو مانگۆ و کاڵەك، سەوزەکانی وەکو گێزەر، پەتاتەی شیرین، سپێناغ، تەماتە، کولەکە لەگەڵ بیبەری شیرینی سوور. پێویستیی ڕۆژانەی ڤیتامین A بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ٩٠٠ مایکرۆگرام (IU 3،000 یەکەی جیهانی) بۆ پیاو و ٧٠٠ مایکرۆگرام (IU 2،333 یەکەی جیهانی) بۆ ئافرەت. نیشانەکانی کەمی ڤیتامین A لە لەشدا: شەوکوێری Nyctalopia، وشکبوونی چاو کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر چینی کۆرنیای چاو، سووتانەوەی پێست، زیادبوونی ئەگەری هەوکردنەکا،ن بەتایبەتی هەوکردنەکانی کۆئەندامی هەناسە.





# هۆکاری سەرئێشە لە هەمان کاتی ڕۆژدا

لە لێکۆڵینەوەکی نوێی زانکۆی تیکساس/ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە: گەلێك کەس دتووشی نۆرەی سەرئێشەی هێشوویی Cluster headache یان نۆرەی شەقەسەر Mi-graine دەبن، لە هەمان کاتی ڕۆژدا لەوکاتەی کە سەرئێشەی هێشوویی لایەکی سەر دەگرێتەوە، کەچی شەقەسەر هەردوولای سەر دەگرێتەوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە زیاتر لە ٥٠٪ی تووشبووان بە شەقەسەر تووشی نۆرەی سەرئێشە لە هەمان کاتی ڕۆژدا دەبنەوە، هەروەها بابەتەکە پەیوەندیی بە ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەشەوە Circadian rhythm هەیە کە لەگەڵ ڕووناکی و تاریکیدا کاردانەوەی دەبێت، هاوکات لەگەڵ هۆرمۆنەکانی میلاتۆنین Mela-tonin (هۆرمۆنی خەو) و کۆرتیزۆل. دیسان لە لێکۆڵینەوەکەدا باسی ئەوەش کراوە کە بەشێکی مێشك بە ناوی هایپۆتالامەس Hypothala-mus ڕۆڵی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش و ڕێکخستنی گەلێك لە فرمانەکانی لەش، لە سووڕی نوستن و پلەی گەرمیی لەشەوە بگرە تا دەگاتە ئاستی هەستکردن بە برسییبوون، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە ورووژاندنی سەرەتای دەستپێکی شەقەسەر و سەرئێشەی هێشووییدا.

# خزمەتگوزارێکی بچووک لە خانووە زیرەکەکاندا

خانووی زیرەك بە واتایەکی دیکەماڵی ژیر، دروستکردنی ئەو بینایانەن کە لەسەرەتای دروستبوونیدا ئەرکەکانیان بە ژیری دەستکرد دەسپێرن و ئەو ئەرکەش بەهۆی ڕیمۆت کۆنترۆڵێکی ژیری دەستکردەوە جێبەجێ دەکرێت کە گەورەترین خزتگوزاری ئەنجام دەدات.
ئامێری WooHoo بەقەد تەبلێتێکی ٧ ئینجی دەبێت، لە ڕاستیدا تەبلتێێکی ژیرە. کۆنترۆڵی گەرمی و ساردی و ڕووناکی و ئامێرە کارەباییەکان ماڵەوە دەکات. بۆ نموونە لە کاتی گەرمبووندا سپلێت دادەگیرسێنێ، ئەگەر کاتێك هەستی پێکرد ژوورەکە فێنك بۆوە، دەیکوژێنێتەوە. پەردەکان لە کاتی تاریکیدا هەڵدەداتەوە. گلۆپی ژوورەکان لە شەودا پێدەکات. دەرگای دەرەوە لەکاتی جەرەس لێداندا دەکاتەوە. بیر بەکارهێنەرەکەی دەخاتەوە کە ئەمڕۆ چ بەرنامەیەکی هەیە، لەکاتی خۆیدا ئاگاداری دەکاتەوە حەب و دەرمانەکانی بخوات. یەکە یەکە ئەندامانی ماڵەوە دەناسێ، مۆسیقی دڵخوازی خۆیان بۆ لێدەدات.



# لە داهاتوودا شوێنی هـ



ئەو ئامێرەی دەبینن ناوی leap ssdیە، ئامێرێکە لە داهاتوودا شوێنی هەموو ئەو ئامێرانە دەگرێتەوە بۆ هەڵگرتن و داکردنی داتاکانن. بیرگەی داکردنی داتاکانی ٤ ترابایتە. خێراترین ئامێری گواستنەوە و بەڕێکردنی داتاکانە. بەبێ هیچ وایەرێك و بەبێ پەیوەندی ئینتەرنێتی داتاکان بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە و هەروەها لەوانە وەریاندەگرێت. ئامێرێکە سوود لە سیستەمی wifi 6 وەردەگرێت، خێرایی گواستنەوەی داتاکانی لە یەك چرکەدا ٩٠٠ میگابایتە، لە یەك خولەکدا زیاتر لە

# ڕۆبۆتێک بۆ پـ

زۆر جار ئەو پرسیارە کراوە، جیهانی داهاتوو هی ڕۆبۆتەکانە؟ بەدڵنیاییەوە جیهانی داهاتوو هی ڕۆبۆتەکان نییە، بەڵام ڕۆڵی گەورە دەبینن و کارئاسانی زۆر بۆ مرۆڤەکان دەکەن و هێندەی دیکە دەیانحەسێننەوە.
ڕۆبۆتی Ascento تایبەتە بە چاودێری و پاسەوانی، زۆر لە مرۆڤەکان باشتر ئەرکی پاسەوانی جێبەجێ دەکات. نە خەوی لێدەکەوێ و نە چرکەیەك خافڵ و بێ ئاگا دەبێ. ڕۆبۆتی ناوبراو بە دوو چاوی تیژی دەتوانی هەموو شتێك لە تاریکی شەویشدا ببینێ، ڕۆبۆتەکە شوێنی خۆی دەزانێت کەسانی دەوروبەری خۆی دەناسێتەوە، ئەگەر بێگانە و غەوارەیەك بێ دەستبەجێ شوێنی مەبەست ئاگادار دەکاتەوە، دەرگا کراوەکان پێوە دەدا و ئەگەر پێویست بێ دایاندەخا، پەنجەرەکان پێوە دەداتەوە. گلۆپە ناپێویستەکان دەکوژێنێتەوە، ئاگرکەوتنەوە و لافاو هاتن دەستنیشان دەکا و جەرەسی مەترسی لێدەدا، لە کاتی پێویستدا ڕادەکات، هەر چواری دەوری شوێنی دەپشکنێ و لە شوێنێك جێگیر نییە. لەکاتی پێویستدا خۆی





# ئایرفۆنێک تایبەت بە شۆفێران

ئایرفـۆن ئـەو ئامێرەیـە کـە لەگـەڵ مۆبایـل یـا ئامێرێکـی دیکـە لـە ڕێـگای بلوتوسـەوە پەیوەنـد دەدرێ و دەنـگ دەگوازێتـەوە بـۆ بەکارهێنەرەکـەی. ڕەنگـە لاتـان سـەیر بـێ جۆرێـك لـە ئایرفـۆن هەیـە تەنیـا تایبەتـە بـۆ شـۆفێران. ئایرفۆنی جۆری earphone buiej-dog پێویستی بـە شـەحنکردنەوە نییـە، بەڵکـو بەهـۆی تیشـکی خـۆرەوە شـەحن دەبێتـەوە، وزەی خـۆی لـە خـۆر وەردەگـرێ. بەشی شـەحنکردنەوەی ئایرفۆنەکە بە لاستیکێکی موگناتیسـی لـە جامـی پێشـەوەی ئۆتۆمبیـل دەدرێت و سۆلارێکی وەرگری وزەی خۆر وزە بۆ بارگاوی کردنی ئایرفۆنەکە دابین دەکات. ئـەو کەسانەی لەسەر بالکۆنـەی ماڵەوەیان دادەنیشین لـە بـەرە پەنجـەرەی ماڵـەوە، دەتوانـن سـوود لـەو ئایرفۆنـە وەربگـرن، بەشـی شـەحنکردنەوەی بـە جامـی پەنجـەرەوە دەکـەن و شـەحن بـۆ بـارگاوی ئایرفۆنەکـە دابیـن دەبێـت.



## ...ارد و فلاش دەگرێتەوە

٥٠ فیلمـی گـەورە لەخۆیـدا خـەزن دەکات. جگـە لـەوەی سیسـتەمی وایـەری Thunderbolt 3 هەیـە بـۆ گواسـتنەوەی داتـاکان لەسـەر کۆمپیوتـەر کـە لەیـەك چرکـەدا ٢ گیگابایتـە. ئامێـری leap SSD لەیـەك تایبـەت نییـە بـە تاکەکـەس و دەکرێت لەیـەك کاتـدا ١٠ کـەس تێیـدا بەشداربن و هـەرکام فایلەکانـی خۆیـان بگوازنـەوە یـا وەربگـرن. گـەر سـوودی لێوەربگیرێـت تـا دە کاتژمێـر شـەحنی دانابەزێـت و بەیـەك کاتژمێریـش شـەحن دەبێتـەوە. داهاتـووی داکـردن و هەڵگرتنـی داتـاکان بـۆ ئـەو ئامێرەیـە.



## ...اسەوانی

شـەحن دەکاتـەوە لـە کاتژمێرێکـدا زیاتـر لـە (٣) مایـل دەڕوات.

کێشی ڕۆبۆتەکە ٣٠ کیلۆیە، باڵای ٩٠ سـانتیمە. مـاوەی کارکردنـی چوارکاتژمێـر و نیـوە و دوای ئـەوە خـۆی خـۆکار دەچێتـە شـوێن شـەحنکردنەوە خـۆی شـەحن دەکاتـەوە. کامێـرای ئاسـایی و کامێـرای گەرمـی و کامێـرای تیشـکی سـەرووی سـووری هەیـە.



# تەبلێتێک بۆ هەلومەرجی دژوار

تەبلێت ئەگەر بە مانایەکی دیکە لێکبدەینەوە، هەمان مۆبایلە بەڵام لە سایزی گەورەتردا، لە هەرێمی ئێمەدا تەبلێت زیاتر منداڵان بەکاری دێنن، ئەگەرچی دەکرێت تەبلێت لە بوارەکانی پزیشکی، پیشەسازی، دیزاین و نەخشەسازی بینا و زۆر بواری دیکەش سوودی لێوەربگیردرێت. تەبلێتی جۆری Oukitel RT6 تەبلێتێکی زۆر پتەو و بەهێزە، بۆ هەموو هەلومەرجێك دەگونجێت، نە بە تەڕبوون هیچی لێدێت نە بە کەوتنە خوارەوە. باترییەکی بەهێزی لەسەرە کە هەتا هەفتەیەك پێویستی بە شەحن کردنەوە ناکات. باترییەکی ٢٠٠٠٠ میلی ئامپێری. سیستەمی ئەندرۆید ١٣ی لەسەرە.

شاشەکەی ١٠ ئینجە. ڕامەکەی ٨ و زیاتریش دەکرێت. دەکرێت وەك پاوەربانکیش بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرەکانی دیکە سوودی لێوەربگیردرێت. داتاگەی ٢٥٦ گیگایە. دوو سیمکارتی دەچێتە سەر. کامێراکەی ١٦ میگاپیسکلە. تایبەتمەندی مۆبایلێکی باشی هەیە بەڵام لەبەرگی تەبلێتدا.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت فایلێکی wordم لە ئینتەرنێت دابەزاندووە، بەڵام مەودای نێوان وشەکانی زۆرە واتە (سەپیس)ی زۆرە. چ بکەم هەموو space ە بە ئاسانی لابچن؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر جاران کە فایلێك لە ئینتەرنێت وەردەگرین بوونی مەودای زۆری نێوان وشەکان یەکێك لە گرفتەکانە و ئەگەر بەدەستی لایان بەرین کاتێکی زۆر دەگرێت، بۆ ئەم مەبەستە تەنیا ئەوەندە بەسە دوگمەی ctrl+H دابگرە و پاشان لە بۆکسی سەرەوە ئەو هێمایە لەگەڵ وشەی w بنووسە (w^) هێماکە بە داگرتنی شیفت و ژمارە ٦ دەنووسرێت و لە خوارەوەش تەنیا یەك سپەیس لێبدە و پاشان replace All دابگرە و تەواو کێشەکە چارەسەر دەبێت.

## جانتاکانی پارەی دیجیتالی

کۆمپانیای Trezor پاراستنی ئەمنیەتی پارەی دیجیتالی بە ئەستۆیە، لە دەیەمین ساڵوەگەڕی (بیت کوین) چەند ئامێرێك واتە جانتای دیجیتالی خستۆتە ڕوو، یەکێك لەو ئامێرانە: Trezor Safe 3ە. ئەم ئامێرە جانتایەکی زۆر بەهێزە، لە بواری ئەمنییەتەوە لەسەرێیە و کەس ناتوانێ دزەی پێبەرێ، پاسۆردی زۆر بەهێز دروست دەکا کە لە سەر مۆبایل یا لاپتۆپیش خەزن نابن. ئامێرێکی زۆر باشە بۆ ڕێکخستنی دارایی دیجیتالی، وەك کڕین و فرۆشتن و خەزن کردنی پارەی دیجیتالی. هەر تایبەت نییە بە (بیت کوین) بەڵکو بۆ (ئەتریوم) و ٧٠٠٠ تۆکەنی دیکەش دەگونجێت.

(تۆکەن= یەکەی پارەی دیجیتالی).

ئامێر یا جانتای جۆری Trezor Keep Met-al ئەویش لەکاتی دزران یا بزربوونی جانتای دیجیتالی دەتوانێ جارێکی دیکە جانتاکە بگەڕێنێتەوە، پاسۆردەکان بگۆڕێت. زۆریش پتەوە لە ئاست ئاگر و تەڕبووندا کێشەی بۆ نایەتە پێش. پاسۆردی ٢٤ کاراکتەری دادەنێت کە بە هیچ هاککەرێکش هاك ناکرێت.







# ماوسێک لە لوتکەی خەیاڵدا

ماوسی کۆمپیوتەر (مشکۆکە)، هەرچەندە وەك ئامرازی سەرەکی کۆمپیوتەر نابینریێ، بەڵام لە ڕیزی بژاردەکانی ئامرازە لاوەکیەکان دێتە ژمار. بەبێ ماوس وەك ئەوە وایە بڕۆی بۆ ژوورێکی داخراو و کلیلی ژوورەکەت پێ نەبێت. ماوسەکان هەموویان یەك ئەرك ئەنجام دەدەن، ئەویش جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بەکارهێنەر بە کۆمپیوتەرە. ماوسەکان بە زۆری دوو دوگمەی سەرەکی وەك چەپ و ڕاست و دوگمەیەکی بازنەیشیان لە ناوەندایە. ماوسی جۆری doca mouse smart جیاوازە لە هەموو ماوسێك. ماوسەکە لەمسییە پێکهاتووە لە شاشەیەك بەڵام هاوشێوەی ماوس. شاشە لەمسییەکە هەموو دوگمەیەکی فەرمانەکانی تێدایە، بەکارهێنەر دەتوانێ بۆخۆی چی ویست بۆی دایبنێ. ماوسەکە ڕێگای چەند ڕۆژە بۆ بەکارهێنەر دەکاتەوە چەند خولەکێك. شاشەکە تەنیا ٥ ئینجە. کێشی ١١٣ گرامە، سووکتر لە ماوسێکی ئاساییی. نە تەنیا بەپێی فەرمانە لەمسییەکان کار ئاسانی دەکات، بەڵکو هەستیار بە زەختیشیە، چەندە پەنجە دابگری و زەخت بکەی فەرمانی زیاتریش ئەنجام دەدات.



## ماڵپەڕێک بۆ زیندوو کردنەوەی مردووەکان!

مانشێتەکەی سەرەوە هەندێك سەرنج راکێشە و ڕەنگە گومانێك بخاتە دڵانەوە، کەسێك مرد ئیدی تا ڕۆژی دوایی زیندوو نابێتەوە. بەڵام ماڵپەڕی studio.d-id.com تایبەتە بە دەنگ خستنە بەر وێنە.


کاتێك کەسێك مردووە بەڵام، تەنیا وێنەیەکی کۆنی هەیە دەتوانی بە هۆی چەند ماڵپەڕێکی زیرەکی دەستکردەوە کوالیتی وێنەکە بەرییە سەرێ، پاشان بەهۆی ماڵپەڕیstudio.d-id.com دەکرێت، وێنەکە بکەی بە وێنەیەکی زیندوو و قسە بکات. ئەو دەنگەی مەبەستە لەسەری دادەنێ یا ئەو تێکستەی مەبەستتە بیخوێنێتەوە بۆی دیاری دەکەی و پاشان فەرمانی پێدەکەی کە وێنەکە بەپێی دەنگەکە بخاتە جوڵە. بۆ فێربوونی زیاتر یوتیۆبی تایبەت بە ماڵپەڕەکە بکەنەوە.

## چەند ئامرازێکی زیرەکیی دەستکرد لە پرۆگرامێکدا

سەردەم سەردەمی ژیری دەستکردە، ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێك باس باسی ژیری دەستکردە، ژیری دەستکرد دەتوانێ یارمەتیدەر و هاوکارێکی باشی مرۆڤ بێت لە جێبەجێکردنی ئەرکی ڕۆژانەیدا.

پرۆگرامی Gilisoft AI Toolkit یەکێکە لەو پرۆگرامە گرنگەکانی تایبەت بە ژیری دەستکرد بەهۆی پرۆگرامەکە دەتوانی سوود لە نوێترین خزمەتگوزارییەکانی ژیری دەستکرد لە کاری ڕۆژانەدا وەربگری. وەك ناسینی و دەرهێنانی دەق لە وێنە دا (ocr)، گۆڕینی دەق بۆ دەنگ (TTS)، ناسینەوەی دەنگ (ASR). ئەو خزمەتگوزارییانە و زیاتر لەو خزمەتگوزارییانە لەو پرۆگرامەدا کۆکراونەتەوە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- توانای دەستپێڕاگەیشتن بە چات بۆکسەکانی ژیری دەستکرد بۆ نموونە (ChatGPT) و هاوشێوەکانی.
- باشترین فەرمانەکان بۆ پرسیار کردن لە چاتەکانی ژیری دەستکرد.
- گۆڕینی دەنگ بۆ دەق و هەروەها پێچەوانەش.
- سڕینەوەی واتەرمارك لەسەر وێنە و فایلە pdfەکان.



# چۆن لە پەڵە و پیسییەکانی ژێر ئوتووی پۆشاک خۆمان ڕزگار بکەین





بۆ ڕزگاربوون لە مادده چەسپاوەکانی بنی ئوتوو، دەتوانیت چەند هەنگاوێك پیرەو بکەیت
سەرەتا ئوتووەکە کەمێك گەرم بکە، پاشان خاولییەکی گەورە و خاوێن و تەڕکراو بهێنە بۆ سڕینەوەی، بە هێواشی بنی ئوتووەکەی پێ بماڵە بۆ لابردنی پیسییە کەڵەکەبووەکان، هەروەها دەتوانیت کەمێك هەویری سپیی ددان لەگەڵ خاولییەکە بەکار بهێنیت، بەڵام بیرت نەچێت، گونجاو نییە هیچ پاککەرەوەیەکی کیمیایی بەکار بهێنرێت، چونکە زیان بە پۆشەری بنی ئوتووەکە دەگەیەنێت.
ڕێگەیەکی دیکە بۆ لابردنی هەر پیسییەك کە بە بنی ئوتووی پۆشاکەوە لکابێت، بریتییە لە تێکەڵکردنی سۆدەی نان لەگەڵ ئاو، بۆ ئەوەی هەویرێك دروست بکات، پاشان بە بەکارهێنانی فڵچەیەکی نەرم یان خاولی، بنی ئوتووەکە بە هەویرە بەدەستهاتووەکە بشۆ، بەڵام بەر لە بەکارهێنان، پێویستە بنی ئوتووەکە بەباشی وشك بووبێتەوە.
ڕێگەیەکی دیکەی زۆر باش بۆ تواندنەوەی ئەو پیسییەی کە بە ئوتووەوە لکاوە، بریتییە لە بەکارهێنانی لابەری بۆیەی نینۆك (ئەسیتۆن)، لەم چوارچێوەیەدا ئوتووەکە دابگیرسێنە و با گەرم ببێت، پاشان پارچەیەك لۆکە بە لابەری بۆیەی نینۆك تەڕ بکە و بەکاری بهێنە بۆ سڕینەوە.
هەروەها بەکارهێنانی ڕۆژنامەش ڕێگەیەکی کاریگەرە، ئوتووەکە لەسەر بەرزترین پلەی گەرمی دابنێ، دوای لەدەستکردنی جووتێك دەستکێشی فڕن بۆ پاراستنی دەستەکان لە سووتان، پاشان بە بەکارهێنانی ڕۆژنامە بنی ئوتووەکە بشۆ، ئەمەش ئەنجامێکی گەرەنتی کراوی دەبێت



# باشترین ڕەنگەکانی بۆیەی نینۆک بۆ پاییزی ٢٠٢٣

ڕەنگی تۆخ: ڕەنگی تۆخی بۆیەی نینۆك هەمیشە هەڵبژاردەیەکی کلاسیکییە بۆ وەرزی پاییز، ئەمساڵ ڕەنگەکانی وەك سووری تۆخ، سەوزی تۆخ تایبەت و پڕجەماوەرن.
پلەبەندیی ڕەنگە گەوهەرییەکان: تۆنی گەوهەرە قووڵەکانی وەکو بۆرگۆندی، سەوزی زمروود، شینی یاقوت و وەنەوشەیی، هەڵبژاردەی کلاسیکن بۆ پاییزی ئەمساڵ، ئەم ڕەنگانە زیاتر سەرنجڕاکێشی بە نینۆکەکان دەبەخشن.
ڕەنگی کانزایی: بۆیەی نینۆك لە ڕەنگی کانزایی، بەتایبەتی لە ڕەنگە سێبەرەکانی وەك مس و برۆنزی و زێڕ، تایبەتمەندییەکی زیاتر بە خانمان دەبەخشێت لەم وەرزەدا، کە بۆ ئاهەنگ و بۆنە تایبەتەکان گونجاون.
ڕەنگی بێلایەن و گەرم: ڕەنگە بێلایەنە گەرمەکانی وەك کارامێل و خۆڵەمێشیی تێر و قاوەیی شوکولاتە، زۆر گونجاون بۆ درووستکردنی دیمەنێکی ئارام لە پاییزدا، کە تەواوکاری مۆدەکانی پاییزن و بە باشی لەگەڵ ڕەنگە خاکییەکاندا یەك دەگرنەوە.
ڕەنگی مات: بۆیەی نینۆکی لە ڕەنگی مات، لە پاییزدا هەمیشە لە بەدەستهێنانی ناوبانگ بەردەوامە، دیمەنێکی مەخمەلی و مات دەبەخشێت، کە دەتوانێت نینۆکەکانت بە شێوەیەکی جوان و سادە نیشان بدات.





# چۆنێتی پاککردنەوەی پێستی چەور بە هەڵم لە ماڵەوە و بە شێوەیەکی سەلامەت

پێستی چەور هەمیشە جۆرە ئامادەییەکی تێدایە بۆ سەرهەڵدانی زیپکە، ئەویش لە ئەنجامی زیادبوونی چەوری، کە دەبێتە هۆی گیرانی کونیلەکانی دەموچاو، بۆیە پێستی چەور زیاتر لە جۆرەکانی دیکەی پێست پێویستی بە چاودێری دەبێت، هەروەها پاککردنەوەی درووست بۆ پاراستنی تەندرووستی و درەوشاوەیی پێست، یەکێك لە گرنگترین ڕێگەکانی پاککردنەوەی بریتییە لە هەڵم، بەو پێیەی سوودی جوانکاریی کاریگەری هەیە و هیچ تێچوویەکیشی نییە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لە سوودەکانی هەڵمی دەموچاو دەکەین، دیارترینیان ئەمانەن:

- هەڵمکردن پێست شێدار دەکات بە دەردانی چەوریی ژێر پێست.
- یارمەتی دەرکردنی چەوریی پێست دەدات، ئەمەش ڕێگری دەکات لە زۆربوونی بەکتریا، بەمەش دەرکەوتنی زیپکە و خاڵی ڕەش کەم دەکاتەوە، کە پێستی چەور بەدەستییەوە دەناڵێنێت.
- هەڵم پێست شێدار دەکات و شێوە لاستیکییەکەی زیاد دەکات، ئەمەش ڕێگە بە پێست دەدات تا باشتر بەرهەمە پارێزەرەکانی پێست هەڵبمژێت.
- یارمەتی بەرهەمهێنانی کۆلاجین و ئیلاستین دەدات، کە کونیلەکان دەکاتەوە و یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی پیسی.
- یارمەتی ڕۆیشتنی خوێن دەدات و ئۆکسجین دەگەیەنێتە پێست، لە ئەنجامدا درەوشانەوەی تەندرووست و سرووشتی بۆ پێستی چەور دەستەبەر دەکات.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**







## بەرووخسار پیرو ڕەفتار منداڵ

ڕەفتارە سەیرەکانی ئەو ئافرەتە ژاپۆنییەیە کە هەردەم جلی منداڵان لەبەر
دەکات بووەتە جێی سەرنجی هەمووان، ئەو ئافرەتە ناوی (سینامی مۆری)یە
و تەمەن (٩٣) ساڵە، لەبری لەبەرکردنی جلێك کە لەگەڵ شێوەی ئافرەتێکی
پیردا بگونجێت، هەردەم جلەکانی وێنەی فلیم کارتۆنی لەسەرە و تیشێرتی
ڕەنگاوڕەنگ لەبەر دەکات، وەك خۆی دەڵێت: «لە سەردەمی منداڵیی ئێمەدا
ئەو جلە جوانانە نەبوون، تەنانەت ئەو کارتۆنە خۆشانەش نەبوون و بێبەش
بووین لێیان، منیش لە دایکبووی ساڵی١٩٢٢، بەڵام دڵ و
هەستم وەك کچێکی ١٠ ساڵان وایە، خۆشەویستترین
کەسایەتیی کارتۆنییش لای من (میکی
ماوس)ە، هەردەم وێنەیەکی میکی
ماوس لەسەر جلەکانم و لە
نێو دڵمدایە.

## ڕێگەی گواستنەوەی هەڕەمەکان



تائێستاش ئەو نهێنییە ئاشکرا نەبووە کە لە سەردەمی کۆندا چۆن توانیویانە ئەو هەرەمە گەورانە
بگوازنەوە و لەسەر یەکتریا دابنێن، چونکە کێشی هەر یەکێکیان نیو تەن تا چەند تەنێك دەبێت،
دواجار تیمێکی لێکۆڵینەوە و شوێنەوارناسی فەرەنسی و ئینگلیزی، بە سەرپەرشتی دکتۆر
(یانیس گۆردۆن و ورلان ئینمارش) لێکۆڵینەوەیان لەسەر چۆنیەتیی گواستنەوە و سەرخستنی
ئەو هەرەمانە کردووە، بۆچوونی ئەو تیمە بۆ گواستنەوەی هەرەمەکان بریتییە لە:
سەرەتا بەرزاییان لە خۆڵ دروست کردووە، کە دوو قاڵدرمەش لە تەنیشتەکانی
جێگیر کراوە، لە هەر چەند مەترێکی قاڵدرمەکە کوون کراوە، لەو کوونانەوە گیرە
دانراوە تا لە کاتی پاڵدانی هەر هەرەمێك و هەروەها ڕاکێشانی لە سەرەوە،
گیرەیەکەیان داوەتە بەر، تا جێگیر ببێت، ئەمەش قۆناغ بە قۆناغ
بووە، تا هەرەمەکە شوێنی خۆی گرتووە. دەربارەی گواستنەوەی
هەرەمەکان ئەو تیمە پێیان وایە: ڕۆڵەی بەردینیان دروست
کردووە و بەسەر ئەو ڕۆڵانەوە هەرەمەکانیان
گواستووەتەوە.

### لیا کچە بلووگەری کورد لە وڵاتی سوید:

# کوردستان وڵاتی خۆمانە و ئەگەرچی دوورم بەڵام بە نەفەسی کوردستان دەژیم

**لیای کچە هەولێری دوای ئەوەی لەگەڵ (ئەندریاس)ی خەڵکی سوید، هاوسەرگیری دەکات، ئێستا لەوڵاتی سوید دەژی، ڕۆژانەی ئەو کچە کورد و کوڕە سویدییە، بە کورتەڤیدیۆ و ڤلۆگەری زەردەخەنە و ڕەخنەی کۆمێدی، توانیویانە جەماوەرێکی زۆر لە سۆشیاڵ میدیا بۆ خۆیان کۆ بکەنەوە، لە زۆربەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیادا ئەکاونت و لینکیان هەیە، لە چەند پرسێکی گوڵاندا بەم چەشنە وەڵامیان دایەوە:**

*** سەرەتای بیرۆکەتان بۆ دروستکردنی کورتە ڤیدیۆ و بلوگەری چۆن بوو؟**

- کارەکە بە ڕێکەوت بوو، ئەگەر سەیری ڤیدیۆ و بلووگەکانی سەرەتامان بکەن، دەبینن زۆربەی پلاتفۆرمەکان بە تەنیا بووم و ناوی خۆمەوە بوو، چونکە حەزێکی زۆرم بۆ سۆشیاڵ میدیا هەبوو و هەیە، بۆیە کە ئەندریاس بوو بو هاوسەرم، پێم خۆشبوو قسە خۆش و کۆمێدی و ڕەخنەکانمان بڵاو بکەینەوە و ئەویش بەشدار بێت، نەمزانی دەبێتە پرۆژەی ژیانمان، ئەو کارەی ئێمە دەیکەین زۆر بە جۆشە.

*** چۆن ئەندریاست ناسی و چۆن بڕیاری پێکەوە ژیانتان دا؟**

- ئەو هاوسەرگیرییەمان بە ڕێکەوت بوو، دوای ناسین و نزیکبوونەوەمان لە یەکتر، کە زانیم لێم تێدەگات و دەتوانێت لە بیرۆکەکانم تێبگات، کە ئەوەش قسەمەتە کچێکی کورد و کوڕێکی سوید هاوسەرگیری بکەن، جگە لەوانەش دوو کەسی دیکە دایك و باوکم پاڵپشتم بوون، بۆیە منیش کەسێکم دەویست کە ببێتە هاوسەرم کە لە داهاتووشدا ئەگەر دایکم و باوکم پێویستیان پێم بێت، هاوسەرەکەم ڕێگریم لێ نەکات و پشتگیریم بکات.

*** هێشتا کوردی زۆر باش قسە دەکەیت و شێوەزاری هەولێریت پێوە دیارە، چۆن وا فێر بووی؟**

- من کوردستانیم و خەڵکی کوردستانم، زمانم کوردییە شانازی بە کوردبوونی خۆم دەکەم، دایك و باوکم کوردپەروەرن، فێربوونی زمانی کوردی لە وڵاتانی غەریبی و ئەوروپادا زۆر گرنگ بوو بە لای منەوە، زۆریشم پێ خۆشە کە خەڵك پێم دەڵێن لە سوید لە دایکبووی و ئەو کوردییە باشە دەزانیت، هەست بە شانازی دەکەم، کوردییەکەم باشە و دەمەوێ باشتریش بێت.

*** ئەو بەزمانەیەی لەگەڵ ئەندریاس دەیکەن، پێت وایە ئافرەتانی کوردیش لەگەڵ هاوسەرانیان وابن؟**

- هەر کەسێك شێوازی خۆی هەیە لە ژیاندا، کە چۆن دەژی، ژن و پیاوی کوردیش هاوسەری زیرەکن و دەزانن چۆن بژین.

*** بۆ خۆشی ئەو کورتە ڤیدیۆیانەی دەکەن، یان بۆ دەستکەوتی ماددی؟**

- ئەو کارەی ئێمە، ئەوە ئارەزوویەکە بەب ێ قازانجی ماندی و تەنیا کارێکە بۆ خۆشیی خەڵك، خۆشمان دڵمان پێی خۆشە.

*** خۆت و ئەندریاس چیتان تەواو کردووە و بڕوانامەتان لە چیدا هەیە؟**

خۆم کاری ڕۆژنامەوانی دەکەم و میدیاکارم، ئەندریاسیش لە بواری پەیوەندییە نێوڵەتییەکاندا دەخوێنێت.

*** هاوسەرگیریی کچان و کوڕانی کورد لەگەڵ کەسانی دیکەی وڵاتان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- بە ڕای من هەموو شتێك قسمەتە، هەروەها ڕێککەوتنی دوو کەس لەسەر متمانە و خۆشەویستی و گرنگیدان گرنگە، نەوەك جیاوازیی نەتەوە و زمان و ڕەنگ، گرنگ ئەوەیە لەگەڵ یەکتر بگونجێن.

*** ئایا شێوەی ئەندریاس و قسە خۆشەکانی تۆ، دوو کارەکتەر، یان ئەکتەری دروست دەکەن؟**

- ئێمە لەسەرەتای ئەو پرۆژە سۆشیاڵ میدیایەداین، هیوادارم شتی باشتر و جوانتر پێشکەش بکەین، کە خەڵك بە دڵی بێت.

*** نیازتان نییە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان؟**

- بێگومان حەز دەکەین بگەڕێینەوە بۆ کوردستان، زۆر جار سەردانی کوردستانم کردووە و ئەندریاسیش سێ جار هاتووە، کوردستان وڵاتی خۆمانە و ئەگەر چی لە کوردستان دوورم، بەڵام بە نەفەسی کوردستان دەژیم.

*** پرۆژەی داهاتووتان چییە و خاوەن چەند فۆلۆوەر و جەماوەرن؟**

- ئێمە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار فۆلۆوەرز و بینەرمان لە زۆربەی ئەپ و پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا هەیە، جارێ بەم کارەوە خەریك دەبین و لە داهاتووشدا پرۆژەی دیکەمان دەبێت، بەڵام لە ئێستادا تەنیا خەریکی کاری نواندن و بلووگەریی خۆمانین، کە توانیومانە بزە بخەینە سەر لێوی خەڵك.



# کوڕ و کچە منداڵی دەستکرد



ئـەو ئافرەتـە نـاوی (ڤیکتۆریـا ئەندرۆز)ـە، بەهـۆی کێشـەی (PCOS ) لـە جەسـتەیدا، منداڵـی نابێـت، حـەزی ئەویـش بـۆ منـداڵ وای کـردووە لـە منداڵییـەوە بووکۆڵـە و منداڵـی پلاسـتیك و دەسـتکرد کـۆ بکاتـەوە، تـا ئێسـتا بایـی (٧٥) هـەزار دۆلار منـداڵ و بووکۆڵـەی کڕیوە، زیاتر لە (٤٠) کوڕ و کچی دەستکردی هەیـە، ماڵەکەشـی پـڕە لـە منداڵـی دەسـتکرد. جگـە لـەوەی لـە تەمەنـی (١٦) سـاڵییەوە بووکەشووشـە و منداڵـی بچـووك کۆدەکاتـەوە، تـا ئێسـتا زیاتـر لـە (٤٠٠) بووکۆڵـە و منداڵـی دەسـتکردی هەیـە، نرخـی هـەر یەکێکیـان دەگاتـە (١٥٠٠) دۆلار، ئـەوەی سـەیرە ئـەو ئافرەتـە جگـە لـە کاری خـۆی، ڕۆژانـە خەریکـی ئـەو منداڵانەیـە و خزمەتیـان دەکات.

## یاسا



### وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی

کاتێـك بـاوك بمرێـت، کـێ شایسـتەیی وەرگرتنـی مووچەیـی خانەنشـینییەکەیەتی (تقاعدی )؟ بەپێی یاسایی خانەشینی یەکگرتـووی عێراق، بۆ ژنەکەیەتی کە لە ژیاندا بێت و بۆ منداڵە ناکامەکانیەتی کـە ١٨ سـاڵی تـەواو نەکردبـێ (قاصـر)، بـۆ کـچ هەرچەنـدە ١٨ ساڵیشـی تـەواو کردبـێ دەتوانێـت سـوودمەند بێـت، بـە مەرجێـك شـووی نـە کردبێـت، هەروەهـا بـۆ هـەر منداڵێکی کەسـی کۆچکـردوو کـە لـە پرۆسـەی خوێندنـدا بێـت، ئەگـەر دایکیـش مردبـوو لـە نـاو منداڵەکانـدا، گـەر یەکێـك لـە کچـەکان جیـا بـووەوە، ئـەو مافـی وەرگرتنـی هەیـە، ئـەو منداڵـەش کـە پەککەوتـە و کـەم ئەندامـە، بەپێـی ڕاپۆرتـی پزیشـکی دەبـێ بسـەلمێندرێت کـە توانـای کار کردنـی نییـە و شایسـتەیی وەرگرتنـی مووچـەی خانەنشـینیی باوکیەتـی.



## کاریکاتێر

باس لە فەرامۆشکردن و فڕێدانی خۆشەویستی و دڵە سوورەکان دەکات، لەو کاتەی کە سواڵکەرێك بە دوای شتی بەسووددا دەگەڕێت لە نێو زبڵدانەکاندا، کەچی دڵی سوور و خۆشەویستی دەدۆزیتەوە.



## دیمەنە سەیرەکان

ئەم وێنەیە لە کەناری دەریایەکی ئیتاڵیا گیراوە، پێڵاوی ئەو گەنجانەن کەوا سواری بەلەمی مردن بوون، لە کەنارەکانی یۆنان لە هەوڵدابوون بۆ هەڵهاتن و کۆچککردن بەرەو ژیانێکی باشتر، بەڵام نەگەیشتن و دەریا بووە گۆڕستانیان، تەنانەت پێڵاوەکانیشیان بووەتە پەنابەر.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئـەم ماوەیـە کەمێـك هەسـت بـە نائارامـی و نائاسوودەیی دەکەیت، باشترە هیچ بڕیارێك نەدەیت، لەلایەنـی سـۆزدارییەوە پەیوەندیـی نـوێ درووسـت مەکـە، چونکـە کاتێکـی بـاش نییـە، لەلایەنـی پیشـەییەوە کارەکانـی ڕۆژانـەت دوا مەخـە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

تەندروستییەکی زۆر باشت هەیـە، ئەمـەش هـۆکارە بۆئـەوەی بتوانیت کۆنترۆڵی شتەکان بکەیت، باشترە خـۆت لـەو کەسـانە دوور بخەیتـەوە کـە نایـان ناسـیت و لـە هەمـوو کەسـێك نزیکیـش مەبـەرەوە، لەلایەنـی دەروونییـەوە هەسـت بـە ماندوێتـی دەکەیـت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

فشـار لـە خـۆت مەکـە بۆ ئەوەی بە دڵی کەسانی چواردەورت بیت، لـە کاتێکـدا خـۆت ناتەوێـت بـەو شـێوەیە بیـت، پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـت بەهێـز بکـە و لـە تەنیایـی دوور بکـەوەرەوە، تەندرووسـتیت جێگیـرە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هـەوڵ بـدە لـە هاوپیشـەکانت تێبگەیـت و لەسـەر شـتە بچووکـەکان کێشـە درووسـت مەکـە، پەیوەندییەکـی بەهێـز درووسـت بکـە، کەسـانی چواردەورت حـەز بـە هاوڕێیەتیت دەکـەن، تـۆش مامەڵەیەکـی گونجـاوت هەیـە لەگەڵیانـدا، ئەمـەش کارێکـی ئەرێنییـە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

باشترە پارێزگاری لـەو نهێنییانە بکەیت کە کەسـانی دیکـە لای تـۆ دەیدرکێنـن و بڵاویـان مەکـەرەوە، متمانەیـان لەدەسـت مـەدە، ئەمـڕۆ ئەرکێکـی زۆرت لەسـەر شـانە و سـەرقاڵ دەبیـت، بەهـۆی گوشـاری کاروبارەکانتـەوە، کاتـت بـۆ پشـوودان نابێـت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەباشـی بیـر لـەو چالاکییانـە بکـەرەوە کـە ئەنجامیـان دەدەیـت، وریابـە لـەوەی زیـان بـە کەسـانی دیکـە نەگەیەنیـت، دڵخۆشـبە بـەو شـتانەی بەدەسـتیان دەهێنیـت، بۆشـاییەك لـە نێـوان خـۆت و کەسـانی دیکـەدا بهێڵـەرەوە و پێویسـت نییـە بـە هەمـو نهێنییەکـت بزانـن.




## ونبوونی خۆر



بەگوێرەی بیردۆزەکەی نیوتن، کاتێك خۆر لەپڕێکدا ون ببێت، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەریی بەسەر زەوی و هەسارەکانی دیکە دەبێت، کە ئەمەش وا ئەکات لەکاتی جووڵەدا هەسارەکان لە خولگەکانیان لابدەن، بەڵام بەگوێرەی ڕوونکردنەوەکەی ئەنیشتاین، ئەمە هەڵە بووە، لە ڕاستیدا ئەگەر خۆر لەپڕێکا ون ببێت، ئەوا لەو ساتەدا خۆر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر زەوی نییە، بەڵکو ئێمە دوای ٨,٢٠خولەك درك بەکاریگەرییەکە ئەکەین و هەست بە نەبوونی کێشکردنی خۆر دەکەین بەسەرمانەوە، چونکە کێشکردن زانیارییە و ناتوانێت خێرایی ڕووناکی ببەزێنێت، ئەویش بە هەمان خێرایی ڕووناکی لە بۆشاییدا دەگوازرێتەوە.

لە درێژەی بیردۆزی ڕێژەی گشتیدا کە لە ساڵی ١٩١٥ بڵاوی کردەوە، ئەنیشتاین بۆ لێکدانەوەی وردتری کێشکردن، ڕەهەندێکیتری زیاد کرد لەسەر ئەو ڕەهەندانەی کە ئێمە پێی ئاشناین، ئێمە پێشتر زانیاریمان تەنیا لەسەر سێ ڕەهەند هەبوو (بەرزی،پانی،درێژی)، بەڵام ئەنیشتاین هەڵسا بە وەرگرتن و زیادکردنی ڕەهەندێکیتر ئەویش «کات» بوو بۆ نێو بیردۆزەکەی، هەر لەمەووە چەمکی «کات و شوێن space and time» سەری هەڵدا.




## هەڵبژاردنی خۆشەویستی - Choose Love



فیلمێکی کۆمێدی ڕۆمانسییە، باس لە ئافرەتێك دەکات کە دوای ئەوەی هەست دەکات لە ژیاندا بێ ئومێد بووە، هەروەها هەست بە بۆشاییەکی خۆشەویستی دەکات، دواتر بڕیار دەدات کەسێك لە ژیانیدا هەبێت، کە ئەوەش وەك سەرکێشی، یان کارێکی دروست و ئاسایی هەڵدەبژێرێت، فیلمەکە لە ساڵی ٢٠٢٣ و لە مانگی ١٠ بەرهەم هاتووە، لە ئێستادا لە سینەماکان نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی ستیوارت ماکدۆناڵدە و لە نووسینی توبی ئۆلیڤەر، لە وڵاتی بەریتانیا وێنەی گیراوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ١٧ خولەکە، لە نواندنی (ئاڤان جۆگیا، لاورا مارانۆ، جۆردی ویبەر، سکۆت میشیل، میگان سمارت، نێل فیشەر)ـە.




## پەند و وتە

ئۆلیڤەر ویندڵ هۆڵمز، فیزیاگەری ئەمریکی و شاعیر، لە ساڵی ١٨٠٩ لە ویلایەتی ماساسوتیش لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٩٤ لە بۆستن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هاوڕێ و کەسی نزیك دەڵێت: «ئەوانەی کە کەسێکی نزیك یان هاوڕێیەکی باشیان هەیە، زۆر بە بەختن، کە هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵیاندایە و تەنانەت هەستە خۆش و ناخۆشەکانی نێوانیان بە خەندە و پێکەنین دەدرکێنن».

| | | |
|---|---|---|
| 15 | 7 | 16 |
| 8 | 3 | ?? |
| 7 | 3 | 8 |


## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند خانەیەك هەن و ژمارەیان تێدایە، یەکێك لە خانەکان ژمارەکەی ونە، هەوڵ بدە بە شیکاری بیرکاری سەرەتا (-) کەم و دواتر (×) جاران لە ماوەی یەك خولەکدا ژمارە ونەکە بدۆزیتەوە.



**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەلایەنی پیشەییەوە دەگەیت بە پلەیەکی بەرز، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانت بگەیت، ئێستا کاتی پشووەرگرتن نییە، کاتی ئەوەیە کار بکەیت، کلیلی بەردەوامبوونی پەیوەندی تۆ و خۆشەویستەکەت متمانەیە، لەدەستی مەدە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەندێك گۆڕانکاری ڕوو دەدات، نیگەرانی ڕۆژانی داهاتوو مەبە، چونکە شتەکان نەرێنی نین، گرنگیدان بە خێزانەکەت هۆکارە بۆئەوەی پاڵپشتییان بەدەست بهێنیت، هەوڵ بدە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بڕۆیت کە ماوەیەکە مێشکی سەرقاڵ کردوویت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت بەهۆی ئەو کەسانەی لە چواردەورتن، هەروەها لەگەڵ کەسە نزیکەکانت چێژ لە کاتەکانت وەردەگریت، خۆپەرست مەبە، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەو شتانە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەش بکە، کە سوود بە هەردوکتان دەگەیەنێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

کارکردن ئەم ماوەیە کەمێك سەختە و زوو ماندوو دەبیت، تەندروستییەکی باشت هەیە، هەربۆیە بەردەوام بە لەسەر هەوڵەکانت، باشترە پشت بە خۆت ببەستیت و ئەم ماوەیە چاوەڕێی یارمەتیی کەسانی دیکە نەکەیت.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ڕێگە مەدە کەسانی دیکە دەست وەربدەنە کارەکانتەوە، پاڵپشتی کەسانی چواردەورت بکە و وا بیر مەکەرەوە کە دەبێت ئەوان پاڵپشتیت بکەن، لە ئێوارەی ئەمڕۆوە هەندێك لە ئەرکەکانت پشتگوێ بخە و لەگەڵ خێزانەکەت پشوو وەربگرە.




**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**


کاتەکانی ڕۆژەکەت ڕێك بخە، لەوە تێبگە کە چیت دەوێت و بۆچی هەوڵ دەدەیت، زۆر بیر لە ڕابردوو مەکەرەوە، دەنا خۆت تووشی دڵەڕاوکێیەکی بێسوود دەکەیت، شاردنەوەی هەستەکانت تووشی پەشیمانیت دەکات، هەستەکانت مەشارەوە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




**ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا**
**بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و**
**(ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە**
**دواین هەواڵ و زانیارییەکان**




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media



# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
November 27, 2023 Issue,No.1391


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626